# راپۆرتی ساڵی یەکەمی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ

## (٢٠٢١-٢٠٢٥)

**نووسینگەی رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان**
**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**کانوونی دووەمی ٢٠٢٣**

## پێشەکی:

بۆ جێبەجێکردنی ئەو راسپاردانەی کە ئاڕاستەی حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکرێن لەوانەش راسپاردەکانی پانۆرامای خولی گشتگیر، ڕۆژی ٢٠٢١/٣/٢٣ ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق (پلانی نیشتمانی بۆ مافەکانی مرۆڤ ٢٠٢١ - ٢٠٢٥)ی پەسەند کرد کە لەلایەن (لیژنەی نیشتمانی نووسینەوەی راپۆرتی ئەو رێککەوتننامانەی عێراق ئەندامە تێیدا و وەڵامدانەوەی ئەو تێبینی و راسپاردانەی تایبەتن بە رێککەوتننامەکان) ئامادە کرابوو. لە پلانی نیشتمانی ئاماژە بە نووسینگەی رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێم کراوە کە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم دەکات لە لیژنەی ناوبراو بۆ مەبەستی میکانیزمی جێبەجێکردنی پلانەکە لە هەرێم.


تەریب لەگەڵ ئەم پرسە، پلانی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ لە ڕێککەوتی ٢٠٢١/٩/٨ لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم تاوتوێ کرا و بە بڕیاری جەنابی سەرۆک وەزیران لە ڕێککەوتی ٢٠٢١/٩/١٥ پەسەندکرا بۆ جێبەجێکردن. نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان ڕاسپێردرا بۆ چەسپاندنی ناوەڕۆکی پلانەکە بە هەماهەنگی لەگەڵ تەواوی دامودەزگاکانی حکومەت، و بە ڕاوێژی لەگەڵ ئەنجوومەنی دادوەری، دەسەڵاتی یاسادانان، دەستە سەربەخۆکان، نێردە بیانییەکان، ڕێکخراوەکان و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان. پلانەکە لە ٢٧ بەش پێکدێت و سەرجەم بوارەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ لەخۆدەگرێت.

نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە ڕێککەوتی ٢٠٢٢/٤/١٩ ڕاپۆرتی میکانیزمی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی ئاڕاستەی بەڕێز سکرتارییەتی ئەنجوومەنی وەزیران کرد، کە لە دوو بەش پێکهاتبوو: بەشی هەمووارکردنەوە و دەرکردنی یاساکان، و بەشی برەودان بە کاری دامەزراوەکان. لە ڕاپۆرتەکەدا، ئاماژە بە ڕاسپاردە جێبەجێکراوەکان کرابوو، هەروەها تیشکخرابووە سەر ڕاسپاردە جێبەجێنەکراوەکان و ڕێکارەکانی چارەسەرکردنیان خرابووەڕوو. دوای ڕاپۆرتی میکانیزم، نووسینگەی ڕێکخەر هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی ئامادەکرد و سکرتارییەتی ئەنجوومەنی وەزیران لە ڕێککەوتی ٢٠٢٢/٥/١٢ گشتاندنی بۆ کرد بۆ سەرجەم دامودەزگاکانی حکومەت. لە گشتاندنەکەدا، ئەرک و بەرپرسیارەتی هەر وەزارەت و دامودەزگایەکی حکومی و یاسایی و دادوەری لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی دیاریکرابوو.

له ماوەی ساڵێکدا، پاڵپشت بە بڕیاری کابینەی وەزاری بۆ جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی و ئاگادارکردنەوەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران لە بەرەوپێشچوونەکان، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان یەکەم ڕاپۆرتی ساڵانەی جێبەجێکردنی پلانەکە ئامادە دەکات، کە هەڵسەنگاندنێکی گشتگیرە بۆ پرۆسەی بەرجەستەکردنی ڕاسپاردەکانی پلانی هەرێمی لە ڕێککەوتی دەرچوونی بڕیاری کابینەی وەزارییەوە ٢٠٢١/٩/١٥ تا هەمان ڕێککەوتی ساڵی دواتر. هەڵسەنگاندنەکە لەژێر ڕۆشنایی گشتاندنەکەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و پابەندبوونی دامودەزگاکان بە پێدانی زانیاری لەسەر چالاکی ساڵانەیان لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی ئامادەکراوە.

## وەزارەتی داد:

**لە کۆی (٩) راسپاردە کە ئاڕاستەی وەزارەتی داد کراوە، (٤) راسپاردە جێبەجێکراوە و (٤) جێبەجێ نەکراوە و (١) راسپاردە لە پرۆسەی جێبەجێکردندایە.**




| | |
|---|---|
| 9 | کۆی ڕاسپاردەکان |
| 4 | جێبەجێکراو |
| 4 | جێبەجێنەکراو |
| 1 | لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە |

<u>تۆمارکردنی خانووبەرەی ناوچە جێناکۆکەکان</u>

سەبارەت بە تۆمارکردنی ئەو خانووبەرانەی لە ناوچە جێناکۆکەکان یان لەو ناوچانە بوون کە پێشتر لەژێر دەسەڵاتی داعشدا بوون، وەزارەتی داد لە رێگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە کار بۆ چارەسەرکردنی ئەو بابەتە دەکات بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی ئیتحادی.

<u>پاراستنی منداڵ</u>

یاسای پاراستنی مافی منداڵ هێشتا دەرنەچووە و کاری لەسەر دەکرێت بە هاوکاری رێکخراوی یونیسێف. لە رێکەوتی ٢٠٢٢/١٠/١٨ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی نووسراوێکی ئاڕاستەی وەزیری حکومەت بۆ کاروباری پەرلەمان کردووە بۆ هەڵوەشاندنەوەی یاسای ژمارە ( ٥ی ساڵی ٢٠٢٢)

یاسای هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان بۆ پاراستنی نەوجەوانان لە نووسراوەکەدا. ئاماژە بەوە کراوە کە لیژنەی پێداچوونەوەی ڕەشنووسی یاسای پاراستنی مافەکان منداڵ کار لەسەر دووبارە دارشتنەوەی یاساکە دەکات. ئەمەش هەنگاوێکی گرنگە بۆ پاراستنی مافەکانی منداڵان.

بەپێی یاسای باری کەسێتی ئەو باوکانەی کە لە خێزانەکانیان جیا بوونەتەوە مافی بینینی منداڵەکانیان هەیە، پێشتر کە لە مانگێکدا دوو جار باوك یان دایك دەیانتوانی منداڵەکانیان ببینن، ئێستا لە هەفتەیەك بۆیان هەیە (٢٤) کاتژمێر بیانبینن. جگە لەمە ئەگەر هەرلایەك ڕێگر بوو بەرانبەر ئەوی تر لە بینینی منداڵەکە و کەسێك خۆی بەستەم لێکراو زانی، دەتوانێت سکاڵا بکات بۆ گەڕاندنەوەی منداڵەکە بۆ لای خۆی. هەروەها پێشنیاری ئەو کراوە کە شوێنێکی شیاو بۆ ئەنجامدانی ئەو چاوپێکەوتنە دابین بکرێت بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار.

جیاکاری ڕەگەزپەرستی


سەبارەت بە ڕێگریکردن لە جیاکاری ڕەگەزپەرستی لە بەڕێوەبردن و راییکردنی سیستمی دادپەروەری تاوانکاریدا و حاڵەتەکانی هاوسەرگیری پێش تەمەنی یاسایی، هاوسەرگیری زۆرەملێ و هاوسەرگیری کاتی. داواکاری گشتی کەیس دژی ئەو بابەتانە دەجووڵێنێت کە هەڕەشەن بۆ سەر مافی گشتی، سەرۆکایەتی داواکاری گشتی لەو ماوەیەدا (١٩٦٠) سکاڵای لە سەرتاسەری هەرێم جوڵاندووە و بەدواداچوونی بۆ (٢٧٨٧) کێشە کردووە. هاوکات (٦٧) تانەی لە بڕیاری دادگاکان داوە بۆ بەرژەوەندی گشتی.

ئەشکەنجەدان و مامەڵەی نەشیاو

سەبارەت بە گرتنەبەری ڕێککاری یاسایی دەرهەق بە کارمەندانی پۆلیس و دەزگا ئەمنییەکان ئەگەرهاتوو سەلمێنرا کە دەستگیراو و راگیراوەکانیان ئەشکەنجە داوە و مامەڵەی خراپیان لەگەڵدا کراوە، (١٠) کەیسی ئەشکەنجەدان جوڵێنراون و بڕیاری قەرەبووکردنەوە بۆ (٤) کەس دەرچووە، و (٤) کەسیش بە تۆمەتی بەکارهێنانی توندوتیژی سزادراون لە ساڵی ٢٠٢١.

## داواکاری گشتی:

**لە کۆی (٤٧) ڕاسپاردە کە ئاڕاستەی داواکاری گشتی کراوە، (٢١) ڕاسپاردە جێبەجێکراوە و (١٤) جێبەجێ نەکراوە و (١٢) ڕاسپاردە لە پرۆسەی جێبەجێکردندایە.**




| | |
|---|---|
| کۆی ڕاسپاردەکان | 47 |
| جێبەجێکراو | 21 |
| جێبەجێنەکراو | 14 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 8 |

## ڕووبەڕووبوونەوەی بازرگانی کردن بە مرۆڤ

ئەو پەڕاوانەی لە ساڵی ٢٠٢١ تۆمار کراوە بریتی بوو لە (١٩٢) پەراو، (١٧) لەو پەراوانە داخراوە، (١٤٧) پەراویش ئیحالە کراوە و (٢٨) پەراویش لەژێر لێکۆڵینەوە بووە.


ئەو پەڕاوانەی لە ساڵی ٢٠٢٢ تۆمار کراوە بریتی بوو لە (٢١١) پەراو، (١٥) لەو پەراوانە داخراوە، (٦٣) پەراویش ئیحالە کراوە و (٧٣) پەراویش لەژێر لێکۆڵینەوەدایە.

فەرمانی دەرکردووە بۆ سەرجەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان کە نابێ لە کاتی رومال کردنی هەوال و زانیاری سەبارەت بەهەر ڕووداوێک و تاوانێک بەتایبەتی تاوانی کوشتن زانیاری بێ بنەما و ناراست بلاو بکەنەوە و لێکدانەوەی پێشوەختە و نادروست بۆ ڕووداوەکان بکەن و چاوپێکەوتن لەگەڵ کەس و کاری تاوانلێکراو کە ئەمەش پێچەوانەی دەقی مادەی ( ٢٣٦ ) برگە ( ١ ) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ( ١١١ ) ساڵی ( ١٩٦٩ ) هەموارکراو بەرکار لە هەرێم.

بە پێچەوانەوە هەر حاڵەتێک بچێتە خانەی پێشێل کردنی یاسا و ڕێساکان لە لایەن دەستەی مافی گشتی سەرۆکایەتی داواکاری گشتی ڕێکاری یاسایی لە بەرامبەر دەگرینە بەر.

<u>وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە:</u>

**لە کۆی (١٩) ڕاسپاردە کە ئاڕاستەی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە کراوە، (١٠) ڕاسپاردە جێبەجێکراوە و (٧) جێبەجێ نەکراوە و (٢) ڕاسپاردە لە پرۆسەی جێبەجێکردندایە.**




| | |
|---|---|
| کۆی ڕاسپاردەکان | 19 |
| جێبەجێکراو | 10 |
| جێبەجێنەکراو | 7 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 2 |

<u>پاراستنی کەسانی سڤیل لە کاتی ئاشتی و جەنگ</u>

ستراتیژی وەزارەتی پێشمەرگە لەم بوارەدا پاراستنی کەسانی سڤیلە لە کاتی ئاشتی و جەنگ دا، بۆ ئەم مەبەستەش مەشقی پێویستی دابین کردووە لەسەر پاراستنی کەسی سڤیل کە لە ساڵی ٢٠٢٢ بۆیتە مەنهەج لە سەرجەم بنکەکانی مەشقی وەزارەتی ناوبراو، بەڵام ئەم توێژەی کۆمەڵگا پێویستی بە مەشقی زیاتر هەیە بۆ ڕاهێنان لەسەر پاراستنی خەڵکی سڤیل بە مەبەستی پارێزگاری کردن لێیان و ڕێگە نەدان بە بریندار بوون و کەم ئەندام بوونی هاووڵاتیان کە بە هۆی ناکۆکی چەکداری ڕێژەیان زیاد بووە.

## خاوەن پێداویستی تایبەت

بە مەبەستی چاکسازی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت، لێژنەیەکی تایبەت پێکهێنراوە لە وەزارەتی ناوبراو کە (٩٥٧٨) خاوەن پێداویستی تایبەت بینراوە، بە پێی بڕیاری لیژنەی باڵای پزیشکی (٤٦٦٤) خاوەن پێداویستی تایبەت ڕێژەی پێویستیان هێناوە ، (٣٣٨٤) ڕێژەی پێویستیان نەهێناوە وەک خاوەن پێداویستی تایبەت، هەروەها (١٥٣٩) لە ئەرک دان و کێشەی خزمەتیان نییە. (٦٣) ئامادە نەبوون لە بەردەم لێژنەی ناوبراو، (٦٥١) لەسەر لیستی فەرماندەی یەکەی (٧٠) ناڕەزایینامەیان پێشکەشکردووە، (٦٩٧) لەسەر لیستی فەرماندەی یەکەی (٨٠) ناڕەزایینامەیان پێشکەشکردووە.

## یاسای قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی ئۆپەراسیۆنە جەنگییەکان و هەڵە سەربازییەکان

سەبارەت بە جێبەجێکردنی یاسای قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی ئۆپەراسیۆنە جەنگییەکان و هەڵە سەربازییەکان و کردەوە تیرۆریستییەکان ژمارە (٥٧)ساڵی ٢٠١٥ هەموار کراوە، وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە نوێنەری هەیە لە لێژنەی قەرەبوو کردنەوەی زیانمەندانی شەڕ و هەڵەی سەربازی لە ئەنجومەنی وەزیران، بەڵام لیژنەکە وەک پێویست کارا نییە و پێویستە کار بکرێت بۆ کارا کردنەوەی و هەڵگرتنی ئاستەنگەکان.

## ڕاهێنان لەسەر بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی و یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ

سەبارەت بە ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان بۆ سەرجەم دانیشتوان، و لێکۆڵینەوە لە ئەنجامدەرانی پێشێلکارییەکانی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی و یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ و سزادانیان، وەزارەتی پێشمەرگە (١٦) ڕاهێنەری نێودەوڵەتی هەیە کە وانە دەدەن بۆ سەرجەم هێزەکان سەربە وەزارەتی ناوبراو بە شێوەیەک کە هەموویان ١٢ کاتژمێر راهێنان دەبینن بەئامانج پەرەپێدانی زیاتر بە زانست و تواناکانی هێزەکان.

لە نێوان ٢٠١٧ - ٢٠٢٠، بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی (٤٠٠٠) ئەفسەر و کارمەندی پێشمەرگە لەهەر دوو ڕەگەز سودمەند بوونە لە بابەتەکانی مافی مرۆڤ و جێندەر و پاراستنی خەڵکی سڤیل، هەروەها زیاتر لە (٥٠٠٠)ناميلكەی ڕێساكانی هەڵسوکەوتی پێشمەرگە لەژێر ناوی (پێشمەرگە جەنگاوەرە، بکوژ نییە) بە هاوکاری لەگەڵ ئاژانسی (Geneva Call) چاپکراوە و بەسەر

هێزەکانی پێشمەرگە دابەشکراوە. بەدەر لەمانەش بەرێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و هۆشیاری لەڕێگەی بڵاوکراوە و کردنەوەی (٥) ۆورکشۆپ و سێمینار بەردەوامە لە پەرەپێدانی هۆشیاری لەم بوارە. ئێستا پلانێکی سێ ساڵی هەیە بە مەبەستی مەشقکردن و ئەنجامدانی ۆورکشۆپ بۆ بڵاوکردنەوەی زیاتری هۆشیاری لە نێو پێشمەرگەکان.

بەدیهێنانی ئاشتەوایی نیشتیمانی

سەبارەت بە زامنکردنی بەدیهێنانی ئاشتەوایی نیشتیمانی و دادپەروەری راگوزاری، وەزارەتی پێشمەرگە ستراتیژییەتێکی دارشتووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو پێشێلکارییانەی مافەکانی مرۆڤ کە سەرجەم لایەنەکانی ناکۆکییە چەکدارییەکان ئەنجامیان دەدەن، کە بریتییە لە کردنەوەی (٦) سەنتەری هەماهەنگی(٢)ی سەرەکی لە هەولێر و بەغدان و (٤) سەنتەری لاوەکی لە دیالە، کەرکوک، مەخمور و کەسک. سەبارەت بە لیوا هاوبەشەکان پێشمەرگەکان دەست نیشان کران و لە مەشقدان و گفتوگۆ بەردەوامە لەم بابەتە و چاوەڕێی حکومەتی فیدراڵی دەکرێت بۆ ئەنجامدانی رێکارە ئیدارییەکانیان.


هەر لەم رووەوە پێویستە کار لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ لە دەستوری ئیتیحادی بکرێت لەبەر ئەوەی هەنگاوێکی بەرهەمدارە بۆ پێکەوەژیان و ئاشتەوایی نیشتیمانی و سەقامگیری ئەمنی لە ناوچانەی ئەم ماددەیە دەیانگرێتەوە، هەروەها پێویستە چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان لەو ناوچانەی زۆرترین بارگرژییان تێدایە و نەتەوە و کەمینەی جیاوازیان تێدا دەژین.

ئاوارە ناوخۆییەکان

بە هاوکاری رێکخراوە نێودەوڵەتی تایبەتمەندەکان لە بواری چارەسەرکردنی کێشەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان پێویستە هەوڵەکان چڕ بکرێتەوە بۆ بەدیهێنانی سەقامگیری لەم ناوچانە و کۆتایی هێنان بە بۆشاییە ئەمنییەکان بە مەبەستی دروست کردنی کەشێکی گۆنجاو بۆ گەڕاندنەوەیان.

**وەزارەتی ناوخۆ:**

**لە کۆی (٧٧) ڕاسپاردە کە ئاڕاستەی وەزارەتی ناوخۆ کراوە، (٢٦) ڕاسپاردە جێبەجێکراوە و (٢٧) جێبەجێ نەکراوە و (٢٤) ڕاسپاردە لە پرۆسەی جێبەجێکردندایە.**




| | |
|---|---|
| 77 | کۆی ڕاسپاردەکان |
| 26 | جێبەجێکراو |
| 27 | جێبەجێنەکراو |
| 1 | لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە |

<u>چوونە نێو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان</u>

سەبارەت بە چوونە نێو ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نەهێشتنی تاوانی ڕێکخراو سنوربڕ، ئەندام بوون لە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان دەسەڵاتێکی فیدراڵییە، بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ڕێکخراوەکان لە وەزارەتی ناوخۆ ئەندامە لە لێژنەی ناوەندی حکومەتی ئیتیحادی، بەڵام تا ئێستا تەنها دوو جار کۆبوونەوەیان ئەنجامداوە و ڕاسپاردەکانی هەر دوو

کۆبوونەوەش راپۆرتی پێ بەرز کراوە و سەرجەم راسپاردەکان کاری لەسەرکراوە بۆ مەبەستی چەسپاندنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ و بەدواداچوون لە سەر کەیسەکان و نەهێشتنی تاوان و رزگار کردنی قوربانیان.

<u>بازرگانی کردن بە مرۆڤ</u>

بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی تاوانە رێکخراوەکان ئەندامە لە لێژنەی ناوەندی حکومەتی ئیتیحادی بەپێی پسپۆری لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون ئەنجام دەدەن لە کاتی هەبوونی هەر هەواڵێك یان زانیاریەك لەسەر بازرگانی کردن بە مرۆڤ بە هاوبەشی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان. بەڕێوەبەرایەتییەکە دوو بەشی لەخۆ گرتووە، ئەوانیش بەشی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی کردن بە مرۆڤ و بەشی لێکۆڵینەوە لە تاوانی سپیکردنەوە پارە و پارەدارکردنی تیرۆرە. لە ئێستادا هەشت نووسینگەی هەیە لە پارێزگاکانی هەولێر، دهۆک، هەڵەبجە، سلێمانی، گەرمیان، راپەڕین، سۆران، زاخۆ.

بە مەبەستی بەدیهێنانی دادپەروەری بۆ قوربانیانی تاوانی بازرگانی کردن بە مرۆڤ و دەستەبەر کردنی پاڵپشتی بۆیان، بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی تاوانە رێکخراوەکان ژمارەی تەلەفۆنی تایبەت بۆ نووسینگەکەیان تەرخان کردووە بۆ ئەم کارە، هەروەها ئەو رێکخراوە نێودەوڵەتی و ناوخۆییانەی کە هاوبەشن هێڵی پەیوەندی تایبەتیان هەیە بۆ ئەم مەبەستە.

سەرەڕای ئەم هەنگاوانە چەندین چالاکی دیکە ئەنجامدراون لەوانە وۆرکشۆپی هاوبەش سەبارەت بە بەرەنگاربوونەوەی  بازرگانی کردنی بە مرۆڤ لەوانە:

- ⇐ پێشکەش کردنی سیمیناری هۆشیاری لە شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان بە هاوبەشی لەگەڵ رێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) .
- ⇐ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لە رێگای کەناڵە تیڤییەکان.
- ⇐ وەزارەتی ناوخۆ یاداشتی لێکتێگەیشتنی لەگەڵ رێکخراوی (سید فاوندەیشنی نێودەوڵەتی) واژوو کردووە بە تایبەت لە ساڵانی (٢٠١٩-٢٠٢٠-٢٠٢١-٢٠٢٢) بۆ مەبەستی حەواندنەوەی قوربانیان لە داڵدەی (ستێپس) کە سەر بە رێکخراوی ناوبراوە.

⇐ بەرێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی تاوانە رێکخراوەکان هەماهەنگی لەگەڵ چەندین رێکخراوی ناحکوومی کردووە وەك رێکخراوی (المصیر )لە بەغدا بۆ مەبەستی پێشکەش کردنی چەندین ڕاوێژ وهاوکاری بۆقوربانیانی بازرگانی کردن بە مرۆڤ.

<u>چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی تاوانە رێکخراوەکان لە ٢٠٢٢/١/١ تاکو ٢٠٢٢/٤/٣٠</u>

| ژ | بابەت | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | ژمارەی ئەو کۆمپانیانەی کە سەردان و بەدواداچوونیان بۆ کراوە | ٣٥٤ |
| ٢ | ژمارەی ئەو کۆمپانیانەی کە دراونەتە دادگا | ١٢ |
| ٣ | ژمارەی ئەو کۆمپانیانەی کە خراوەنەتە ناو لیستی رەش یان ڕاگیراون | |
| ٤ | ژمارەی ئەو کۆمپانیا وەهمیانە کە داخراون | |
| ٥ | ژمارەی ئەو پارێزەرانەی کە بەدواداچونیان بۆ کراوە | ٣٧ |
| ٦ | ژمارەی ئەو پارێزەرانەی کە دراونەتە بە دادگا | ٢ |
| ٧ | ژمارەی ئەو هاووڵاتیە بیانیانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دا ئەنجام دراوە | ١٤٩٨ |
| ٨ | ژمارەی ئەو هاووڵاتی بیانیانەی کە قوربانی بازرگانی کردن بە مرۆڤ بووینە | ١٠٨ |
| ٩ | ژمارەی ئەو هاووڵاتییە بیانیانەی کە رەوانەی داڵدە کراون | ١٧ |
| ١٠ | ژمارەی ئەو هاووڵاتیە بیانیانەی رەوانەی ووڵاتی خۆیان کراون | ١٧ |
| ١١ | ژمارەی ئەو پەڕاوانەی کە لە ساڵی ٢٠٢١ تۆمار کراوە بەگشتی | ١٦٩ |
| ١٢ | ژمارەی ئەو پەڕاوانەکە ساڵی ٢٠٢١ چارەسەر کراون | ٨٠ |
| ١٣ | ژمارەی ئەو پەڕاوانە کە ساڵی ٢٠٢١ داخراون | ٨ |
| ١٤ | ژمارەی ئەو پەڕاوانە کە ساڵی ٢٠٢١ کە بەردەوامن و لەژێر لێکۆڵینەوەدان | ٧٢ |
| ١٥ | ژمارەی ئەو هاووڵاتیە بیانیانەی کە دیپۆرت کراون | ٤ |
| ١٦ | ژمارەی خوول کە فەرمانبەرانی نووسینگە تێدا بەشداربووینە | |
| ١٧ | کۆبوونەوەکانی لێژنەی لاوەکی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی کردن بە مرۆڤ | ١ |

| ژ | جۆرەکانی تاوانی بازرگانی کردن بە مرۆڤ | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | کارکردن بە زۆرە ملێ (سوخرە) | ١٧ |
| ٢ | بازرگانی سیکسی | ٩ |
| ٣ | بازرگانی بە ئەندامانی لەشی مرۆڤ | ٣٣ |
| ٤ | بازرگانی بە منداڵ | ١ |
| ٥ | بازرگانی بە ئەوانەی تەمەنیان لە ١٨ ساڵ کەمترە | ١١ |
| ٦ | کاری بە قاچاغ بردن | ٧ |
| ٧ | بەکارهێنانیان وەك سواڵکەر | ١٠ |

لە هەرێمی کوردستان (٤) شەڵتەری تایبەت بە داڵدەدانی ئافرەتی هەڕەشە لێکراو هەیە، هەروەها شەڵتەرێکی تایبەت بە قوربانیانی بازرگانی کردن بە مرۆڤ هەیە، سەبارەت بەو راسپاردەی کە تایبەتە بە زیادبوونی ناوەندە تایبەتمەندەکانی داڵدەدان و دووبارە ئامادەکردنەوەی قوربانییەکان و دووبارە ئاوێتەکردنەوەیان لە کۆمەڵگادا، لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٣ بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێم رەزامەندی دەربڕی لەسەر درووستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ ئەو ئافرەتانەی دوای چارەسەرکردنی گرفتەکان و خێزانەکانیان ئامادە نین وەریان بگرنەوە.
هەر سەبارەت بەم بابەتە بازرگانی سێکسی بە تاوان دانراوە و تۆمەتبار بە یاسای بازرگانیکردن دادگایی دەکرێن، لە ساڵی ٢٠٢١دا (٦) کەس بەم تاوانەوە سزادراون.

<u>بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجەدان و شوێنبزرکردنی زۆرەملێ</u>

بەپێی راسپاردە نێودەوڵەتییەکان گرتنە بەری ستراتیژیەتێکی دیاریکراو لەلایەن حکومەتی هەرێم بۆ رووبەڕوو بوونەوەی ئەشکەنجەدان یەکێکە لەو هەنگاوانەی پێویستە کاری لەسەر بکرێت. سەبارەت بە گرتنە بەری رێکاری یاسایی وەزارەتی ناوخۆ چاوپۆشی ناکات لە سزادانی ئەنجامدەری ئەشکەنجەدان کە تاوانبار یان راگیراو سکاڵای پێشکەش کرد، ئەنجوومەنی لێکۆڵینەوە پێکدەهێنرێت و ئەگەر بە بەڵگە بەپێی راپۆرتی پزیشکی سەلمێندرا کە ئەشکەنجە دراوە رێکاری یاسایی بەرامبەر ئەنجامدەری تاوانەکە دەگیرێتە بەر.

ئەگەر سکاڵاکار ئەشکەنجەدرابێت لەکاتی لێکۆڵینەوە لەلایەن کارمەندانی وەزارەتی ناوخۆ پێویستە ئەم بابەتە ئاشکرا بکات لەکاتی وەرگرتنی ووتەکانی لەلایەن بەڕێزان لێکۆڵەری دادی و دادوەری لێکۆڵینەوە لە بەر ئەوەی دادپینەر زۆرجار ئەم پرسیارەی لێدەکرێت کە لەسەر رەزامەندی خۆی بەبێ فشار دانی ناوە بەتاوانەکەی.

دادوەری لێکۆڵینەوە لەهەمان کات رێکاری یاسایی پێویست وەردەگرێت بەپێی تایبەتمەندی کێشەکە واتە کێشەیەکی سەربەخۆ دەکرێت لەدژی ئەشکەنجەدراو و ئەگەر نەیتوانی ئەو کات دەتوانێت سکاڵا چ لەلایەن دادوەر یان ئاگاداری داواکاری گشتی تۆمار بکات و بەپێی بەڵگەکان و شاهیدەکان بەهەمان شێوە رێکاری یاسایی وەردەگیرێت.

(٢) سکاڵا لە کەیسەکانی ئەشکەنجەدان پێشکەش کراوە، هەروەها (٢) داواش لەم رووەوە جوڵێنراوە.

<u>داتای DNA سەبارەت بە شوێنبزرکردنی زۆرەملێ</u>

سەبارەت بە ئەنجامدانی پشکنینی (DNA) لە بەڕێوەبەرایەتی بەڵگەی تاوان، لە ئێستادا کەرەستەی سەرەتایی(سامپل) نییە بۆ ئەنجامدانی پشکنینەکان، هەروەها راهێنان و مەشقپێکردنی کارمەندانی وەزارەتی ناوخۆی بەپێی پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکان پێویستە بۆ چۆنیەتی هەڵگرتنی بەڵگەکان.

بە هەماهەنگی وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی خوێندنی باڵا بڕیار دراوە بەشی بەڵگەی تاوان لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر بکرێتەوە، سەرەتاش بەشەکە (٢٥) کارمەندی وەزارەتی ناوخۆ وەربگرێت، دواتریش ئەولەویەت بۆ کارمەندانی وەزارەتی ناوخۆ دەبێت تیایدا. دوای تەواوکردنی خوێندن بروانامەی دبلۆمی تەکنیکی لە بواری بەڵگەکانی تاوانیان دەدرێت بە دەرچووانی ئەم بەشە. کردنەوەی ناوەندێکی زانستی لەو شێوەیە دەبێتە هاوکارێکی باش بۆ یارمەتیدانی دادگاکان.

<u>پاراستنی ئافرەتان</u>

یاسایی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە (٨) ی ساڵی (٢٠١١)ی بەرکار لە هەرێمی کوردستان کە تێبینی لەسەر هەیە، دوای چەندین دانیشتن و کۆبونەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان لەگەڵ چین و توێژە جیاواز و

تایبەتمەندەکانی نەهێشتنی ئەو کەم و کوریانەی لە یاساکە دا هەیە دەستنیشانکراون، دوا جار پڕۆژە یاسایەك پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کرا کە ئێستا (دوارەشنووس)ی پرۆژە یاساکە لە گفتوگۆدایە لە پەرلەمانی کوردستان بۆ دەنگدان لەسەر ئەو هەموارانەی لە پڕۆژە یاساکە خراونەتە ڕوو.

سەبارەت بە بڕگەی (٣٨٠) لە یاسایی سزاکانی عێراقی ژمارە(١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) بەشێك لەبڕگە یاساکە بە (پێشێلکردنی مافی ئافرەت) دادەنرێت، بۆیە بەرێوەبەرایەتی ئاماژەپێکراو کار دەکات بۆ هەموارکردنی ئەو بڕگە یاساییە بەجۆرێك ئەو پێشێلکارییەی تێدا نەمێنێت. هەروەها هەوڵەکان بەردەوامن بۆ هەموارکردنی بڕگەی (٣٩٨) لە یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) بە شێوەیەك کە مافی ئافرەت تێیدا پارێزراو بێت و بگونجێت لەگەڵ واقعی کۆمەڵگا.

سەبارەت بە هێڵی گەرم و تیم مۆبایل دوو بەشن لە بەرێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی خێزان و ئافرەت، کە ئەرکی فریاکەوتنی خێرانە بۆ حاڵەتەکانی توندوتیژی و دەستدرێژی، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە سکاڵا لە هەواڵدەرەکانی دەوری ڕووداوەکە وەرناگرن، بەڵکو دەبێت دەستدرێژی لێکراو خۆی سکاڵا بکات و پەیوەندیان پێوە بکات. بەرێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی خێزان و ئافرەت بەپێی یاسا کار دەکەن بۆیە تا فەرمانی دادوەریان پێنەبێت ناتوانن دەستبەرن بۆ هیچ کەیسێک و ڕێگەیان پێنادرێت بچنە سەر کەیسی توندوتیژی بێ بوونی فەرمانی دادوەر. لەم بارەدا پێویستە بڕیارێک دەربکرێت بۆ ئەوەی تیمەکان دەربچن و بەداواداچوون بۆ ئەو ڕووداوانە بکەن کە توندوتیژین و ئافرەتەکە یاخود کەسی توندوتیژی لێکراو ناتوانێت خودی خۆی پەیوەندی بکات.

<u>یەکسانی لە نێوان ئافرەتان و پیاواندا لە بەدەستهێنانی ڕەگەزنامە</u>

بەپێی یاسا وەرگرتن و پێدانی ڕەگەزنامە لە دەسەڵاتی (حصری)ی حکومەتی ئیتحادییە، بەڵام بەپێی ماددەی (٥/بڕگە ٣) لەیاسای ڕەگەزنامە ژمارە ٢٦ بۆ ساڵی ٢٠٠٦، وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بڕیاری ژمارە (١٢٧) لەرێکەوتی (٢٠٠٠/١/١٥) دەرکردووە بۆ هاوکاری کردنی کوردانی فەیلی بە مەبەستی پێدانەوەی ڕەگەزنامەی عێراقی. پێویستە کارکردن بەو بڕیارە بەردەوامبێت و هیچ ئاستەنگێك دروست نەبێت بۆ ئەو کوردە فەیلیانەی تاکو ئێستا دووبارە ڕەگەزنامەی عێراقی پێنەدراوەتەوە بەبێ هیچ جیاوازییەك.

بەڕێوەبردنی چاکسازییەکان

هەرکەسێك دەستگیر دەکرێت بەپێی بڕیاری دادوەر پاڵپشت بە (نص) یاسا ڕەوانەی گرتن و گواستنەوە دەکرێت و ڕادەگیرێت و گشت مافەکانی پێویستی بۆ دابینکراوە. سەرەتا ڕێنمایی پێ دەدرێت بۆ زانینی ئەرك و مافەکانی و شوێنی نووستن و خۆشووشتن و گەرمی و ساردی و خواردن و خواردنەوەی تەندروستی بۆی دبینکراوە و لەڕووی تەندروستی چاودێری دەکرێت لە هەموو بەشەکانی گرتن و گواستنەوە تیمی پزیشکی تایبەت کەوا شارەزایی تەواویان هەیە پسپۆرن لەبواری پزیشکی هەڵدەستن بەپشکنینی ڕاگیراوان و چارەسەرکردنیان،  و گرنگییەکی زیاتر بەکەم ئەندامان دەدرێت.

شوێنی تایبەت بەراگیراوانی ئافرەتان هەیە و بەپێی تەمەن جیاکرانەتەوە، ئەو کەسانە وەردەگیرێن کەتەمەنیان لەسەرووی (١٨) هەژدە ساڵەوەیە وئەو کەسانەی کەتەمەنیان لەخوارهەژدە ساڵەوەیە بنکەی پۆلیسی نەوجەوانان هەیە بۆ ئەو راگیراوانە، بەشێوەیەك بەپێی پێوەری نێودەوڵەتی و جاڕنامەی مافی مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت کەشێکی ئارامیان بۆ دەرەخسێت لەگشت وەک بوارەکاندا وەک: بوونی پارێزەر ئاگادار کردنەوەی کەسوکاری لە هۆکاری دەستگیرکردنی، مافی سەردان، پەیوەندی کردن بە کەسوکاریان بە تەلەفۆن، ناردنی نامە بنیرن و دابینکردنی گۆڤار، ڕۆژنامە، کتێب خوێندنەوە، تەلەفزیۆن و ڕادیۆ بگرن.

ئاوارە و پەنابەر

سەبارەت بە پرسی ئاوارە و پەنابەرانەوە،  لە ژێر چاودێری و یارمەتی ڕێکخراوی نێودەولەتی کۆچ (IOM) ستراتیژیەتی نیشتمانی بۆ کۆچ لە عێراق و هەرێمی کوردستان دانرا و کراوە بە ڕەشنوس بە مەبەستی پتەوکردنی بەڕێوەبردنی کۆچ لە پێناو گەیاندنی سوودێکی کۆمەڵایەتی و ئابوری بۆ عێراق لەگەڵ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بۆ پەنابەران و کۆچبەران لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات بە ئەندامبوونی شەش وەزارەت لە حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ و نوێنەری ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان کە ئامانجەکە بریتیە لە بەڕێوەبردن و ئیدارەدانێکی یەکگرتووی سنورەکان، بەرەنگاربونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ، گەشەپێدانی مرۆیی و گواستنەوەی کرێکاران، چاودێری کردنی بازاری کار، کاریگەری و تێکچونی کەش و هەوا لە عێراق و کۆچ.

هەروەها بە فەرمانی وەزیری ناوخۆ لە حکومەتی هەرێم، لیژنەیەکی هاوبەش پێکهێنرا بۆ داڕشتنی ڕێنمایی تایبەت بە پەنابەران و پەناخوازان کە لە ئێستادا رەشنووسی ڕێنماییەکە لە قۆناغی کۆتاییدایە بە لەبەرچاوگرتنی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان و بنەما نێودەوڵەتییەکان ئامادەکراوە.
لە بارەی خزمەتگوزارییەوە، نزیکەی (٨٠%)ی ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەش بە ئاوارە و پەنابەران کراوە لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دابینکراوە. هەروەها ڕێکخراوە ناوخۆییەکان بەردەوامن لە پێشکەشکردنی هاوکاری بەم شێوەیە:

- لەکۆی (٩٦٥) کارمەندی دەزگای خێرخوازی بارزانی (١١٩) کارمەندی پەنابەر و (١٧٠) کارمەندی ئاوارە لە دەزگاکەدا کاردەکەن.
- ئێستا دەزگای خێرخوازی بارزانی ئیدارەی (٣٠) کەمپ دەکات و (٦٧٢٩٤١) کەس لە خزمەتگوزارییەکانیان سوودمەند دەبن.
- کەمپی حەسەن شام کە نزیکەی (٣٠٠٠٠)ئاوارەی تێدا نیشتەجێیە لە گەرمترین کاتەکانی هاویندا تەنها چوار سەعات کارەبا کە لەلایەن دەزگای خێرخوازی بارزانی بە هاوکاری ڕێکخراوەکان بۆیان دابینکرابوو.
- لە ساڵی ٢٠١٤ زیاتر لە (٤٦٠٠٠٠) ئێزیدی ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون، تا ساڵی ٢٠١٦ نزیکەی (١٠٠٠٠٠) کۆچیان کرد بۆ دەرەوەی وڵات، تا ئێستا ژمارەی ئەوانەی کە کۆچیان کردووە گەیشتۆتە (١٦٠٠٠٠) کەس. بە گشتی ڕێژەی کۆچکردنی ئێزیدییەکان تاکو ساڵی ٢٠٢٣ دەگاتە (٢٠٠٠٠٠)کەس واتە نزیکەی لە (٥٠%)ی ئاوارەی ئێزیدییەکان نزیک دەبێتەوە، ئەمەش مەترسی گۆڕینی دیمۆگرافی ناوچەکانیان لێدەکەوێتەوە.

سەبارەت بە شایستە داراییەکانی مامۆستایان و فەرمانبەرانی قوتابخانەکانی ئاوارە سورییەکان، پێشتر ڕێکخراوەکان پارەیان بۆ قوتابخانەی پەنابەرە سوورییەکان دابین دەکرد، بەڵام لە ساڵی خوێندنی ٢٠١٩ – ٢٠٢٠ تا ئێستاش ئەم هاوکاریانەیان بڕیوە، بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم کارەی گرتۆتە ئەستۆ و سەرجەم شایستە داراییەکانی مامۆستایان و فەرمانبەرانی قوتابخانەکانی ئاوارە سورییەکانی دابینکردووە لە ساڵانی ڕابردوودا.

سەرۆکی دەستەی گشتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم کە ئەندامە لە لیژنەی تەکنیکی ناوچە کوردستانییەکان، بەشداری دانوستانەکانی کردووە سەبارەت بە رێککەوتننامە شنگال کە لە نێوان حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان و بە سەرپەرشتی (یۆنامی) لە ٢٠٢٠/١٠/١ ئیمزا کرا لەپێناو گەڕاندنەوەی ئاسایش و سەقامگیری و ئاسایی کردنەوەی دۆخی شنگال، بە گوێرەی بنەما دەستووری و یاساییەکان بۆ چارەسەرکردنی مەینەتییەکان خەڵکی شنگال وەک دەستپێشخەرییەک بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان و ڕێکخستنی چوارچێوەی کارگێڕی و ئەمنی و گەڕانەوەی دام و دەزگا شەرعییەکان بۆ ناوچەکە.

بۆ زیاتر خزمەتکردنی ئاوارە و پەنابەران، لە گشت پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بەشێك کراوەتەوە لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس بەناوی پۆلیسی کاروباری ئاوارەو پەنابەران بۆ پاراستنی ئاوارەو پەنابەران بەهەماهەنگی لەگەڵ ئاسایش و رێکخراوی حوکمی و ناحکومیەکان.

<u>قەرەبووکردنەوەی ڕزگاربووانی ئێزدی</u>

ئافرەتانی ڕزگاربووی ئێزدی دەستی تیرۆریستانی داعش ئەگەر لە هەرێمی کوردستان بن یان لە هەر شوێنێکی عێراق و تەنانەت دەرەوەی وڵات، ناونووس دەکرێن بۆ ئەوی بەگوێرەی یاسایەکی پێوەندیدار بە قەرەبووکردنەوەیان، مانگانە مووچەیان بۆ ببڕدرێتەوە، ناونووسکردنەکە لە سەرەتای مانگی ئابی ٢٠٢٢ دەستیپێکردووە و لە دهۆک نووسینگەیەکی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەم کارە هەڵدەستێت.

<u>مافی ئازادی ڕادەربڕین و دەستڕاگەیشتن بە زانیاری</u>

کار بەناوەڕۆکی یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠١٣) پەرلەمانی کوردستان یاسای مافی دەسکەوتنی زانیاری لە هەرێمی کوردستان دەکرێت لەبواری چۆنیەتی دەست کەوتنی زانیاری ڕێگای پێدراو بە هاووڵاتیان، بەڵام پێویستە رێنمایی دەربکرێت تا ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی یاساکە نەمینێت.

لەپەیکەری ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتییەکان و ئیدارە سەربەخۆکان کەوا لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ پەسەندکراوە، بەشی پۆلیسی پارێزگاری چالاکییە مەدەنیەکان هەیە بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ گردبوونەوە و خۆپیشاندان، بەڵام بەهیچ شێوەیەك بۆیان نییە هێزی زیاد لە پێویست بۆ

ڕووبەڕووبوونەوە خۆپیشاندەران بەکار بهێنن، ئەم هێزانە ڕاهینراون بەردەوام مەشق دەکەن سەبارەت بە چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی خۆیان. لە هەر هەرکۆبوونەوەیەکی ئاشتیخوازانە بەشێوەی فەرمی بەپێی یاسا داوایان کردبێت ئەرکی هێزی چالاکییە مەدەنییەکانە پارێزگاریان لێ بکات دوای زانینی کات و شوێنی و ئامانجی و ڕێرەوی گردبوونەوەکە. هەروەها سەرجەم هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بەڕێنمایی ئاگادارکرانەوە کە پارێزگاری لە ڕۆژنامەنووسان و ڕاگەیاندکاران و چالاکوانی مافی مرۆڤ بکەن. بەهیچ شێوەیەك نابێت پۆلیسی چالاکیە مەدەنیەکان چەکی(التفاکە) بەکاربهێنن لەدژی خۆپیشاندەران.

هەرکاتێك زانیاری هەبوو کەوا سکاڵای یاسایی تۆمارکرابوو دەرهەق بەو کەسانەی ڕەفتاری نەشیاو دەکەن دژی چالاکوان و مافی مرۆڤ ڕیکارە یاساییەکان ئەنجام دەدرێت تۆمەتباران دەستگیر دەکرێن ڕادەستی دادگا دەکرێن.

وەزارەتی ناوخۆبە بەردەوامی ڕێنمایی و خولی ڕۆشنبیری بۆ ئەفسەرو کارمەندان دەکاتەوە بۆ ئەوەی پیاوانی پۆلیس بەردەوام وشیاری یاسای هەبێت بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی و مۆدێرن پێیان بگەینێ وە هەروەهاشارەزاییان هەبێت لەبنەماکانی مافی مرۆڤ و دیموکراتی و کۆمەڵگای مەدەنی وە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ گشت چین و تویژەکانی کۆمەڵگا وە ڕاهێنانیان بە پێی پێوەرە نیودەوڵەتیەکان.

<u>وەزارەتی ناوخۆ سێ پێشنیاری ئاڕاستە کردووە سەبارەت بە بابەتی بازرگانی کردن بە مرۆڤ بەم شێوەیە:</u>


- کۆچبەرانی نایاسایی ڕێگای هەندەران دەبێت ئەژمار بکرێن وەکو بازرگانی پێکراو لە لایەن قاچاخچییەکانەوە، هەروەها بتوانرێت بەو یاسایە دادگایی کردنی قاچاخچییەکان و سزادانیان ئەنجام بدرێت کە لە ئێستادا ژمارەیەکی زۆر لە کەسوکاری قوربانیانی کۆچی نایاسایی بەرەو هەندەران، سکاڵایان تۆمار کردووە دژ بە قاچخچییەکان.
- دانانی پرۆژە یاسایەک بۆ جێ کردنەوەی شوێن بزرکردنی بە زۆرەملێ لە یاسا نیشتیمانیەکان ناساندنی وەکو تاوانێکی سەربەخۆ.

- پێویستە یاساکە بێسەروشوێنانی ڕێگەی نایاسایی کۆچ بەرەو هەندەران وەکو شوێن بزربووی بە زۆرەملێ بناسێنیت بۆ ئەوەی بتواندرێت ئەو یاسایە بەکار بهێندرێت بۆ سنووردارکردنی کۆچی نایاسایی کوردستانییان بەرەو هەندەران.
- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری کۆچ لە ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان پێویستە بەشداریی پێ بکرێت لە هەر میکانیزمێکی نیشتیمانی کە دادەنرێت بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ دۆسیەی بزربووەکان لەبەر ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٥ کاری لەسەر ئەو دۆسیەیە کردووە و ئامارێکی تۆمارکراوی هەیە بۆ بزربووەکانی ڕێگای نایاسایی کۆچ بۆ هەندەران.
- دانانی پرۆژە یاسای پەنابەری بەهەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ و کاراکردنی یاداشتی تێگەیشتن کەپێشتر هەبووە لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی کاروباری کۆچ لە ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان و وەزارەتی کۆچی عێراق.

لە میانەی وۆرکشۆپەکانی جێەجێکردنی پلانی هەرێمی بە ئامادەبوونی پسپۆران و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی تایبەت بە بازرگانی کردنی بە مرۆڤ ئەم زانیاریانەی خوارەوە خرانە روو: دیاردەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ لە کەمپەکاندا بەدیدەکرێت و تا ئێستا (٢٢٠) حاڵەتی فرۆشتنی گورچیلە هەیە کە زۆرترینیان لە ئاوارە و پەنابەرن. ئاوارە و پەنابەران لە کاتی رایی کردنی مامەڵەکانیان لە دادگاکاندا توشی گرفت دەبنەوە بە هۆی نەبوونی دۆکیومێنت و بەڵگەنامەی فەرمی.

**وەزارەتی دارایی و ئابووری:**

**لە کۆی (٧) ڕاسپاردە کە ئاڕاستەی وەزارەتی دارایی و ئابووری کراوە، (٤) ڕاسپاردە جێبەجێکراوە و (٣) جێبەجێ نەکراوە.**




مافەکانی کەسانی کەم ئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت

وەزارەتی دارایی ڕێنمایی تایبەتی دەرکرد بە ڕێژەی کەمئەندامی بە مەبەستی دیاریکردنی بڕی دەرماڵە (٥٠%) لە مووچەی بنەڕەتی کەمئەندامی فەرمانبەر لە بڕی (١٠٠٠٠٠) سەد هەزار دینار تێپەڕ نەکات.

ڕاسپاردنی فەرمانگەی تەکنەلۆژیای زانیاری لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە هەماهەنگی وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ پێشکەشکردنی ئاسانکاری تەکنیکی لە چوارچێوەی پرۆگرامی تۆماری بایۆمەتری مووچەخۆران بۆ ئەم توێژە بۆ کۆکردنەوەی ئامار و داتای پەیوەست بە کەسانی کەمئەندام.

<u>قەڵاچۆکردنی گەندەڵی</u>

بە مەبەستی قەڵاچۆکردنی گەندەڵی وەزارەت دارایی (٤٣) ڕێنمایی و (٣٠) گشتاندنی دەرکردووە.
لە ساڵی ٢٠٢٢ لە پارێزگای دهۆک (١٤٤) کەیس ئیحالەی دادگا کراوە.
لە پارێزگای هەولێر تا ئێستا (٢٥) کەیس ئیحالەی دادگا کراوە.
لە پارێزگای سلێمانی تا ئێستا (٦٩) کەیس ئیحالەی دادگا کراوە.

<u>کەرتی بانکە بازرگانییەکان</u>

لەپێناو بەرژەوەندی گشتی وەزارەتی دارایی لە کەرتی بانکە بازرگانییەکان تا ساڵی ٢٠٢١ بڕی (٢،٩١١،٧٠٥،٦٩٠) دوو ملیار و نۆسەد و یازدە ملیۆن و حەفت سەد و پێنچ هەزار و شەش سەد و نەوەد دینار لە قەرزی ئاسانکاری گەڕاندراوە. هاوکات لە کەرتی بانکە پسپۆڕییەکان ئەم قەرزانەی کە لە لای هاوڵاتیان ماوە توانرا (١٧٩،٧٢٧،٥١٧،٣٩٩) سەد و حەفتا و نۆ ملیار و حەوت سەد و بیست و حەوت ملیۆن و پێنج سەدو حەڤدە هەزار و سێ سەد و نەوەد نۆ دینار بگەڕێندرێتەوە.

سەبارەت بە کۆمپانیاکانی دڵنیایی داهاتی مانگانە بە ڕێژەی (٢٥٪) لە کۆمپانیا ئەهلییەکان زیادکراوە، کەوا کار دەکەن لە خاڵە سنوورییەکان و لە ڕێکەوتی ٢٠٢١\٦\١١ پەیڕەو دەکرێت.

<u>مووچەی خانەنشینی</u>

سەبارەت بە هەمووارکردنەوەی مووچەی خانەنشینان ١١٩٤ دۆسیەی خانەنشینی هەموار کراوە بە پلەی ڕاوێژکار، بەڕێوەبەری گشتی، قائیمقام، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگا، شارەزا، دادوەر کە جیاوازی مووچەیان (٩٧٦،٣٧٤،٤٥٠) نۆ سەد و حەفتا و شەش ملیۆن و سێ سەد و حەفتاو چوار هەزار و چوار سەد و پەنجا دینارە.


## سیستەمی ئەلیکترۆنی

وەزارەتی دارایی سیستەمی ئەلیکترۆنی داناوە لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی گومرگی ئیبراهیم خەلیل، فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر، فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگی هەرێم سیستەمی هاتوو و دەرچوو، میلاکات، هەروەها بە ئەلیکترۆنی کردنی سیستەمی دۆسیەی فەرمانبەران.

هەروەها ڕێنمایی ژمارە ٤ی تایبەت بە هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل هەمووارکراوە بە هاوبەشی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ کە زیاتر ئاسانکاری لەخۆ دەگرێت بۆ هاوولاتی و بازرگانان و ئەو ئاستەنگانەی کە پێشتر تێبینی لەسەر بوو.

## وەزارەتی سامانە سروشتیەکان:

**لە کۆی (٣) راسپاردە کە ئاڕاستەی وەزارەتی دارایی و ئابووری کراوە، (١) راسپاردە جێبەجێکراوە و (١) راسپاردەش لە پرۆسەی جێبەجێکردندایە.**




| | |
|---|---|
| 3 | کۆی ڕاسپاردەکان |
| 1 | جێبەجێکراو |
| 2 | لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە |

مافی ژیان لە ژینگەیەك خاوێندا وەك مافێکی دەستوری تاکەکەس

بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی و سەلامەتی و ژینگە لە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان لایەنی جێبەجێکارە دەربارەی پاراستنی ژینگە و کار دەکات لەسەر مافی ژیان لە ژینگەیەك خاوێندا وەك مافێکی دەستوری تاکەکەس بە گوێرەی ماددەی (٣٣) لە دەستوری عێراق کە هەڵدەستێت بە پێشکەش کردنی راپۆرتی هەڵسەنگاندنی ژینگەیی.

پێش دەستپێکردنی هەر پرۆژەیەك لەلایەن هەر کۆمپانیایەکەوە، لەهەر خاڵێکی پرۆژەی نەوتەوە دەبێت ئەو راپۆرتە پێشکەش وەزارەت بکەن کە بەشێکی راپۆرتەکە تایبەتە بە پاراستنی شوێنەوار و ژینگەی رووەکی و ئاژەڵە کێوییەکان. پێداچوونەوە بە راپۆرتەکەدا لەماوەی سێ مانگدا وەزارەت بەو راپۆرتانەدا دەچێتەوە و لێکدانەوە وشیکردنەوەی گونجاوی بۆ دەکرێت.

<u>رێککارەکانی پاراستنی ژینگە</u>

سەبارەت بە درێژەدان بە گرتنەبەری رێککارەکانی پاراستنی ژینگە لە رێی پلانەکەیەوە کە پەیوەستە بە گەشەپێدانی بەردەوامەوە، بەڕێوەبەرایەتی نەوت و کانزاکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆك، ئیدارەی گەرمیان، تاقیگەی ناوەندی وەزارەت لە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان کار دەکات لەسەر گرتنەبەری رێککارەکان و بەپێی تایبەتمەندێتی خۆی جێبەجێ دەکات لەگەڵ ئەم کۆمپانیایانەی کە کار لە بواری هاوردەو هەناردەکردنی بەرووبوومە نەوتییەکان دەکەن لەگەڵ بەنزینخانەکاندا.

پشکنینی سەرجەم ئەو بەرووبوومە نەوتییانە دەکرێت کە لە سنوورەکانی هەرێمەوە هاوردە دەکرێن و بەراوردکردنیان لەگەڵ ستانداریێتی وەزارەت بۆ ئەو هەریەك لە بەرووبوومە نەوتییە هاوردەکراوەکان بەمەبەستی رێگریکردن لەهەر بەرووبوومێکی نەوتی نەگونجاوو ژەهراوی تاوەکو ژینگەی تاکەکەسی بە تایبەتی و ژینگەی هەرێم بەگشتی بپارێزین.

هەروەها پشکنین و دانانی سانسۆر لەسەر سەرجەم بەنزینخانەکان و کۆگاکانی خەزنکردنی بەرووبوومە نەوتییەکان دەکرێت تاوەکو لە کوالێتی بەرووبوومەکان دڵنیابوون لەوەی کە زیان بە ژینگەی تاکەکەسی بەتایبەتی و ژینگەی هەرێم بەگشتی نەگەیەنن، هەر لەم رووەوە چەندین بەنزینخانە سزادراون چ بە پێبژاردن بێت یاخود داخستن.


هەروەها بە بەردەوامیی راپۆرتێک ئامادە دەکرێت لەلایەن لیژنەی باڵای پێداچوونەوە بە پاڵاوگە نافەرمییەکان و کۆکردنەوەی زانیار تەواو لەسەریان بەمەبەستی هەڵوەستەکردن لەسەر زیانەکانی ئەو پاڵاوگە نافەرمییانە وبڕیاردان لە چارەنووسیان.

## پێدانی بڕوانامە بە کۆمپانیاکان

سەبارەت بە پێدانی بڕوانامە پاش تەواوکردنی کاری لێکدانەوەو شیکردنەوەی راپۆرتەکە، وەزارەتی ناوبراو سێ جۆر بڕوانامە دەبەخشێت بۆ هەر راپۆرتێك، ئەگەر راپۆرتەکە بێ کێشە بوو ئەوا وەزارەت بڕوانامەی رەزامەندی دەداتە کۆمپانیاکەو دەست بەکار دەبێت، ئەگەر راپۆرتەکە هەندێك کەمووکورتی تێدابوو ئەوا بڕوانامەی رەزامەندی بەمەرج دەدات بە کۆمپانیاکەو تاوەکو کەمووکورتییەکان چارەسەر بکەن، هەندێك جار بڕوانەمەی رازی نەبوون دەدرێتە کۆمپانیاکە کە ناتوانێت دەست بەکاربێت، چونکە راپۆرتەکە بەپێی یاساو رێنمایی وەزارەت نەبووە.

**<u>وەزارەتی تەندروستی:</u>**

**لە کۆی (٣٧) ڕاسپاردە کە ئاڕاستەی وەزارەتی تەندروستی کراوە، (١١) ڕاسپاردە جێبەجێکراوە و (١٩) ڕاسپاردە جێبەجێ نەکراوە و (٧) ڕاسپاردەش لە پرۆسەی جێبەجێکردندایە.**




| | |
|---|---|
| کۆی ڕاسپاردەکان | 37 |
| جێبەجێکراو | 11 |
| جێبەجێنەکراو | 19 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 7 |

<u>کڕین و هاوردەکردنی دەرمان</u>

سەبارەت بە کڕینی دەرمان لە کاتی ئێستا لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییە گشتیەکانی تەندروستی ئەنجام دەدرێت بە شیوەی تەندەر و هەر دەرمانەک بەکارنایێت ئەگەر هاتوو مۆڵەتی بەکارهێنان و ڕێگەپێدانی بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی جۆری دەرمان نەبێت. هەروەها پرۆژەیەک لەلایەن

ئەنجومەنی وەزیران ئامادە دەکرێت کە بە شێوەیەکی مەرکەزی بێت بۆ گشت فەرمانگە تەندروستییەکانی هەرێم بە شێوەی (Frame Agreement) و بە پێی ستاندەردە جیهانییەکان.

پاڵپشت بە رێنمایی وەزارتی تەندروستی ژمارە ١ ساڵی ٢٠١٦ بەرێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی جۆری دەرمان لایەنی پەیوەندیدارە بە پێدانی مۆڵەت بۆ هاوردەکردنی دەرمان و پیداویستی پزیشکی هەروەها بەرپرسە لە پشکنین و هەڵسەنگاندنی دەرمان و پێداویستی پزیشکی هاوردەکراو و پێدانی مۆڵەت بۆ بەکارهێنانی. هاوکات وەزارەتی تەندروستی دەستیکردووە بە ئەلیکترۆنی کردنی سیستەمی دەرمان، کە ئێستا هەموو کۆمپانیاکانی دەرمان بۆ کوالێتی کۆنترۆڵ لەرێگەی سیستەمێکی ئۆنلاینەوە داواکاری پێشکەش دەکەن.

<u>چاودێری تەندروستی</u>

وەزارەتی تەندروستی لەرێگەی بەرێوەبەرایەتی پاراستنی تەندروستی بەشە جیاوازەکان (بەشی نەخۆشیە گوازراوەکان، بەشی نەخۆشیە نەگوازراوەکان، بەشی چاودێری تەندروستی و خۆراک) بە هەماهەنگی لەگەڵ گشت بەرێوەبەرایەتییەکانی تەندروستی کار دەکات بۆ گرتنە بەری ئەو رێوشوێنانەی کە دەبنە مایەی پاراستنی گیانی هاووڵاتیان و بە دوورگرتنیان لە نەخۆشیە جیاوازەکان،چاودێری تەندروستی و وەرگرتنی رێکاری پێویست بۆ هەر رەوشێک.

بۆ گرینگیدان بە تەندروستی هاووڵاتیان لە قەزاو ناحیەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان بە رێژەی (٨٠٪) چارەسەکراوە، پزیشکی پسپۆڕ لە بوارە جیاکان پەیوەستکراون کە (٣) ساڵ خزمەت لە قەزا و ناحیەکان بکەن پێشتر تەنها پزیشکی پابەند و گشتی خزمەتیان لە قەزاو ناحیەکان دەکرد، بەڵام لەکاتی ئێستادا میلاکی پزیشکی پسپۆڕ لە قەزاو ناحیەکان پەرەی پێدەدرێت بۆ ئەوەی هاووڵاتی لەکاتی پێویستدا ناچار نەبێت بچێتە سەنتەری شارەکان .

وەزارەتی تەندروستی هۆبەیەکی تایبەتی هەیە بۆ چاودێری کردنی ئاوی پاک لە گشت شارەکان ئەم هۆبەیو هەڵدەستێن بە چاودێریکردنی پرۆژەکانی ئاو لە رووی پاک و خاوێنی، رێژەی کلۆر، پشکنینی بەردەوامی رۆژانە و هەفتانە و لەکاتی دروستبوونی هەر گرفتێک لایەنی پەیوەندیدار ئاگادار دەکرێتەوە بۆ چارەسەرکردنی بە زووترین کات.

چاودێری تەندروستی منداڵان

لە ڕووی چاودێری تەندروستی بۆ منداڵان، وەزارەتی تەندروستی خزمەتگوزاری خۆی پێشکەش دەکات بەو چینە هاوشێوەی چینەکانی تر هەر لەکاتی لەدایکبوون لە نەخۆشخانەکان و پێدانی ڤاکسینە پێویستەکان، هەروەها چاودێری گەشەی منداڵان لە ڕێگەی چاودێرییان لە بنکەکانی تەندروستی ئەمە جگە لە چاودێری ڕەوشی خواردنیان کە دەبێت تەندروست بێت.

کەسانی کەم ئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت

وەزارەتی تەندروستی لە مانگی ئازاری ٢٠٢٢ پرۆژەی ستراتیجی سەنتەری شیاندنەوەی جەستەیی لە شاری هەولێر کردەوە کە بە شێوازێکی مۆدێرن و بە سیستەم و ئاستێکی بەرز دروستکراوە دەخرێتە بواری کارکردن و خزمەتکردنی خاوەن پێداویستی تایبەت بۆ دروستکرنی پەلی دەستکرد و ئەنجامدانی خولی ڕاهێنان و هۆشیاری تەندروستی و پسپۆڕییە جیاوازەکان بۆ کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت، کە بە بڕی نزیکەی شەش ملیۆن دۆلار لەلایەن لیژنەی نێودەوڵەتی خاچی سوور دروستکراو لە هەمان کاتدا دابینکردنی پێداویستیشی لە ئەستۆ گرتووە.

وەزارەتی تەندروستی بە خۆرایی خزمەتگوزاری تەندروستی پێشکەشی ئەم چینە دەکات، لەڕێگای دەستەی باڵای عیادەی میللی و ڕاوێژکارییەکان، ڕاوێژکاری هاوسەرگیری لە زۆربەری شارەکانی دامەزراندووە، نابێت لە نەخۆشخانەکان و بنکە تەندروستییەکان نۆرە بگرن و پێدان و دروست کردنی کەرستە تایبەت بەم چینە خۆراییە.

خزمەتگوزاری تەندروستی لە کەمپی ئاوارە و پەنابەران

لە گشت کەمپەکان بنکەی تەندروستی هەیە بە هەماهەنگە لەگەل ڕێکخراوە ناحکومیەکان کە خزمەتگوزاری تەندروستی لە گشت بوارەکان پێشکەش دەکات، دەرمانەکانیش لەلایەن وەزارەتی تەندروستی دابین دەکرێت، هەروەها خول دەکرێتەوە بۆ پزیشکان و ستافەکان دەربارەی بۆشایی تەندروستی دەروونی و یەکسانی جەندەری.

تیمی گەڕۆك لەگشت کەمپەکان دابینکراوە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی وەک گەیاندنی فریاگوزاری سەرەتایی بۆ ڕووداوە لە ناکاوەکان، ناردنی تیمی پزیشکی و ئەمبوڵانس و

پێداویستیەکان، پێشکەشکردنی ڕێنمایی و خزمەتگوزاری تەندروستی دەروونی، هەروەها ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان هاوکاری و کارئاسانی دەکەن بۆ هێنانی دەرمان و پێداویستی پزیشکییەکان بۆ کەمپەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان و کەمپی پەنابەران.

<u>تەندروستی دەروونی</u>

سەنتەری تایبەت هەیە لە هەولێر و دهۆك و سۆران بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تووشبووانی توندوتیژی و قۆستنەوەی جنسی کە تیایدا پزیشك و توێژەری دەروونی و کۆمەڵایەتی لەم شوێنانە کار دەکەن. گشت ئەو پزیشك و توێژەری دەروونی و کۆمەڵایەتییانە ڕاهێنانی تەواویان بۆ کراوە، هەروەها پزیشکی دەروونی تەنسیب کراوە لەگشت بنکە تەندروستیەکانی گرتووخانەکان.

بڕیارە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی سێ نەخۆشخانەی دەروونی درووست بکرێن کە وەزارەتی تەندروستی ئەرکی چارەسەری نەخۆشەکان لە ئەستۆ دەگرێت، وەزارەتی کاریش چاودێری نەخۆشەکان دەکات.

<u>بیمەی تەندروستی</u>

سەبارەت بە دەرکردنی یاسای بیمەی تەندروستی تایبەت بە هەرێم، وەزارەتی تەندروستی لیژنەی یاسایی بیمەی تەندروستیی داناوە کە ئەرکی داڕشتنی پرۆژە یاسای بیمە تەندروستی پێ سپێردراوە بە چەشنێك زامنی دەستەبەرکردنی چاودێری تەندروستی بۆ سەرجەم توێژەکانی کۆمەڵگە بکات.

<u>نرخی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەت</u>

سەبارەت بە کەمکردنەوەی خەرجییە زۆرەکان لە نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەتدا، وەزارەتی تەندروستی لیژنەیەکی پێکهێناوە بۆ پێداچوونەوەی نرخی نەخۆشخانەکان بۆ ڕێکخستن و پۆلێن کردنی نرخی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان، بۆ هاوکاری هاووڵاتی کرێی نەخۆش بەڕێژەی (٢٥%) لە نەخۆشخانە تایبەتەکان کەمکردووتەوە، هەروەها ڕێنماییەکانی پێدان و نوێکردنەوەی نەخۆشخانە و سەنتەرەکانی کارتی تایبەت هەموارکراوەتەوە.

## بەرنامەی چاودێری تەندروستی دایک و منداڵ

- بەرنامەی پشکنینی هاوسەرگیری یەکێکە لە بەرنامە هەرە گرنگەکان کە جێ بە جێ دەکرێت لە تەواوی هەرێمی کوردستان وە چەندین سەنتەر هەیە لە ژێر چاودێری وەزارەتی تەندروستیە کە هەڵدەستن بە پشکنینی ئەو کچ و ئافرەتانەی کەوا دەیانەوێت بچنە پرۆسەی هاوسەرگیری بە مەبەستی پێشگیری لە چەندین نەخۆشی بۆماوەیی و گوازراوە بۆ ئەوەی نەوەی تەندروست بەرهەم بێت و نەخۆشیە بۆماوەییەکان کەم بێتەوە.
- بەرنامەی کوتان دژی نەخۆشی گوزاز ئەمەش بەرنامەیەکی فراوانە لە بنکە تەندروستییەکان جێبەجێ دەکرێت و ئەو ئافرەتانە دەگرێتەوە کە تەمەنیان لە نێوان (١٥ -٤٥)ساڵان دایە واتا لە تەمەنی وەچە خستنەوەن، ڤاکسینی گوزاز بە پێنج ژەم دەدرێت و بۆ پاراستنی کچان و دایکان و کۆرپە.
- بەرنامەی چاودێری دایکی دووگیان لە بنکە تەندروستییەکان جێبەجێ دەکرێت بۆ ئەو دایکانەی کەوا دووگیانن فایلی تایبەتیان بۆ دەکرێتەوە مانگانە سەردانی بنکەکان دەکەن و پشکنینە پێویستیان بۆ دەکرێت و لەبوونی هەرگرفتێك ئاگادار دەکرێنەوە بەلایەنی کەم هەر ئافرەتێك پێویستە چوار جار سەردان بکات بەمەبەستی وەرگرتنی خزمەتگوزاری تەندروستی.
- بەرنامەی ڕێکخستنی خێزان بەرنامەیەکە بۆ ئافرەتان دوای منداڵ بوون پیشکەش دەکرێت بەمەبەستی دوورخستنەوەی نێوان دووگیانی بۆ پاراستنی تەندروستی دایك و منداڵ و کەم کردنەوەی مردنی دایکان و ئەو منداڵانەی کێشیان کەمە.
- بەرنامەی فریاکەوتنی خێرا بۆ لە دایك بوون، ئەم بەرنامەیە لەو دام و دەزگا تەندروستییانە پێشکەش دەکرێت کە هۆڵی لەدایك بوونیان تێدایە بۆ ئەوەی کۆرپە بە ئاسایی و سەلامەتی لە دایک ببێت.
- بەرنامەی تەندروستی هەرزەکاران و هێڵی گەرم کە هێڵێکی تایبەت و بێبەرامبەرە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو گەنج و هەرزەکارانەی کەوا پرسیاری تەندروستیان هەیە یاخود تووشی کێشە بوونەتەوە.

تەندروستی و سەلامەتی خۆراک

بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی تەندروستی و سەلامەتی خۆراک، یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی سەلامەتی خۆراک ئەمەش لە ڕێگەی پشکنینی گشت ماددەیەکی خۆراکیی کە هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێت لە ڕیگەی تاقیگەکانی خۆراک کە بوونیان هەیە لە گشت خاڵە سنووریەکان و بازگەکان بەپێی تایبەتمەندی عێراقی و ڕێگە گرتن لە هەر خوراکێکی خراپ .

لەلایەکی ترەوە لە گشت شارەکانی هەرێمی کوردستان بە بەردەوامی چاودێری بازاڕەکان دەکرێت بۆ لەناوبردن و ڕاگرتنی هەر ماددەیەکی خۆراکی بەسەرچوو کە پێشکەشی هاووڵاتیان دەکرێت لە ڕێگەی تیمەکانی چاودێری تەندروستی لە وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییە تەندروستیەکان کە بوونیان هەیە.

هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان

لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان دامەزراوە کە وەزیری تەندروستی سەرپەشتی دەکات، لە ئەرکە هەرە پێشینەکەیان دامەزراندنی سەنتەری پاککردنەوەی و شاندنەوەی ئالوودەبوانە کە پێویستە لە هەموو شارەکان بکرێتەوە، بەڵام تا ئێستا نەکەوتۆتە بواری جێبەجێکردن.

پێشنیار و تێبینی وۆرکشۆپی تایبەت بە نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکان

لە رووی یاساییەوە پێویستە یاسای بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵیەکان ژمارە ١ ی ساڵی ٢٠٢٠ هەموار بکرێتەوە لە زۆر رووەوە وەک:

**یەکەم:** سزای بازرگانی کردن بە ماددە هۆشبەرەکان توندتر بکرێت و حوکمەکان بەپێی جۆری ماددەکان بێت، بۆ نموونە کریستال کە مەترسیدارترین ماددەیە لە پلەی (٦) مدایە و سزای بەکارهێنانی تەنیا (٥) ساڵە کەچی هیرۆیین و کۆکایین سزاکەیان (١٦) ساڵە.

**دووەم:** پێداچوونەوە بەحوکمەکانی نێو یاساکە بکرێت بۆ نموونە لە ماددە (٦) زیندانی کردن کاتی و هەتاهەتایەی تێدا باس کراوە، لە یاسای کۆنی عێراقدا سزاکە لە نێوان هەتاهەتایە و لەسێدارەدانە.


**سێیەم:** خشتەکانی نێو یاساکە ڕێک بخرێنەوە، چونکە زۆر شت هەیە دووبارە کراوەتەوە بۆ نموونە هیرۆیین لە ماددەی (١) و (٣)دا هاتووە.

<u>پێشنیارەکان</u>

- ⇐ سەبارەت بە دەستەبەرکردنی ڕەزامەندی ئازاد و هۆشیارانەی کەمئەندامان پێش ئەوەی بەشدارییان پێبکرێت لە هەر توێژینەوەیەکی پزیشکی یان زانستیدا، پێویستە وەزارەتی ناوبراو ڕێنماییەکانی ڕەفتاری پیشەیی پزیشکی بۆ ساڵی ١٩٨٥ هەمواربکاتەوە و هەروەها ڕێنمایی تایبەت دەربکرێت کە بەبێ ڕەزامەندی هیچ خاوەن پێداویستی تایبەت بەشدار نەکرێت لە توێژینەوەکانی زانستی.
- ⇐ بنکە تەندروستییەکان فراوان بکات کە گەیشتنی خاوەن پێداویستی تایبەت ئاسان بێت، هەروەها ئامرازی ئەلیکترۆنی بەکاربهێنرێت لە دامەزراوە تەندروستییەکان بەمەبەستی ئاسانکاری بۆ ئەرکەکانی کارمەندانی تەندروستی.
- ⇐ میکانیزمێکی چاودێری ئامادە بکرێت لەگەڵ وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی لە پێناو ڕێگری کردن لە ئەشکەنجەدان و شێوەکانی دیکەی مامەڵەی دڵڕەقانە یان نامرۆییانە یان سەرشۆڕپێکەرانە لە هەموو ئەو هەلومەرجانەی ئازادی لە کەمئەندامان زەوت دەکرێت، لە نێویاندا نەخۆشخانەکانی نەخۆشییە دەروونییەکان و چاکسازییەکان و خانەی بەساڵاچووان و سەنتەرەکانی دووبارە ئامادەکردنەوە و خانەی چاودێری.
- ⇐ ئەولەویەت بدرێت بە دانانی پلانێکی کار لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادی بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی ژێرخان لە کەرتی تەندروستی لە ناوچە ڕزگارکراوەکان ئامانجی دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی دامەزراوە تەندروستییەکان و دەستەبەرکردن کارمەند و پێداویستی پزیشکی بۆیان.
- ⇐ هەوڵ بدرێت نەخۆشخانەی تایبەت بە شیاندنەوە لە ماددە هۆشبەرەکان بکرێتەوە

## وەزارەتی پەروەردە:

**لە کۆی (٢١) ڕاسپاردە کە ئاڕاستەی وەزارەتی پەروەردە کراوە، (١٠) ڕاسپاردە جێبەجێکراوە و (٦) ڕاسپاردە جێبەجێ نەکراوە و (٥) ڕاسپاردەش لە پرۆسەی جێبەجێکردندایە.**




| 21 | کۆی ڕاسپاردەکان |
|---|---|
| 10 | جێبەجێکراو |
| 6 | جێبەجێنەکراو |
| 5 | لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە |

پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی تایبەت بۆ منداڵانی کەمئەندام

سەبارەت بە کارئاسانیکردنی دەستڕاگەیشتنی منداڵانی کەمئەندام بە باڵەخانەی قوتابخانەکان، و ئامادەکردنی مامۆستایان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیاندا و بایەخدان بە پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکانی تایبەت بە گەشەی منداڵان کە ئاڕاستەکرابن و گونجاوبن بۆ منداڵانی کەمئەندام، وەزارەتی پەروەردە هەموو کارئاسانی دەکات بۆ پەیوەندی کردنی قوتابیانی خاوەن پێداویستی بە قوتابخانەکان.

کۆی گشتی ژمارەی قوتابیانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە قۆناغی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستان (١٠٤٦٦) کە (٥٨٢٨) نێرن و (٤٦٣٨)مێن، هەروەها (٨٤) مامۆستای پەروەردەی تایبەت هەیە کە دابەشکراون بەسەر قوتابخانەکان بۆ ئەوەی بتوانن مامەڵە لەگەڵ قوتابی خاوەن پێداویستی تایبەت بکەن.

<u>نەهێشتنی جیاکاری رەگەزی</u>

سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی کەلتوری جیاکاری نەکردن و لێبووردەیی، کە ئەمەش رەنگدانەوەی کارکردنە بە پرەنسیپی هاووڵاتیبوون و رێزگرتن لە فرەیی، هیج جیاکارێک نەکراوە لە وەزارەتی پەروەردە بۆ نەتەوەکانی تر لەبەر ئەوەی هەموو پێکهاتەکان مافی ئەوەیان هەیە بە زمانی دایکی خۆیان بخوێنن.

کلتوری رەچاوکردنی جیاوازیەکان بەو مەبەستەی کە کوردستان خاکی هەمووانە و نەتەوە و ئاین و زمانی جیاوازی تێدایە هەمووان لە مافەکان یەکسانن و دەرفەتی ژیان بۆ هەموو جیاوازیەکان هەیە  لەژێر دیدی پەروەردە کە خوێندن بۆ هەمووان رەچاوی جیاوازیەکان کراوە لە پرۆگرمەکان بەتایبەتی لە  کتێبی  کارامەیی و بەها کۆمەلایەتییەکان  لە پۆلی (١) تاوەکو (٩)ی بنەرەتی  کتێبی مافی مرۆڤ و کتێبەکانی زمان باسکراوە پێکەوەژیان و قبولکردنی جیاوازیەکان، هەروەها لە پرۆگرامەکانی خوێندن ئامادە کراوە.

لە هەرێمی کوردستان (١٨) قوتابخانە بە تورکمانی و (٤٩) قوتابخانەی سریانی هەیە.

دەستەیەکی تایبەت لە پەروەردەی پارێزگای دهۆک هەیە بۆ سەرپەرشتی کردنی ئایینی ئێزدیاتی، لە ساڵی (١٩٩٩) قوتابیانی ئێزیدی لە ناوچەکانی خۆیان وانەکە دەخوێنن لە قۆناغی یەک تا دوازدەی بنەڕەتی.

<u>دەستەبەرکردنی دەرفەتی خوێندن بۆ ئاوارە و پەنابەران</u>

لە سەرەتای هاتنی شەپولی ئاوارە یەنابەران لە زۆر قوتابخانە دەوامی ئیزافی کرایەوە بە زمانی عەرەبی کە ( ٥٨٪)ی پەنابەران و (٩١%)ی ئاوارەکان سوودیان لەو دەوامە وەرگرتووە

قوتابییە ئاوارەکان وەرگیراون لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەم مەبەستەش (١٣٨)بۆ ئاوارەکان و(٥٤) قوتابخانە بۆ پەنابەران لە هەرێمی کوردستان تەرخان کراوە ژمارەی قوتابیانیان (٣٣٥٨٤) قوتابییە، جگە لە مامۆستایانی میلاکی سەر بە وەزارەت (١٢٥٢) مامۆستای سووری لەم قوتابخانانە وانە دەڵێنەوە. بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٢ - ٢٠٢٣ وەزارەتی پەروەردە بە فەرمانێکی وەزاری هەستاوە بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی تێکەڵکردنی قوتابیانی کۆچبەری سووری لە ناو قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان.

<u>پەیوەندیکردنی منداڵان بە سەرجەم ئاستەکانی خوێندنەوە و ڕەخساندنی دەرفەتی هەلی کار</u>

وەزارەتی پەردوردە لە ڕێگەی پرۆگرامی تایبەت بە ناونیشانی (Back to Learning) زیاتر لە (١٣٠٠٠) قوتابی گەڕاندۆتەوە بۆ خوێندن، هەروەها بۆ ساڵی خوێندن ٢٠٢١ – ٢٠٢٢ زیاتر لە (١٦٠٣٣٢) قوتابی بۆ پۆلی یەکەمی بنەرەتی پەیوەندیان بە خوێندن کردووە.

<u>هۆشیاری قەڵاچۆکردنی ماددەی هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان</u>


وەزارەتی پەروەردە لە ساڵنامەی خوێندنی هەر وەرزێک، دوو ڕۆژ تەرخان کراوە لەلایەن کارگێڕی و ناوەندەکانی خوێندن بۆ هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی قوتابیان لە بابەتەکانی: خۆشەویستی کوردستان و پێکەوەژیان، مەترسییەکانی چەک، چەک داماڵینی گشتی و کۆمەڵایەتی، مەترسییەکانی بڵاوبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان، تەکنۆلۆژیا و ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان و ژینگە و پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو.

<u>پێشنیارەکان</u>

- ⇐ بەپێی ستاندەرە نێودەوڵەتییە نوێیەکان ئەو قوتابیانە دەبێت تێکەڵ بکرێت لەگەڵ قوتابیانی ئاسایی.
- ⇐ وەزارەتی پەروەردە گرنگی بە هەلی کار بۆ لاوان بدات لە ڕێی خوێندن و ڕاهێنانی پیشەیی.
- ⇐ پرسەکانی پەیوەست بە زیانەکانی ماددەی هۆشبەرەکان بخرێتە ناو پرۆگرامەکانی خوێندن.
- ⇐ پێویستە سالانە لە ڕێگای ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان هەڵمەتی فراوانی وشیار کردنەوەی قوتابیان لە ماددە هۆشبەرەکان ئەنجام بدرێت.

## وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن:

**لە کۆی (٢) راسپاردە کە ئاڕاستەی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن کراوە، (١) راسپاردە جێبەجێکراوە و (١) راسپاردە جێبەجێ نەکراوە.**




| | |
|---|---|
| کۆی ڕاسپاردەکان | 2 |
| جێبەجێکراو | 1 |
| جێبەجێنەکراو | 1 |

وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ کردن رۆڵی هەبووە لە دابینکردنی یەکەی نیشتەجێکردن بۆ هاوڵاتیانی (چینی کەم دەرامەت و خاوەن داهاتی سنوردار) لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان، کە پاڵپشت  بە یاسای ژمارە ( ٧) ی ساڵی ٢٠٠٨ وە هەمواركراو بە یاسای(١٦) ی ساڵی  ( ٢٠١١) ی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بەپێی سندوقی نیشتەجێکردن یەکەکان دروستکراون بەڵام دابەشکردنی یەکەکان لەلایەن پارێزگاکان و یەکەی ئیداری ناوچەکان سەرپەرشتی دەکرێن بەپێی رێنمایی ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠١٢ وەزارەت.

لە نێوان ساڵانی ( ٢٠٢١ -٢٠٢٢ ) وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە چەندین پرۆژەی گرنگ و ستراتیژی ئەنجام داوە بەم شێوەیە خوارەوە:

## پرۆژەکانی یەکەی نیشتەجێبوون

لە ساڵی ۲۰۲۱ (ساڵی سێیەمی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان) (۸) پرۆژە ئەنجامدراوە کە بریتین لە تەواوکردنی کاری خزمەتگوزاری بۆ (٥٤٠) یەکەی نیشتەجێ بوون لە پارێزگاکانی کوردستان لەگەڵ تەواو کردنی (۱٥۰۰) خانووی تر بە بە گوژمەی (۹۸,٦۲۸ ۰۰۰,۰۰۰) دینار کە لە خشتەی (۱) روون کراوەتەوە ، هەروەها پرۆژە بەردەوامەکان (پڕۆژەکانی کە لەژێر ئەنجامداندان) بریتین لە دروستکردنی (۹۰۰٤) یەکەی نیشتەجێکردن لەگەڵ دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆیان بە بودجەی (۲٦٦,۹۹۷,۰۰۰,۰۰۰ ) دینار کە لە خشتەی (۳) ی خوارەوە روون کردنەوەی زیاتر خراوەتە روو .

## پرۆژەکانی دروست کردن و چاککردنەوەی رێگاوبانەکان

وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە چەندین پرۆژەی گرنگ و ستراتیژی ئەنجامداوە وەک دروستکردن و چاککردنەوەی ڕێگاوبانی دەرەکی و سەرەکی بە شێوازی دووسايد لە نێوان شارە گەورەکانی هەرێمی کوردستان کە (پرد و تونێل لەخۆدەگرێت). پاڵپشت بە ( یاسای ژمارە (۳) ی ساڵی ۲۰۱۲ تایبەت بە ڕێگا گشتییەکانی هەرێمی کوردستان – عێراق.

لە ساڵی ۲۰۲۱ ( ۲۸) پرۆژەی رێگاوبانی تەواو کردووە کە نزیکەی (۳۰۳,۸٥) کم لە پارێزگاکانی کوردستان بە گوژمەی ( ۲۲۰,۸٦۲,۰۰۰,۰۰۰) دینار لەگەڵ چەندین پرۆژەی جۆراوجۆری تر کە لە خشتەی (۱) ی خوارەوە روون کردنەوەی زیاتر خراوەتە روو. لە ساڵی ۲۰۲۲ دا ( ۱٤٤) پرۆژە تەواو کراوە لە رووی دروستکردن و چاککردنەوەی رێگاوبانەکان لەسەر بوودجەکانی وەبەرهێنان و ئاسایی و داهاتی وەزارەتی ناوبراو بە گوژمەی (۲۲,۸٥۷,۱۹٤,۳۳۷) دینار و چەندین پرۆژەی جۆراوجۆری تر وەک لە خشتەی (۲) زیاتر خراوەتە روو.

سەبارەت بە پرۆژەی بەردەوامەکان (کە لەژێر ئەنجامداندیی) بریتین لە (۱۳۲) پڕۆژەی دروستکردنی و چککردنەوەی رێگاوبانەکان بە بودجەی (۲,٦٦۷,۱۲۹) ملیون دینار .

- پڕۆژەی هێڵی شەمەندەفەر لە هەرێمی کوردستان لە ئێستادا لە قۆناغی لێکدانەوەی بەها و کەڵکی ئابووری feasibility study ـە، لە هەمان کاتدا وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە یاداشتێکی لێکتێگەیشتنی لەگەڵ کۆمپانیای دۆیچەبانی ئەڵمانی واژۆکردووە بۆ پڕۆژەکە، کە خۆی لە دیزاین و دۆزینەوەی لایەنی ئابووری بۆ سەرپەرشتیکردنی پڕۆژەکە دەبینێتەوە لەڕووی کوالێتییەوە.

پلانی داهاتووی وەزارەت پێشنیارکراوە کە (٣٠٠٠) یەکەی نیشتەجێکردن بە شیوازی شووقە یان خانوو دروست بکرێت بۆ هاووڵاتیانی چینی کەم درامەت. هەروەها بە بڕی (٥٥٢،٩٦٧) ملیار دینار (٢٨) پڕۆژەی لەنێوان ٢٠٢٠ بۆ ٢٠٢١ ئەنجامداوە.

خزمەتگوزاری بۆ ئاوارەی ناوخۆ

وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێکردن چەندین کاروچالاکی ئەنجامداوە کە لە قۆناغی یەکەمی کارکردنیدا بۆ هاندانی رێکخراوە خێرخواز ونێودەوڵەتییەکان بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندە وێرانکراوەکان و گەرانەوەی دەرکراوەکان بۆ زێدی خۆیان.

هەروەها بەشداری کردووە لە دروستکردنی ڕێگای گوند و دامەزراندن و چاککردنەوەی پردی بچووك و دروستکردنی قوتابخانە و بنکەی تەندروستی وەك خزمەتگوزاری سەرەکی لەسەر بودجەی رێکخراوەکان یان لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێم. لە ئێستادا پرۆژە و خزمەتەکانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن بریتین لە خزمەتی گشتی کە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بە هاووڵاتیان و ئاوارەکانی ناوخۆ دەتوانن سوودمەند بن.

خشتەی (١) پرۆژە تەواوبووەکانی وەزارەت لە ساڵی ٢٠٢١

| جۆری بودجە | جۆری پرۆژە | ژمارەی پرۆژە | پارێزگا | یەکە | گوژمەی گشتی پرۆژە ( ملیون دینار ) |
|---|---|---|---|---|---|
| وەبەرهێنان | رێگاوبان | ١٥ | هەولێر | (١٨٤,٩) کم | ٦٢٧٢٩ |
| وەبەرهێنان | رێگاوبان | ٣ | سلێمانی | (٧,٧) کم | ٦٢٨٤٣ |
| وەبەرهێنان | رێگاوبان | ٤ | دهۆک | (٤٦,٥ ) کم | ٨١٨٤٦ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| وەبەرهێنان | ڕێگاوبان | ٤ | هەلەبجە | ( ٥٦,٦٥)كم | ١٠٦٠ |
| وەبەرهێنان | ڕێگاوبان | ٢ | گەرمیان | ( ٨,١) کم لەگەڵ پرد | ١٢٣٨٤ |
| **کۆی گشتی ڕێگاوبان** | | ٢٨ | | **٣٠٣,٨٥ کم** | **٢٢٠,٨٦٢** |
| وەبەرهێنان | نیشتەجێکردن | ١ | هەولێر | کاری خزمەتگوزاری بۆ ( ١٤٤) یەکەی نیشتەجێبوون | ٢٩٢ |
| وەبەرهێنان | نیشتەجێکردن | ٢ | سلێمانی | کاری خزمەتگوزاری بۆ ( ٦٠) یەکەی لەگەڵ ١٥٠٠ خانوو | ٩٤,٣٩٦ |
| وەبەرهێنان | نیشتەجێکردن | ٤ | ڕاپەڕین | کاری خزمەتگوزاری بۆ ( ٣٠٠) یەکەی نیشتەجێبوون | ٣,٣٨٨ |
| وەبەرهێنان | نیشتەجێکردن | ١ | گەرمیان | کاری خزمەتگوزاری بۆ ( ٣٦) یەکەی نیشتەجێبوون | ١٩٢ |
| **کۆی گشتی نیشتەجێبوون** | | **٨** | | **٥٤٠ یەکەی نیشتەجێبوون لەگەڵ ١٥٠٠ خانوو** | **٩٨,٢٦٨** |

<u>خشتەی (٢) پرۆژە تەواوبووەکانی وەزارەت لە ساڵی ٢٠٢٢</u>

| جۆری بودجە | جۆری پرۆژە | ژمارەی پرۆژە | پارێزگا | گۆژمەی گشتی پرۆژە ( دینار ) |
|---|---|---|---|---|
| وەبەرهێنان | ڕێگاوبان | ١ | هەولێر( ٢,٧ ) کم | **٢٨٦٠٠٠٠٠٠** |
| وەبەرهێنان | ڕێگاوبان | ٢ | دهۆک (١١) کم | **١٤٢٧٤٠٠٠٠٠٠** |
| ئاسایی | ڕێگاوبان | ١٩ | هەولێر ( ١٧,٥٤٢) کم لەگەڵ چەندین پرۆژەی جۆراوجۆری تر | **١٣٧١٧٢٩٧٣٧** |
| ئاسایی | ڕێگاوبان | ٧ | ئیدارەی سەربەخۆی سۆران | **٧٧٤٦٧٧٧٢٥٠** |
| ئاسایی | ڕێگاوبان | ٤٨ | سلێمانی+ گەرمیان+هەڵەبجە و ڕاپەڕین | **٢١٦٤٣٥٤٠٥٠** |
| داهات | ڕێگاوبان | ٢٦ | هەولێر (٢٤,٢) کم | **٩٤٥١٦٤٥٥٠** |
| داهات | ڕێگاوبان | ٥ | ئیدارەی سەربەخۆی سۆران(٤٧) کم | **١٠٠٢٧٥٠٠٠** |
| داهات | ڕێگاوبان | ٣٣ | سلێمانی+ گەرمیان+هەڵەبجە و ڕاپەڕین | **٢٤٣٣٣٣٣٧٥٠** |
| داهات | ڕێگاوبان | ٣ | دهۆک(٦٠) کم | **٥٠٧٦٦٠٠٠٠** |
| **کۆی گشتی** | | **١٤٤** | | **٢٢,٨٥٧,١٩٤,٣٣٧** |

خشتەی (٣) پرۆژە بەردەوامەکان

| پارێزگا | ژ. پرۆژەکانی ڕێگاوبان | گوژمەی گشتی پرۆژەکانی ڕێگاوبان ( ملیون دینار) | ژ یەکەی نیشتەجێبوون | گوژمەی گشتی پرۆژەکانی نیشتەجێبوون ( ملیون دینار) |
|---|---|---|---|---|
| هەرێم | ٣ | ٥٨٧٠ | | |
| هەولێر | ٤٣ | ١٢٦٣٥٣٧ | ١٣٥٦ | ١٣٤٩٥ |
| سلێمانی | ٤٢ | ٣٣٥٥٧٤ | ٣٨٧٦ | ١٠٨٠٠٠ |
| هەڵەبجە | ٥ | ٩٣٣٨٨ | ١٩٢ | ٣٨٦٣ |
| ڕاپەرین | ٨ | ٣٠٢٩٨ | ٤٢٠ | ٩١٣٠ |
| گەرمیان | ٦ | ٢٥١٨٦٦ | ٣٦٠ | ٩١٨٥ |
| دهۆک | ٢٥ | ٦٨٦٥٩٦ | ٢١١٦ | ١٠٥٣٠٨ |
| زاخۆ | | ٠ | ٣٢٤ | ١٢٧١٣ |
| سۆران | | ٠ | ٣٦٠ | ٥٣٠٣ |
| **کۆی گشتی** | **١٣٢** | **٢,٦٦٧,١٢٩** | **٩٠٠٤** | **٢٦٦,٩٩٧** |


پلانی ستراتیژی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن

- دروستکردنی (٤٣) پرۆژەی ڕێگاوبان بە بودجەی ( ١,٧٠٥،٠٢٢،٠٠٠،٠٠٠) دیناری عێراقی (پرۆژەی نوێ و پێشنیارکراو). کە بریتییە لە دروستکردنی ( ١٦٩,٥ ) کم ڕێگای دووساید و (٩٠) کم ڕێگای یەك ساید و (١١٦) کم نۆژەنکردنەوەی ڕێگا.
- دروستکردنی (١٧) پرۆژەی بیناسازی و نیشتەجێکردن بە بودجەی ( ٢٧٨،٨٦٧،٠٠٠،٠٠٠ ) دیناری عێراقی (پرۆژەی نوێ و پێشنیارکراو). کە بەرهەمەکەی: دروستکردنی (٣٠٠٠) یەکەی نیشتەجێکردن بە خزمەتگوزارییەوە بە شێوازی شووقە یان خانوو دروست بکرێت بۆ هاووڵاتیانی چینی کەم درامەت و خاوەن داهاتی سنوردار لەگەڵ دروستکردنی چەندین بینای گشتی.
- بەردەوامی بە گەشەپێکردنی سیستەمی وێستگەکانی کێش لە ڕێگای نۆژەنکردنەوەی هەبووەکان و دروستکردنی (١٥)ی نوێ.

- گەشەپێکردنی تاقیگەکانی کەرەستەی بیناسازی لە ڕێگای دابینکردنی ئامێری نوێ و پشکنینی تازە و مۆدێرن.
- گەشەپێکردنی توانای دیزاین و تەکنیکی و ئەندازیاری فەرمانگە و ئۆرگانەکانی وەزارەت لە ڕێگای خول و پرۆگرام بە نوێترێن تەکنەلۆجیا.

## وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار:

**لە کۆی (٨) ڕاسپاردە کە ئاڕاستەی شارەوانی و گەشت و گوزار کراوە، (٣) ڕاسپاردە جێبەجێکراوە و (٤) ڕاسپاردە جێبەجێ نەکراوە و (١) ڕاسپاردەش لە پرۆسەی جێبەجێکردندایە.**




| کۆی ڕاسپاردەکان | 8 |
|---|---|
| جێبەجێکراو | 3 |
| جێبەجێنەکراو | 4 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 1 |

### پاراستنی کەلەپوری کەلتوری

وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلەپوور و بەڕێوەبەرایەتییەکانی شار و شارۆچکەکان، ئەرکی لە پێشینەیان پاراستنی شوێنەوار و کەلەپوور دەبێت لە فەوتان و لەناوچوون، کاردەکات بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی و رووپێوکردنی شوێنەوارەکانی کوردستان و بە دیکۆمێنت کردنیان و نۆژەنکردنەوەی (بینا، قولە، پرد، و ... هتد).

شوێنەوارە کەلەپووری و مێژووییەکان و ئەنجامدانی هەڵکۆڵینی شوێنەواری و دەرخستنی قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی شارستانیەتی کوردستان و کەلەپوورە جیاوازەکان و پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی ئایین و نەتەوەی جیاواز لە هەرێمی کوردستان و ڕۆڵی لە بنیادنانی شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا و پاراستنی بەها مرۆییەکان، هەروەها هەوڵی بەکارخستنی کاراتری ئەم شوێنەوارانە دەدات لە بواری زانستی و ئابووری و گەشتیاری، بەپێی ستاندارە کارپێکراوەکان.

سەبارەت بە زیادکردنی هەوڵەکانی پاراستنی شوێنە کەلەپوریە کەلتورییەکان، وەزارەتی شارەوانی هەڵساوە بە ڕزگارکردنی شوێنەوار (إنقاذ الآثار) لە شارۆچکەی شاوێس لە پارێزگای هەولێر. هەروەها نۆژەنکردنەوە و چاککردنەوەی قشڵەی کۆیە بە بڕی (٣،٥٠٠،٠٠٠) سێ ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار، و گواستنەوە و ڕزگارکردنی شوێنەوار (إنقاذ الآثار) لە ناوچەی شوێنەواریی دەربەندی ڕانیە لە ئیدارەی ڕاپەڕین و ناحیەی فایدە لە پارێزگای دهۆك.

چەندین پڕۆژە و کار و چالاکی بابەتی و فەرهەنگی ئەنجامدراون و هەندێک لەو پڕۆژانە لە رووی زانستی و ئەکادیمی دەرئەنجامی زانستی و نێودەوڵەتییان بەدەستهێناوە، لە خوارەوە لیستێک بە کارو چالاکیەکانی ساڵی ٢٠٢٢ لە هەرێمی کوردستان دیاردەکەین.

| ز | کار و چالاکی ( ساڵی ٢٠٢٢ ) | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | ئەنجامدانی پڕۆژەی شوێنەواری (پاراستن، نۆژەنکردنەوە، هەڵکۆڵین) | ٧٠ | |
| ٢ | پێدانی مۆڵەت و پشکنینی شوێنەواری بۆ پڕۆژەکانی حکومی و کەرتی تایبەت | ١٥٦٢ | |
| ٣ | گرێبەست کردن و نوێکردنەوەی شوێنەواری | ١٢ | |
| ٤ | داوای یاسایی و بەدواداچوون لە دادگاکان | ٣٣ | دوو داوا پلەی کۆتاییان وەرگرتووە. |
| ٥ | وەرگرتنی بەڵێننامە لەوانەی پڕۆژە ئەنجام دەدەن | ٢٥٨ | |
| ٦ | قەرەبووکردنەوەی ئەو شوێنانەی دەکرێن بە شوێنەوار | ٢١٥ | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٧ | زێدەڕۆیی کردنە سەر شوێنەوار | ١١١ | |
| ٨ | کۆنفرانس و چاوپێکەوتن و پەیامی رۆژنامەوانی | ٩٤ | |
| ٩ | چاوپێکەوتن لەگەڵ شاند و کەسایەتیەکان کە لە دەرەوە دێن | ٧٩ | |
| ١٠ | بەشداری کردن لە راهێنان و سیمینار و کۆنفرانس لە ناوەوە و دەرەوە | ٣٥ | |
| ١١ | خولی هوشیارکردنەوەی خەڵک لە قوتابخانەکان و شوێنی تر | ٦٢ | |
| ١٢ | سەردانیکردنی خەڵک بۆ مۆزەخانەکان | ٣١٢١١ | |
| ١٣ | سەردانیکردنی بۆ دوو کتێبخانەی شوێنەوار بە مەبەستی توێژینەوە لە هەولێر و سولەیمانی | ١٣٢ | |
| ١٤ | رەخساندنی هەلی کار بۆ خەڵک لەگەڵ تیمی بیانی | ١٠٠٠ | |

<u>تێبینی</u>: (٧٩) شوێنەوار لە سنووری پارێزگای دهۆک بە هۆی شەڕی نێوان سوپای تورکیا و PKK خاپوور کراوە.

<u>مافەکانی کەسانی کەم ئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت</u>

وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار بە گرینگی دەڕوانێتە بابەتی مافەکانی کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەتەکان و بۆ ئەو مەبەستەش چەندین کار ئەنجام دراوە لەو بوارە و لەو خاڵانەی خوارەوە روون کراوەتەوە:

- بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلان دانان و بەشداری نوێنەرانی هەریەک لە فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون و وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن و دەستەی وەبەرهێنان ، هەڵساون بە ئامادەکردنی ژمارەیەک کۆدی بیناسازی، یەکێک لەو کۆدانە تایبەتە بە گەیشتن (Accessibility Code) و بە نووسراوی ژمارە ( ١٨٣٢ ) لە ٢٠٢٢/٦/٢٨ لەلایەن وەزارەتی پلان دانان نێردراوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ پەسند کردنی، بە

پەسند کردنی و گشتاندنی و کەوتنە بواری جێ بەجێکردن زۆربەی هەرە زۆری کێشەکان چارەسەر دەبن، چونکە هەموو تێبینیەکان لەخۆ دەگرێت و لە کاتی پێدانی مۆڵەتی بینا و جێبەجێکردنی پرۆژەکان دەبێ پابەند بن بەو کۆدە کە تیایدا مافی گەیشتن بۆ کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت فەراهەم کراوە.

- رێنماییەکانی نەخشەدانانی ئاوەدانی بۆ شێوازی دروستکردنی پرۆژەکان و شەقام و باڵەخانەکان گشتاندنی بۆ کراوە کە تیایدا رەچاوکردنی پێداویستی کەم ئەندام دیارکراوە .
- دابینکردنی زەوی لە شوێنی گونجاو بۆ دروستکردنی بنکە و سەنتەری تایبەت بە دام و دەزگا تایبەتمەندەکان بە خاوەن پێداویستی تایبەتەکان لەکاتی داواکردنی بەبێ دواکەوتن .
- ئامادەکردن و دابەشکردنی زەوی بەسەر ئەندامانی کۆمەڵەی ژین و هاوشێوەکانی کە رەزامەندیان هەیە و ناونانی ئەو شوێنە بەناوی گەڕەکی (ژین) وە دابین کردنی خزمەتگوزاری پێویست لەلایەن شارەوانی بۆ ئەو گەڕەکە لە (ئاوەڕۆ، تۆڕی ئاوی خواردنەوە، شەقام، کارەبا، قیرتاوکردن) .

<u>لە سێکتەری گەشت و گوزار ئەم کارانە ئەنجامدراوە:</u>


- سیاسەتی دەستەی گەشتوگوزار بریتییە لە رێزگرتن لەو گەشتیارانەی کە روو لە هەرێمی کوردستان دەکەن، ساڵانە ژمارەیەکی زۆر گەشتیار لە باشوور و ناوەڕاستی عێراق و وڵاتانی تری جیهان سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن، لە رێگەی کەناڵەکانی راگەیاندنەوە بەردەوام جەخت لەوە دەکەینەوە کە هاونیشتمانیان رێز لە گەشتیار بگرن.
- لە بازگەکان بە گەرمییەوە پێشوازی لە گەشتیاران دەکرێت و مامەڵەیەکی شارستانیانەیان لەگەڵ دەکرێت، سەرجەم دام و دەزگا و هاووڵاتیانی هەرێمی کورستان بەبێ لەبەرچاو گرتنی رەگەز و تەمەن و نەتەوە رێز لە گەشتیاران دەگرن و تا ئێستا هیچ دیاردەیەکی رەگەز پەرستانە بەرامبەر گەشتیاران تۆمار نەکراوە و بە تەواوی مافیان پارێزراوە.
- ساڵی ٢٠٢١ ژمارەی ئەو گەشتیارانەی سەردانی هەرێمی کوردستانیان کردبوو بریتی بوو (٤،١٨٩،٠٠٠) کەس کە (٨٥٪)ی گەشتیار خەڵکی ناوەڕاست و باشووری عێراقن و (١٥%) هاووڵاتی بیانی بوون، لە ساڵی ٢٠٢٢ زیاتر لە ( ٦ )شەش ملیۆن گەشتیار روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە.

- گەشتوگوزار یاسایەکی تایبەت بە خۆی هەیە کە لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچووە و تیایدا ئەرك و مافی هەموو لایەنەکان دیاریکراوە.

## <u>وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:</u>

**لە کۆی (١٣) راسپاردە کە ئاڕاستەی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کراوە، (٤) راسپاردە جێبەجێکراوە و (٣) راسپاردە جێبەجێ نەکراوە و (٦) راسپاردەش لە پرۆسەی جێبەجێکردندایە.**

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی




| | |
|---|---|
| 13 | کۆی ڕاسپاردەکان |
| 4 | جێبەجێکراو |
| 3 | جێبەجێنەکراو |
| 6 | لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە |

<u>جیاکاری ڕەگەزی</u>

سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی کەلتووری جیاکارینەکردن و ڕێزگرتن لەوانی دیکە و لێبوردەیی، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی گرنگی داوە بە بەرنامە و پرۆگرامی خوێندن بەئاراستەی ڕونکردنەوەی زیاتری چەمکەکانی پێکەوەژیان، بەتایبەت لەکۆلێژە پەروەردەیی و

مرۆڤایەتی و یاساییەکان، نمونەی بابەتی (Diversity Education) لە زۆربەی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان دەخوێندرێت و بڕگە و بابەتەکانی هەوڵێکن بۆ پێکەوژیان و ڕێزگرتن لە جیاوازییەکان .

سەبارەت بە وەرگرتنی قوتابیانی پێکهاتەکان لە بەشەکانی زمانی تورکی و سریانی  لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بە بێ ڕەچاوکردنی کۆنمرە دەکرێت. هەروەها وەزارەتی ناوبراو گرنگی دەدات بە سێنتەرەکانی جێندەر و یەکسانی جێندەری لە زانکۆکان و دیاریکردنی ڕۆڵیان لەبارەی پرسەکانی مافی مرۆڤ و پێکەوە ژیانی هاوبەشانەی نێوان جیاوازییەکان.

هەروەها تێکهەڵکێشکردنی خوێندنی مافەکانی مرۆڤ لە پرۆگرامەکانی خوێندنی قوتابخانە و زانکۆکاندا، و بەردەوامبوون لە جێبەجێکردنییان، لە نێویاندا خوێندنی پەیوەست بە یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەز و مافەکانی منداڵ و بەردەوامیدان بە هەوڵەکانی پەیوەست بە برەودان بە هەلی کار بۆ لاوان لە ڕێی خوێندن و ڕاهێنانی پیشەییەوە، هاوکات برەودان بە سیستەمی خوێندن لە ڕێی زیادکردنی بودجەی کەرتی خوێندن بۆ ئەوەی سیستمی خوێندن ڕەنگدانەوەی کەلتوری سەرجەم پێکهاتەکان بێت.

<u>مافەکانی کەسانی کەم ئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت</u>

وەزارەتی ناوبراو هەوڵی زۆری داوە گرنگی زیاتر بدات بۆ دەستەبەرکردنی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بە خوێندن و ڕاهێنانی پیشەیی بە خۆڕایی و لابردنی سەرجەم ئاستەنگەکان، هەروەها تەرخان کردنی پشکی کورسی خوێندنی تایبەت لە پرۆگرامەکانی خوێندنی زانکۆیی حکومی و ئەهلی.

وەزارەتی ناوبراو سەدا سەدی کەمئەندام و نابینایان لە خوێندنی باڵا/ ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان وەردەگرێت بة مەرجيك لة تاقيكردنەوەی توانستی زانستی دەرچووبێت، بۆ ئەمەش ٦ وەرگیراوی نابینا بە ڕێژەی ١٠٠% سوودمەند بوون .

ئاوارە ناوخۆییەکان

سەبارەت بە دەستڕاگەیشتنی ئاوارە ناوخۆییەکان بە خوێندن، وەزارەتی ناوبراو ئاوارە و پەنابەرە بیانی و ناوخۆیەکان لە زانکۆ و پەیمانگە حکومی و تایبەتەکان هاوشانی قوتابیانی هەرێمی کوردستان وەدەگیرێت . هەروەها دەستەبەرکردنی خزمەتگوزارییەکانی بەشە ناوەخۆییەکان و شوێنی حەوانەوە و ئاوەڕۆ و شوێنە سەلامەتەکان بۆ خوێندن .

وەزارەتی ناوبراو کارئاسانی تەواوی کردوە بۆ وەرگرتنی خوێندکاران و قوتابیانی کەرکوک و ناوچە دابڕێندراوەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت ئەو قوتابیانەی لە قوتابخانە کوردییەکان دەخوێنن، بۆ ساڵی ٢٠٢١ – ٢٠٢٢، ١١٦٠ قوتابی کارئاسانیان بۆ پێشکەش کرا.

مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان

سەبارەت بەم بابەتە، وەزارەتی ناوبراو بەشێک لە ناوەڕۆکی دیبەیت لە بابەتی (کارامەییە ئەکادیمییەکان) بۆ مادده هۆشبەرەکان و زیانەکانی و چۆنییەتی خۆ ڕزگارکردن لێیان تەرخانکردووە، هەروەها نمایشکردنی زیانەکانی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر لەسەر ئاستی هەریەک لەتاک و کۆمەڵ لەڕێگەی چالاکی و پێشبڕکێی هەڵواسینی پۆستەر جێگای بایەخ پێدانێکی زۆرە لەلایەنی زانکۆکانەوە. هەوڵی زور دراوە بۆ دروستکردنی لێژنەیەکی ڕاوێژکاری و ئاراستەکاری لەسەر ئاستی زانکۆکان و سەرپەرشتیکردنی دۆسیەی ئاڵودەبووان و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنیان و ڕێگەگرتن لەتەشەنە نەکردنی ئەو نەخۆشییە کوشندەیە. هەروەها پێویستە هۆشیاری تایبەت بڵاوبکرێتەوە بۆ قوتابیەکانی زانکۆ دەرباری یاسای مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان و زیان و مەترسییەکانی، ئەویش لە ڕێی سیمینار و هەڵمەتەکانی راگەیاندن لەم بوارەدا.

پلانی ستراتیژی

وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی پلانی ستراتیژی وەزارەت بۆ ساڵی ٢٠٢٣ ڕادەگەێنێت، کە ئەولەویتی کارکردن لەمساڵدا فراوانکردنی مەودای خوێندنی تەکنیکی و پیشەییە لە هەرێمی

کوردستان و ئامادەکردنی ڕێنماییەکانی تاقیکردنەوەکان، سەنتەری ڕاوێژکاری قوتابیان و خوێندکاران، هەروەها داڕشتنەوەی سیاسەتی وەزارەت و ڕاسپاردنی زانکۆکان بەمەبەستی ئەنجامدانی ڕوپێوی بازاڕی کار و گونجانی لەگەڵ توانست و پرۆگرامەکانی خوێندن.

لە ڕێکەوتی (١٠/١/٢٠٢٣) بەسەرپەرشتی د. ئارام محمد قادر وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و ئامادەبونی بریکاری وەزارەت و ڕاوێژکار و بەڕێوەبەرانی گشتی، کۆبونەوەی ڕاوێژکارو بەڕێوەبەرانی گشتی وەزارەت بۆ جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی وەزارەت بۆ ساڵی ٢٠٢٣ بەڕێوەچوو.

لە سەرەتای کۆبونەوەکەدا وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ڕایگەیاند: ئەولەویەتی کارکردنمان بۆ ئەمساڵ بریتی دەبێت لە پەرەپێدانی خوێندنی تەکنیکی و پیشەیی و بەردەوامی ڕێفۆرمی خوێندنی باڵا و بەستنەوەی زیاتری ناوەڕۆکی پرۆگرامەکانی خوێندن بە پێداویستییەکانی بازاڕی کار. هەروەک ئاماژەی بە دواین ئامادەکارییەکانی خوێندنی دبلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا بۆ ئەمساڵ کرد و فەرمانگەی تایبەتمەندی ڕاسپارد بۆ خستنەڕوی دواین ئامادەکارییەکان.


لەبەشێکی دیکەی کۆبونەوەکەدا ئامادەکردنی ڕێنماییەکانی وەرگرتن، تاقیکردنەوەکان، سەنتەری ڕاوێژکاری قوتابیان و خوێندکاران و گرانتی توێژینەوەی زانستی و ئەنجامدانی کۆنفرانسە زانستییەکان بەتایبەت لەبواری TVET و پرۆگرامەکان و یاسا و زمانی کوردی و بابەتەکانی تر تاوتوێکرا.

لەبارەی گرنگی ئەنجامدان و پاڵپشتی کردنی توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستان، وەزیری خوێندنی باڵا دوپاتیکردەوە، دەبێت هەمیشە ئەو ڕاستییەمان لەپێش چاو بێت کە توێژینەوەی زانستی سەرچاوەی گەشەپێدانی هەمەلایەنەی وڵاتەکەمانە، گەشەکردنی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان دەبێت پشت بەتوێژینەوەی زانستی ببەستێت، بۆیە ئێستا لە هەمو کات زیاتر سێکتەرە جیاوازەکانی هەرێمەکەمان و کێشەکانمان پێویستی بەڕێنوێنی توێژەرەکانمانە، زانکۆکان و توێژەرەکانمان دەبێت هاوکار بن لە چارەسەرکردنی ئەوپرسانەی کە لەسەر ئاستی نیشتمانی پێویستیان بە توێژینەوەی زانستیی هەیە.

لەبەشێکی دیکەی کۆبونەوەکەدا هەریەک لە بریکاری وەزارەت و ڕاوێژکارانی وەزیر و بەڕێوەبەرانی گشتی، بە خستنەڕوی تێبینی و سەرنجی بەسوود بۆ دەوڵەمەندکردنی کارنامەی کارکردنی وەزارەت بۆ ساڵی ٢٠٢٣ گفتوگۆکان بەردەوام بوون.

**<u>وەزارەتی پلاندانان:</u>**

**لە کۆی (١٤) راسپاردە کە ئاڕاستەی وەزارەتی پلان دانان کراوە، (٢) راسپاردە جێبەجێکراوە و (٧) راسپاردە جێبەجێ نەکراوە و (٥) راسپاردەش لە پرۆسەی جێبەجێکردندایە.**




| | |
|---|---|
| 14 | کۆی ڕاسپاردەکان |
| 2 | جێبەجێکراو |
| 7 | جێبەجێنەکراو |
| 5 | لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە |

<u>گرێبەستە گشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان</u>

سەبارەت بە ئامادەکردنی بەڵگەنامەیەکی پێوەرئاسا بۆ کرینی دەرمان و پێداویستی و ئامێرە پزیشکییەکان و خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکان بە گوێرەی ڕێککەوتنی چوارچێوەئاسا، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان و بەکارهێنانیان لە کەمکردنەوەی کێبڕکێیەکی کراوە و سنوردار کە دەسەڵاتەکانی ئەنجامدانی گرێبەست لە هەرێمدا جێبەجێی دەکەن، وەزارتی ناوبراو

به هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و تیمی پسپۆڕانی کۆری کاردەکات لەسەر پرۆژەی بە ئەلیکترۆنی کردنی سیستەمی گرێبەستە گشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەم پرۆژەیە لە ساڵی ٢٠١٨ یەوە دەستپێکراوە  و لە ٢٠٢٢\١٢\٥ کاری پێدەکرێت و کەوتووتە بواری جێبەجێکردن کە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان دەتوانن لە قۆناغی بانگەوازی تەندەرەوە تا دەگات بە واژۆکردنی گرێبەست سودی لێ ببینن و بەکاری بهێنن. هەروەها گشت کۆمپانیاکان لە ڕێگەی ئەم سیستەمەوە ئەتوانن خۆیان تۆمار بکەن بۆ کێبرکێی و ئەنجامدانی پرۆژەکان بە شێوازێکی زۆر ئاسان پرۆسەکانی تەندرین و دیاریکردنی گرێبەستەکان ئەنجامبدەن.

دیزاینی پرۆژەکە تەواو بووە و ئامێر و سێرڤەرەکان لە فەرمانگەی تەکنۆلۆجیای زانیاری حکومەت دانراون و پرۆسەی ڕاهێنان بە سەرپەرشتی پسپۆڕانی کۆری بە تیمی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان لەسەر ئەم سیستەمە ئەلیکترۆنییە دەستی پێکردووە.

توانای دامەزراوەکان و ڕەخساندنی هەلی کار

بە مەبەستی ئەنجامدانی چاکسازی لە پێناو باشترکردنی توانای دامەزراوەکان بە چەشنێك کە بگونجێت لەگەڵ پلانی پەرەپێدانی بەردەوام بۆ ساڵی ٢٠٣٠ لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، وەزارەتی ناوبراو کە لەلایەن دەستەی ئاماری هەرێم بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی UNDP و بە پاڵپشتیی دارایی رێکخراوی (USAID) کاری کردووە لەسەر ڕووپێوی دامەزراوەکانی ئابووریی زۆربچووك، بچووك و مامناوەند.

ڕووپێوەکە ئامار و داتای وردی دەگرێتەبەر لەبارەی ژمارەی دامەزراوەکانی زۆربچووك، بچووك و مامناوەند، دەستی کار و لایەنی فەرمی و نافەرمیی دامەزراوەکان، لەگەڵ ئاستەنگ و گرفتەکان و ڕێژەی بەشداریی ئافرەتان لە خاوەندارێتیی دامەزراوەکان و چەند نیشاندەرێکی گرنگی تر.

ڕووپێوەکە یەکێکە لە پلانە ستراتیژیەکانی وەزارەتی پلاندانان وە لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٢١ ئامادەکاری بۆ کراوە لە لایەن دەستەی ئاماری هەرێم، ئامانج لەم  ڕووپێوە دۆزینەوەی میکانزمی گونجاوە بۆ زیاتر ڕەخسانی هەلی کار بۆ دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان و برەودان بە بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەیی و تواناکانی دەستی کار لە کەرتی تایبەت لە ڕێگەی نەهێشتنی ڕۆتین

و چاکسازیکردن لە تۆمارکردنی دامەزراوە نافەرمییەکان و ڕۆڵبینینی زیاتری کەرتی تایبەت هاوشانی کەرتی حکوومی لە هەرێمی کوردستان.

وەزارەتی پلاندانان بە پاڵپشتی ڕاوێژکاری نێودەوڵەتی، ڕەشنووسی یەکەمی دیدگای ٢٠٣٠ی هەرێمی کوردستانی ئامادەکرد و بۆ ئەم مەبەستەش چەندین ۆرکشۆپیان بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕێکخست بۆ زیاتر گفتگۆکردن و دەوڵەمەندکردنی کۆڵەکەکانی پێکهاتەکەی ڕەشنووسەکە. هاوکات، خولەکانی ڕاهێنانی ئەنیستیتۆی کوردستان بۆ کارگێڕی گشتی (کیپا- KIPA) کە لە مانگی ٨ی ٢٠٢٠ تاکو ئێستا ئەنجامدراون کە بریتیبوون لە ٤٧ خولی جۆراوجۆر لە بوارەکانی کارگێڕی، بودجە، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، کۆمپیوتەر، گرێبەستە گشتییەکان و هتد کە ٨٥٩ فەرمانبەری دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم تیایاندا بەشداربوون.

<u>ستراتیژییەتی کەمکردنەوەی هەژاری بۆ ساڵی ٢٠١٨ – ٢٠٢٢</u>

سەبارەت بە بەردەوامبوون لە جێبەجێکردنی کارای ستراتیژییەتی کەمکردنەوەی هەژاری بۆ ساڵی ٢٠١٨ - ٢٠٢٢ و پلانی گەشەپێدانی نیشتیمانی بۆ ساڵی ٢٠١٨ - ٢٠٢٢، و دەستەبەرکردنی سەرچاوەی پێویست بۆ جێبەجێکردنییان، لە پێناو بەدیهێنانی ئاستێکی گوزەرانی باشتر بۆ دانیشتوانەکەی، و بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام و نەهێشتنی هەژاری، وەزارەتی پلاندانان لەڕێی سندووقی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتییەوە کە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی عێراقییەوە بەڕێوە دەبردرێت، کاری کردووە بۆ گەشەپێدانی گوندەکان و ناوچەکانی دەوروبەری شارەکان. دوای دەستنیشانکردنی هەژارترین گوند و ناوچە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای بانکی نێودەوڵەتی کۆمەکیان دەکرێت بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی بچووک. لە ساڵی ٢٠١٩ ئەم پرۆژەیە جگە لە چەند پارێزگایەکی عێراق، لە هەرێمی کوردستان لە سنووری پارێزگای دهۆک و ساڵی ٢٠٢٠ لە سنووری پارێزگای سلێمانی هەندێک پرۆژە ئەنجامدراوە، و لە ساڵی ٢٠٢١ لە سنووری پارێزگای هەولێر خراوەتە جێبەجێکردن و بەردەوامی هەیە.

سەبارەت بە جێبەجێکردنی سیاسەت و ستراتیژییەتەکانی پەیوەست بە کەمکردنەوەی هەژاری، پێویستە وەزارەتی ناوبراو ئەو پرۆگرامانە بگرێتە بەر لە پێناو بەدیهێنانی ئەوپەڕی ڕاددەی گەشە

و خۆشگوزەرانی. هەروەها پێویستە دۆخی ئاوارەکان باشتر بکات و هەوڵی زیادکردنی سەرچاوەکان بۆیان و ئەولەویەت بدات بە کێشەکانیان لە نێو پرۆگرامەکانی هاوکاری کۆمەڵایەتیدا.


چالاککردنی کەرتی تایبەت و وەبەرهێنان

سەبارەت بە گرتنەبەری سیاسەتی گەشەپێدان بە ئامانجی چالاککردنی کەرتی تایبەت و وەبەرهێنان وەك کارکردنێك لەسەر برەوپێدان و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، وەزارەتی ناوبراو بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بەردەوامە لە ئامادەکردنی ڕەشنووسی پلانی ڕیفۆڕمی ئابووری ٢٠٢١ - ٢٠٢٣ ی هەرێمی کوردستان. بەدەر لەم خاڵەش، وەزارەتی پلاندانان چەندین ڕاپۆرت و توێژینەوەی ئامادەکردووە، لەوانەش ڕاپۆرتی هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهات و دابینکردنی هەلی کاری زیاتر، توێژینەوەی ڕۆڵی کەرتی گەشتیاری لە پەرەپێدانی بەردەوام، و ڕاپۆرتی پەرەپێدانی توانای هەناردەکردنی بەرهەمە پیشەسازییەکان.

هەروەها وەزارەتی ناوبراو بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوی کاری جیهانی (ILO) دوو پرۆژە یاسایان ئامادە کردووە ئەوانیش بریتین لە یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی و خانەنشینی کەرتی تایبەت و یاسای کاری وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی کە لەو ڕێگەیەوە ڕێژەی بێکاری کەمتر دەبێتەوە و خزمەتێکی گەورە بە کرێکاران و هەموو ئەوانە دەکات کە لەکەرتی تایبەت کار دەکەن تاوەکو هاوشێوەی کەرتی حکومی خانەنشین بکرێن لەچوارچێوەی دەستەبەری ماف و داخوازیەکانیان لەکەرتی تایبەت هاوشێوەی کەرتی گشتی (حکومی).

## وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی:

**لە کۆی (٩٢) ڕاسپاردە کە ئاڕاستەی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی کراوە، (٢١) ڕاسپاردە جێبەجێکراوە و (٦٦) ڕاسپاردە جێبەجێ نەکراوە و (٥) ڕاسپاردەش لە پرۆسەی جێبەجێکردندایە.**




| | |
|---|---|
| کۆی ڕاسپاردەکان | 92 |
| جێبەجێکراو | 21 |
| جێبەجێنەکراو | 66 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 5 |

### مافی کەمئەندامان و کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت

بەپێی بڕگەی سێیەم لە یاسای ماف و ئیمتیازاتەکانی کەمئەندامان ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠١١ هەموارکراو بە یاسای ژمارەی ٨ی ساڵی ٢٠٢١ خاوەن پرۆژەکانی نیشتەجێبوون پابەند دەکات کە ڕێژەیەک لە یەکەکان تەرخان بکەن بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت، بەڵام تا ئێستا جێبەجێنەکراوە.

وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ڕەشنووسی سندوقی چاودێری و شیاندنەوە، و ڕەشنووسی پێدانی مۆڵەتی بە کەمئەندامان ئامادەکردووە، هەروەها ٢٠ ۆورکشۆپ و ١٥ خولی ڕاهێنانی ئەنجامداوە. هەروەها دەربارەی بەهێزکردنی بەشداری سیاسی و مەدەنی کەمئەندامان، وەزارەتی کار ٤٠ خولی ڕاهێنان و ۆورکشۆپی لەمبارەیەوە ئەنجامداوە، بەڵام تا ئێستا ئەم مافانە بە تەواوی دەستەبەرنەکراون.

سەبارەت بە زمانی ئاماژە وەزارەتی کار ٦٠ ۆورکشۆپ و خولی ڕاهێنانی ئەنجامداوە بۆ برەودان بە زمانی ئاماژە بۆ نابیستان. هەموارکردنەوەی یاداشتی لێکتێگەیشتنی نێوان وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی پەروەردە ئەنجامدراوە سەبارەت بە وەرگرتنی قوتابیان و خوێندکارانی پەیمانگاکانی هیوای نابیستان و ڕووناکی بۆ نابینایان لە ئامادەییە پیشەییەکان و هەردوو پەیمانگای کۆمپیوتەر و هونەرەجوانەکان. هەروەها، یاداشتنامەکە بۆ ئامادەکردن و پێگەیاندنی وەرگێڕانی زمانی ئاماژە بوو بۆ نابیستان کە لەناو کۆمەڵگە و بواری میدیایی تووشی کێشەی تێنەگەیشتن و لێکحاڵینەبوون و ئاستەنگی جێبەجێکردنی کارەکانیان دەبنەوە.

وەزارەتی کار بە پشتیوانی کونسولخانەی ئەڵمانیا لە هەولێر پرۆژەیەکی تایبەت بۆ فێربوونی زمانی ئاماژە بۆ نابیستان ئەنجام دەدات کە بودجەکە لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا تەرخان کراوە کە بە چەند قۆناغێکدا دەڕوات، کە یەکەم قۆناغ پێگەیاندنی ٢٠ وەرگێڕی زمانی ئاماژەیە بۆ نابیستان.

ئامانجەکان بریتین لە: پێگەیاندنی ٢٠ وەرگێڕی زمانی ئاماژە بۆ نابیستان بۆ ١٤ حەفتە کە هەر حەفتەی ٤ ڕۆژ وانە دەخوێنن تا بتوانن هاوکاری نابیستان بن لە ڕاییکردنی مامەڵە حکومییەکان، تۆمارکردنی وانەکانی فێربوونی زمانی ئاماژە بۆ یەکەم جار لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی سەرنجراکێش و بڵاوکردنەوەی لە ماڵپەرەکانی وەزارەتەکە و ڕێکخراوەکە و پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا تا زۆرترین کەس بتوانن سودی لێببینن، و هەوڵدان بۆ برواپێهێنانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن تا لایەنیکەم هەواڵە سەرەکییەکان یاخود بەرنامە پڕبینەرەکانیان لەگەڵ هەبوونی وەرگێڕی زمانی ئاماژە پەخش بکەن تا نابیستان لە هەواڵ و زانیارییە گرنگەکان بێبەش نەبن.

دەربارەی خوێندنی بەخۆڕایی و جیانەکردنەوەی کەمئەندامان لە قۆناغە جیاجیاکانی خوێندن، ئەم پرسانە لە یاسای ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠١١ هەموارکراو ئاماژەی پێدراوە . وەزارەتی کار یاداشتی

لێکتێگەیشتنی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە کردووە، هاوکات هەماهەنگی هەیە لەگەڵ یونیسێف و یونیسکۆ و لەمبارەیەوە ٨٠ ۆورکشۆپ و خولی ڕاهێنانیان ئەنجامداوە. بەڵام وەک پێویست کاری لەسەر نەکراوە.

پێویستە کەسانی کەمئەندام بێ جیاوازی ڕەگەز و تەمەن هەلی کاریان بۆ دابینبکرێت. لە کەرتی حکومی ١٣،٢٤٩ کەمئەندام فەرمانبەرن، بەڵام لە کەرتی تایبەت ڕێنماییەکی دیاریکراو نییە بۆ دامەزراندنیان، هاوکات قەرزی بچووک بەردەست نییە.

سەبارەت بە تواناداركردنی کەسانی کەمئەندام و لە نێوانیاندا ئافرەتانی کەمئەندام لە زۆربەی ڕاهێنان و مەشقی پیشەیی لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی ڕاهێنانی پیشەیی پشکی کەمئەندامان و لەنێوانیاندا ئافرەتانی کەمئەندام زامنکراوە کە دەبێتە هۆی ئامادەبوونیان بۆ دووزینەوەی هەلی کار و کاری سەربەخۆیان.

سەبارەت بە هاندانی خاوەن کار لە پڕۆژە تایبەتەکان تاوەکو کەسانی کەمئەندام دابمەزرێنین لەمادەی (٦) لە یاسای ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠٢١ هەموارکردنی یەکەمی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتە باڵا ئاماژەیان پێکراوە کە خاوەن پڕۆژە تایبەتەکان پابەند دەبن بە بەکارخستنی ڕێژەیەك لە کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتە باڵایەکان لە پڕۆژەکانیاندا و شیاندن و ڕاهێنانی گونجاو بۆ دەکرێت تا لەگەڵ پێداویستیەکانی کار گونجاوبێت، حکومەتیش تا ماوەی (٣) ساڵ نیوەی مانگەکانیان لە ئەستۆ دەگرێت.

کاری پێویست ئەنجامدراوە بە دیاریکردنی ڕێژەیەك لە یەکەکانی نیشتەجێبوون بۆ کەسانی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت بە نووسراوی ئاراستەکراو بۆ دەستەی وەبەرهێنان ژمارە (٤٨٥) لە ٢٠٢٢/٥/٢٢.

سەبارەت بە فەراهەمکردنی مافە سیاسیەکان، لە یاسای ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠١١ هەموارکراو، هیچ ڕێگریەکی تیا نیە لە بەردەستەکردنی مافەکانی سیاسی بەڵکو لە مادەی (دووەم/یەکەم : باس لە مسۆگەرکردنی هەموو ماف و ئازادیە بنەڕەتیەکان کراوە) ، هەروەها لە مادەی (شازدەم) باس لە ماف و دەستکەوتەکانی ئەم یاسایە کراوە کە بریتیە لە ڕادەی هەرەمەکی ئەو مافانەی کە دەبێت کەمئەندام لە هەرێمدا لێیان بەهرەمەند بن.

پاراستنی منداڵ

وەزارەتی کار پڕۆژە یاسای پاراستنی منداڵی ڕەوانەکردووە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، ڕەشنووسی یاساکە لە ٨٢ مادده پێکهاتووە و باس لە دروستکردنی ئەنجوومەنێك دەکات بۆ دانانی ستراتیژ و پلان و سیاسەت بۆ پاراستنی منداڵ و دابینکردنی مافەکانی منداڵ. پڕۆژەکە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران نێردراوە بەڵام پەسەندنەکراوە.

هەروەها لە یاساکانی هەرێمدا بە گوێرەی پێویست باس لە فەراهەمکردنی چاودێری تەندروستی نەکراوەتەوە، لەوانەش دەستنیشانکردنی پێشوەختە بۆ منداڵ و جەوان و پیر بە یەکسانی، جەختکردنەوە لە گرنگی جێندەر لە کاتی چارەسەکردن، و پێدانی بیمەی تەندروستی و قەرەبووکردنەوەیان بە گوێرەی پێویست.

وەزارەتی کار ڕەشنووسێکی ئامادەکردووە بۆ هەموارکردنەوەی ئەو بڕگانەی یاسای سزادان کە پەیوەندیدارن بە مافی منداڵ و سزای جێگرەوە، لەگەڵ دوو ڕەشنووسی تر کە پەیوەستن بە مافی منداڵ و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی. زیاتر لە ٣٠ ۆورکشۆپ و ٢٠ خولی ڕاهێنانیان لەمبارەیەوە ئەنجامداوە.

ڕەشنووسی یاسای کاری هەرێم کە لە لایەن وەزارەتەوە ئامادەکرابوو لە دوا قۆناغ لە پەرلەمانی کوردستان تاوتوێ کرا و ئەو بابەتەی پەیوەندی بە کەمترین تەمەنی کارکردن و مەرجەکانی کارکردنی نەوجەوانان لە خۆ دەگرێت. هەروەها، دوای ئامادەکردنی ڕەشنووسی یاسای پاراستنی منداڵ کە لەلایەن وەزارەتی کارەوە ڕەوانەی ئەنجوومەنی شورا کراوە.

وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ئەرکی خۆی بەجێ گەیاندووە بە ئامادەکردنی سیاسەتی پاراستنی منداڵ لە هەرێمدا بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بەرزکرایتەوە.

بەپێی یاسا و واقعی فعلی هیچ ڕێگریەك نەبووە لە بەردەم بوونی منداڵانی کەمئەندام بۆ درێژەدان بە خوێندن دوای قۆناغی (ئامادەیی) بۆ زانکۆکان، هەروەکو لە مادەی (نۆیەم/یەکەم – دووەم) ئاماژەی پێکراوە، هەروەها جێبەجێکردنی ئاوێتەکردنی پەروەردەی گشتگیر لە قۆناغی سەرەتایی و ئامادەیی کاری لەسەر کراوە، تاکو ئێرە وەزارەتی کار کاری لەسەر کردووە.

ئەو ئافرەتانەی ڕووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە

کوێستان محەمەد، وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەزامەندی داوە لە سەر پێدانی ژمارەیەک لە ئەو یەکە نیشتەجێبوونانەی کە بڕیار وایە بۆ کەسانی هەژار و کەمدەرامەت دروست بکرێن بۆ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی.

کوێستان محەمەد، بە پێگەی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستانی ڕاگەیاند:''کاتێک ئەوە ڕاگەیەندرا کە ٢٠ هەزار یەکەی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان دروست دەکرێن، نامەیەکمان ئاڕاستەی بەڕێز مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد، تاوەکو ژمارەیەک یەکە بدەن بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بێ بەرامبەر.''

وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی گوتیشی:''وەزارەتەکەیان ئەو یەکە نیشتەجێبوونانە بۆ دوو حاڵەت بەکار دەهێنن کە یەکەمیان بۆ ئەو منداڵانەی کە ١٨ ساڵ تەواو دەکەن، ئەو یەکانەیان پێ بدەین، تاوەکو دەگەنە تەمەنی ٢٤ ساڵ تاوەکو دەبنە خاوەنی خێزان و پیشەی خۆیان و ژیانێک بۆ خۆیان دروست دەکەن، دوای ئەوە لێیان وەر بگیرێتەوە بدرێتەوە بەو منداڵانەی کە دوای ئەوان ١٨ ساڵ تەواو دەکەن. دووەمیشیان بۆ ئەو ژنانەی کە لە ماڵەکانی داڵدەدانی ئافەرەتان ڕووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە و کێشەکانیان هەندێکیان چارەسەر کراوە و بەڵام بە داخەوە خێزانەکانیان وەریان ناگرنەوە و بێ لانەن، بۆیە بەشێکیان دەدەینە ئەو ژنانە کە بەشێکی زۆریشیان منداڵیان لە گەڵدایە و هەوڵیش دەدەین کاریان بۆ بدۆزینەوە.''

یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی

وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی پڕۆژەی ڕەشنووسێکی یاسایی بۆ خانەنشینی و دەسەتەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران هەیە بەڵام بەرکار نەکراوە.

بەڕێوەبردنی چاکسازییەکان و شوێنەکانی دەستبەسەرکردن

وەزارەتی کارو و کاروباری کۆمەڵایەتی رەشنووسی پرۆژە یاسای بەڕێوبەرایەتییەکانی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان ئامادەکرد، بەڵام تا ئێستا پەسەند نەکراوە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە،

لەبەر ئەوە پێویستە بە خێرایی کاری لەسەر بکرێت و دیراسەت بکرێت بەشێوەیەک کە بگونجێت لەگەڵ پێوەر و رێککەوتننامە نێوەدەوڵەتییەکان.

ڕەشنووسی بەڕێوەبردنی چاکسازیەکان ئامادەکراوە لە وەزارەتەوە و ڕەوانەی ئەنجوومەنی شوڕا کراوە.

**کۆی گشتی بەندکراوی هاتوو – ئازادبوو لە سەرجەم چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان**

| ز | بەڕێوەبەرایەتی | ژمارەی سزادراوی هاتوو | ژمارەی ئەو سزادراوانەی کە ئازاد کراون |
|---|---|---|---|
| ١ | بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران/ هەولێر | ١٢٨٣ | ١٢٩٠ |
| ٢ | بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران/ سلێمانی | ١١٥٦ | ٩٢٠ |
| ٣ | بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران/ دهۆك | ١٩١٨ | ١٨٧٢ |
| ٤ | بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان/ هەولێر | ١٧١٤ | ١٧٧٤ |
| ٥ | بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان/ سلێمانی | ٧٢٠ | ٦٩٤ |
| ٦ | بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان/ دهۆك | ١٠٣٠ | ١٠٢١ |
| | **کۆی گشتی** | **٧٨٢١** | **٧٥٧١** |

**٢- ئازادکردنی بەمەرج**

| ز | بەڕێوەبەرایەتی | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران/ هەولێر | ٤٤٧ |
| ٢ | بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران/ سلێمانی | ٢٠٩ |
| ٣ | بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران/ دهۆك | ٤٦١ |
| ٤ | بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان/ هەولێر | ٣٦ |
| ٥ | بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان/ سلێمانی | ٢٣ |
| ٦ | بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان/ دهۆك | ١٦ |
| | **کۆی گشتی** | **١١٩٢** |

**سزادراوان**

**(یارییە وەرزشیە جۆراوجۆرەکان، سەرتاشین، درووما‌ن، شارەزاییەکانی ژیان، فێربوونی زمان، فێربوونی کۆمپیوتەر، فێرکردنی مۆسیقا، شەترەنج، ئاسنگەری، کاری دەستی)**

| ژ | بەڕێوەبەرایەتی | ژمارەی خولەکان | ژمارەی سوودمەندان |
|---|---|---|---|
| ١ | بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران/ هەولێر | ٧ | ٦٣٨ |
| ٢ | بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران/ سلێمانی | ٤ | ١٣٩ |
| ٣ | بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران/ دهۆك | ٥ | ٢٨٩ |
| ٤ | بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان/ هەولێر | ١٧ | ٣٨٦ |
| ٥ | بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان/ سلێمانی | ٤ | ٨٣ |
| ٦ | بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان/ دهۆك | ٧ | ١١٦ |
| | **کۆی گشتی** | **٤٤** | **١٦٥١** |

**٥- سیمینار و وۆرك شۆپ (کارمەندان – سزادراوان)**

| ژ | بەڕێوەبەرایەتی | ژمارەی سیمینار و وۆرك شۆپ | ژمارەی سوودمەندان | | کۆی سوودمەندان |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | کارمەند | سزادراو | |
| ١ | بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران/ هەولێر | ٩ | ٥٩ | ١٠٠ | ١٥٩ |
| ٢ | بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران/ سلێمانی | ٨ | - | ٢٩٨ | ٢٩٨ |
| ٣ | بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران/ دهۆك | ١٧ | ٦٥ | ١٠٤٤ | ١١٠٩ |
| ٤ | بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان/ هەولێر | ٥٥ | ١٣٥ | ٦٧٥ | ٨١٠ |
| ٥ | بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان/ سلێمانی | ١٤ | ٥ | ٢٠٢ | ٢٠٧ |
| ٦ | بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان/ دهۆك | ٣٦ | ١٩ | ٥٦٦ | ٥٨٥ |
| | **کۆی گشتی** | **١٣٩** | **٢٨٣** | **٢٨٨٥** | **٣١٦٨** |

### ٦- خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ سزادراوان

| ز | بەڕێوەبەرایەتی | چارەسەری سزادراو لە بنکەی تەندروستی چاکسازی | ڕەوانەکردنی سزادراو بۆ نەخۆشخانەکانی دەرەوەی چاکسازی | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران/ هەولێر | ٦٦٣٤ | ٢٢٩ | ٦٨٦٣ |
| ٢ | بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران/ سلێمانی | ٩٧١١ | ٨٢٣ | ١٠٥٣٤ |
| ٣ | بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران/ دهۆك | ٢٩٦٠ | ٧٦١ | ٣٠٣١ |
| ٤ | بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان/ هەولێر | ٢٥٣١ | ٤٨٣ | ٣٠١٤ |
| ٥ | بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان/ سلێمانی | ٦٦٦ | ١٠٢ | ٧٦٨ |
| ٦ | بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان/ دهۆك | ١٢٦٤ | ٣٥ | ١٢٩٩ |
| | کۆی گشتی | ٢٣٧٦٦ | ٢٤٣٣ | ٢٦١٩٩ |

### ٧- خوێندنەوەی کتێب

| ز | بەڕێوەبەرایەتی | سەردانی سزادراوان بۆ کتێبخانە |
|---|---|---|
| ١ | بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران/ هەولێر | ١٢٨٠٧ |
| ٢ | بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران/ سلێمانی | ١٥٤٩٢ |
| ٣ | بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران/ دهۆك | ١٨٧١٧ |
| ٤ | بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان/ هەولێر | ٤٩٥ |
| ٥ | بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان/ سلێمانی | ١٠٢٠ |
| ٦ | بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان/ دهۆك | ٢٢٠ |
| | کۆی گشتی | ٤٨٧٥١ |

### ٨- ئاماری قوتابخانە

| ز | بەڕێوەبەرایەتی | ژمارەی قوتابیان | | | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| | | بنەڕەتی | ئامادەیی | زانکۆ و پەیمانگا | |
| ١ | بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران/ هەولێر | ٨٩ | ٣٣ | ٢٣ | ١٤٥ |
| ٢ | بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران/ سلێمانی | ٥٠ | ٣١ | ٢ | ٧٣ |
| ٣ | بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران/ دهۆك | ٦٦ | ١١ | ٢ | ٧٩ |
| ٤ | بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان/ هەولێر | ٢٨ | ٤ | ١ | ٣٣ |
| ٥ | بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان/ سلێمانی | ٢١ | - | - | ٢١ |
| ٦ | بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان/ دهۆك | ٤٩ | ٢ | - | ٥١ |
| کۆی گشتی | | ٣٠٣ | ٨١ | ٢٨ | ٤١٢ |

### ١٠- مۆڵەتی ماڵەوە (إجازة المنزلية)

| ز | بەڕێوەبەرایەتی | ژمارەی سوودمەندان |
|---|---|---|
| ١ | بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران/ هەولێر | ٧٦ |
| ٢ | بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران/ سلێمانی | ٨٠ |
| ٣ | بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران/ دهۆك | ٨٨ |
| ٤ | بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان/ هەولێر | - |
| ٥ | بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان/ سلێمانی | - |
| ٦ | بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان/ دهۆك | - |
| کۆی گشتی | | ٢٤٤ |

### ٩- كاركردنی سزادراوان لە ناو چاكسازی


| ز | بەڕێوەبەرایەتی | جۆری وەرشەكان | ژمارەی سوودمەندان |
|---|---|---|---|
| ١ | بەڕێوەبەرایەتی چاكسازی گەوران/ هەولێر | دوورمان، ئوتوكردن، جل شوشتن، مۆسیقا، كاری دەستی، زمانی ئینگلیزی، ئاسنگەری، سەرتاشین، باغەوان، فرۆشگا، كتێبخانە، چێشتخانە، نانەواخانە، پاككەرەوە | ٦٠ |
| ٢ | بەڕێوەبەرایەتی چاكسازی گەوران/ سلێمانی | دورومان، كاری چنین، كاری جل شوشتن و ئوتو كردن، ئاسنگەری، كاری میكانیكی( فیتەری) پاككەرەوە، كتێبخانە، سەرتاشخانە | ٦١ |
| ٣ | بەڕێوەبەرایەتی چاكسازی گەوران/ دهۆك | وەرشەی دارتاشی، وەرشەی چاككردنەوەی سپلیت، وەرشەی چاككردنەوەی كەل وپەلی جۆراوجۆر، وەرشەی چاككردنەوەی ئۆتۆمۆبیل و شوشتنگە، وەرشەی مافور دروست كردن، وەرزش ، چاندن ، وەرشەی ئاسنگەری ، پەرتووكخانە ، مۆسیقا ، وەرشەی دروومان ، وەرشەی شوشتنی جل و بەرگ، خواردنگە ، وەرشەی كۆمپیوتەر، خزمەتگوزاری ( پاككردنەوەی چاكسازی) ، نانەوایی ، وەرشەی كاری دەستی | ١٤٨ |
| ٤ | بەڕێوەبەرایەتی چاكسازی ژنان و منداڵان/ هەولێر | كاری دەستی (تابلۆی ئاوێنەیی و داری + موروكاری + وێنەكێشان)، وەرزشی لەش جوانی و تێنسی سەرمێز و تۆپی پێ + ئارایشگا + دروومان + ئاسنگەری + چێشتخانە + كاركردن لە بەشی خەدەمات. | ٧ كوڕ + ٢٤ ئافرەت |
| ٥ | بەڕێوەبەرایەتی چاكسازی ژنان و منداڵان/ سلێمانی | میوزیك، كاری دەستی و چنین، ئاسنگەری، چالاكی وەرزشی، دەروومان | ٢١ كوڕ + ٣٢ ژن |
| ٦ | بەڕێوەبەرایەتی چاكسازی ژنان و منداڵان/ دهۆك | سەرتشخانە، هونەری ، كۆمپیوتەر ، دارتاشی، چالاكی وەرزشی | ٤٤ كوڕ |
| | كۆی گشتی | | ٣٤٤ سزادراو |

<u>قوربانییانی مادده هۆشبەرەكان</u>

قوربانییانی مادده هۆشبەرەكان ناخرێنە بەر پرۆسەی شیاندنەوە و لە تاوانبارەكانی تر جیانەكراونەتەوە. بەپێی یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٢٠ بۆ مادە هۆشبەرەكان و كارتێكەرە عەقلیەكان بەرەنگاربوونەوە ئامادەكاری بۆ دامەزراندنی سەنتەرێك بۆ چارەسەری ئالوودەبووانی مادە هۆشبەر و كارتێكەرە عەقلیەكان كراوە، بەڵام جێبەجێنەكراوە.

## وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان:

**لە کۆی (٢) ڕاسپاردە کە ئاڕاستەی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان کراوە، (١) ڕاسپاردە جێبەجێکراوە و (١) ڕاسپاردە جێبەجێ نەکراوە.**




| | |
|---|---|
| کۆی ڕاسپاردەکان | 2 |
| جێبەجێکراو | 1 |
| جێبەجێنەکراو | 1 |

وەزارەتی ڕۆشەنبیری چەند ڕێنماییەکی داڕشتووە و ناردوویەتی بۆ ئەنجوومەنی وەزیران و وێنەیەکی بۆ پەرلەمانیش ناردووە. ئەم ڕێنماییانەش بریتین لە ڕێنمایی پەیوەست بە ڕێکخستنی فریکوێنسی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکان، مۆڵەتی کاری ئێستگەکانی ڕادیۆ، ڕێکخستنی میدیای ئەلیکترۆنی، و ڕێکخستنی ریکلامی بازرگانی. هەڵبەتە ئەم ڕێنماییانە پەیوەستن بە بڵاوکردنەوەی کەلتووری پێکەوەژیان و جیاکارینەکردن و بنبڕکردنی ئەو وتارانەی کە زیانیان پێدەگەیەنن.

وەزارەتی ڕۆشەنبیری ئاگاداری کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کردۆتەوە بۆ تەرخانکردنی کەسێک بۆ زمانی ئاماژە بەشێوەیەک کە ڕۆژانە دەرکەوتنی هەبێت، بەڵام تا ئێستا جێبەجێنەکراوە.

وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان  بە فەرمانی کارگێری ژمارە  ٥٤٦ لە ٢٠٢٠/٦/٢٢ ئەم بڕیارو ڕاسپاردانەی دەکرد و ئاڕاستەی سەرجەم تەلەفیزیۆنەکان کران.

١- بە هیچ جۆرێک لە کاتی پەخشی بەرنامەی خێرخوازی یەکاندا نا بێت ڕوخساری منداڵ دەرکەوێت ئەگەر باوانیشی ڕەزامەندیان پیشان دا لەسەر ئەم کارە.

٢- پاراستنی کەرامەت و مافی کەسە خێرپێکراوەکان بۆ ئەوەی ناو کۆ مەڵگا شەرمەزار نەبن ، بە جۆرێک بێت دەموچاوی کەسانی خێرپێکراو  یان خانەوادەکانیان بە ڕوونی دەرنەکەوێت .

٣- پێویستە تەنها ئاماژە بە ناوی یەکەمی  خێر پێکراو بکرێت .

٤- پێویستە هەژماری بانکی بۆ کەسە خێرپێکراوەکان بکرێتەوە .

٥- نا بێت هیچ بڕێکی پارە لە لایەن میدیاکانەوە گل بدرێتەوە بۆ هەر مەبەستێک بێت .

٦- هەر کەناڵێک بەرنامەی خێر خوازی هەبێت پێویستە هەژماری بانکی کەسە خێر پێکراوەکە لە سەر شاشەکە لە کاتی پەخشی بەرنامەکە بە نووسین و دەنگ پەخش بکرێت .


<u>هاوکات وەزارەتی ڕۆشنبیری چەند ئاگادارییەکی بڵاوکردووتەوە لەوانە:</u>

- وەزارەتی ڕۆشنبیری ئاگاداری سەرجەم دەزگاکانی ڕاگەیاندنی لۆکالی و ئاسمانی کراوەتەوە کە لەبەر پێشیل نەکردنی مافی مرۆڤ ڕەچاوی باری دەرونی و مرۆڤایەتی خەڵکی هەژار و کەم دەرامەت و نەخۆش نابێت ئەو جۆرە بەرنامانە لە کەناڵەکانیان پەخش بکرێت .
- هەروەها ئاگاداری سەرجەم کەناڵەکانی هەرێمی کوردستان کراوە کەوا کەسێک بۆ زمانی ئاماژە بۆ نابیستان دابین بکەن بۆ ئاماژەی هەواڵ  تەنها یەک کاتژمێر ڕۆژانە بەمەبەستی سوود وەرگرتنی نا بیستان .
- بڵاو نەکردنەوەی ئەو ڕیکلامە بازرگانی یانەی کە کاریگەری نەرێنی و نێگەتیڤی لەسەر ئاشتەوایی خێزان و کۆمەڵگا دروست دەکات و دەبێتە هۆی ڕوشانی پێگەی ئافرەت .

- وەستاندنی ڕوماڵکردنی سواڵکردنی منداڵ له بەر ڕەچاو کردنی مافی منداڵ و کەرامەتی خێزانەکانیان بەپێی ڕێککەوتنامەی مافی منداڵ ساڵی ١٩٨٩ و پرنسیپەکانی ڕێکخراوی یونیسێف.
- پیشان نەدانی ئەو جۆرە توندو تیژیانە و کوشتن و زەقنەکردنەوەی کێشە کۆمەڵایەتیەکان و پیشان نەدانی تۆمەتباران و وەرنەگرتنی ووتە لێان پێش بڕیاری دادگا.
- ئاگادار کردنەوەی کەناڵەکانی بینراو بیستراوەکان کراوە لە ئاگادار کردنەوەی گەنجانی هەرێمەکەمان لە خراپ بە کارهێنانی ئامێرەکانی گەیاندن.
- ئاگادار کردنەوەی کەناڵەکانی بینراو کراوە تەوە کە بە هیچ شێوەیەک جەستەی ئەو ئافرەتانەی ڕووبەڕووی کوشتن و تاوانی دڕندانە بونەتەوە بڵاو نەکەنەوە.
- قەدەغەکردنی چوونە ژوورەوەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ ناو هۆڵی سزادراوان و نیشاندانی بۆ ڕای گشتی بە شێوەیەکی ئاشکرا چونکە پێچەوانەی بنەما گشتی یەکانی مافی مرۆڤ و ڕێکەوتنە نێودەوڵەتیەکانە.
- بڵاونەکردنەوەی ئەو منداڵە دۆزراو یا خود فڕێ دراو لە سەرجەم کەناڵە ناوخۆیی یەکان ، چونکە پێچەوانەی یاسای چاو دێری نەوجەوانانە و ڕێگا نادرێت بە بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە هەواڵانە.
- ڕاگرتنی ئەو بەرنامانەی کە لە کەناڵەکان پەخش دەکرا کە نەشیاو بوون و دوور بون لە داب و نەریتی کۆمەڵایەتی لەبەر ئەوەی زیان بە کۆمەڵگا دەگەیەنێ و شیرازەی خێزان تێک دەدات، لە ژێر ڕاسپاردەی داواکاری گشتی – دەستەی مافی گشتی بە نوسراوی ژمارە ٢٠٨ لە ٢٠٢١/٣/٩ وە نوسراوی ژمارە ٢٤٢ لە ٢٠٢١/٣/١٦.

## وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان:

**لە کۆی (٨) ڕاسپاردە کە ئاڕاستەی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان کراوە، (٣) ڕاسپاردە جێبەجێکراوە و (٢) ڕاسپاردە جێبەجێ نەکراوە و (٣) ڕاسپاردەش لە پرۆسەی جێبەجێکردندایە.**




| | |
|---|---|
| 8 | کۆی ڕاسپاردەکان |
| 3 | جێبەجێکراو |
| 2 | جێبەجێنەکراو |
| 3 | لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە |

ئامانجی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان خزمەتکردنی سەرجەم وارس و کەسوکاری سەربەرزی شەهیدانە بەبێ جیاوازی لەڕووی: (دابینکردنی مووچە، بواری پەروەردەو خوێندن، نیشتەجێکردن، دیاری هاوسەرگیریی بۆ کوڕو کچی شەهیدان و جینۆسایدکراوان، چاودێری کۆمەڵایەتی)، هەروەها بەدەنگەوەهاتنی هەموو داواکارییەك کە لەلایەن وارسی سەربەرزی

شەهیدانەوە ئاڕاستەی وەزارەت بکرێت، لە چوارچێوەی یاساو ڕێنماییەکاندا ئەگەرچی لەئێستادا بەهۆی قەیرانی داراییەوە بەشێك لە خزمەتگوزارییەکان وەستاون.

یەکێکیتر لەئامانجەکانی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان بەرزڕاگرتنی یادو بۆنە تایبەتییەکانی شەهیدان و جینۆسایدکراوانە. هەروەها کۆکردنەوەو ئەرشیفکردنی دۆکیۆمێنتی تایبەت بە شەهیدان و پاراستن و ئاشناکردنیانە بەنەوەی نوێ.

وەزارەتی ناوبراو ئامانجیەتی لەڕێگەی کەنالەکانی خۆیەوە پرۆسەی کەیسی ئەنفال و تاوانەکانی تری دژ بە گەلی کوردستان بە جیهان بناسێنێت و لە چوارچێوەی جینوسایدا ناسنامەی پێبدات بۆ ئەم ئامانجەش وەزارەت  لە پاش ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران بە نوسراویان ژمارە (١٧١٨) و بە فەرمانی وەزاری ژمارە (٣٢٠) لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٠٧/٢ بەواژووی جەنابی وەزیر (دەستەی کاروباری جینۆساید) لە وەزارەت دامەزرێنراوە بە مەبەستی ناساندن و بەدواداچوونی دۆسیەی تاوانەکانی جینۆساید دژ بە گەلی کوردستان و دەرئەنجامە یاساییەکانیان و هەوڵدان بۆ قەرەبووکردنەوەی قوربانیەکان.

<u>گۆڕە بە کۆمەڵەکان</u>

پاش رووخانی ڕژێمی بەعس ژمارەیەك گۆڕی بەکۆمەڵ لە باشورو ناوەڕاستی عێراق دۆزراونەتەوە بۆ ئەم مەبەستە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای دامەزراوەکانی و وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان چەند ڕێکارێکی گرتۆتە بەر بۆ گەڕاندنەوەی ڕووفاتی شەهیدانی کوردستان کە دوور لە  زێدی باب و باپیرانیان جیۆسایدکراون و بەکۆمەڵ خراونەتە ژێر گڵەوە، لەم ڕاپۆرتەدا چەند زانیاریەك لە سەر گۆڕە بەکۆمەڵەکان دەخەینە ڕوو بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم/ زانیاری لەسەر ژمارەی گۆڕی بەکۆمەڵ و ژمارەی ڕوفاتەکان و گۆرستانەکان:

١. لە ساڵی ٢٠٠٤ یەکەم گۆڕی بەکۆمەڵ لە بیابانی (بصیە) لەپارێزگای سەماوە هەڵدرایەوە.

٢. تاوەکو ئێستا (٦٢) گۆڕی بەکۆمەڵ هەڵدراونەتەوە جگە لە گۆڕی بە کۆمەڵی ئێزیدیەکان، کە تیایدا (٣٥٦٥) رووفاتی تێدابووەو بە مەراسیم هێنراونەتەوە و لە کوردستان بە خاک سپێردراون.
٣. لە ئێستادا (٤) گۆڕی بە کۆمەڵ لە پارێزگای سەماوە دەست نیشانکراوە تەنها یەك گۆڕ هەڵدراوەتەوە لەم گۆڕدا (١٧١) رووفات دەرهێنراون ئەو رووفاتانە لە پەیمانگەی پزیشکی دادوەری بەغدایەو سەمپڵی ئێسکیان لێوەرگیراوە بەڵام نەهێنراونەتەوە کوردستان بۆ ئەم مەبەستە نووسرامان ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان کردووە بە ژمارە (٣٢) لە ڕێککەوتی ٢٠٢١/٢/٧.
٤. ژمارەی گۆڕستانی رووفاتەکان لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان (٦) گۆڕستانە بەم شێوەیە (گۆڕستانی دێبنە لە ناحیەی رزگاری سەربە ئیدارەی گەرمیان و گۆڕستانی بارزان لە قەزای مێرگەسور سەر بە پارێزگای هەولێر و گۆڕستانی گوندی عەسکەر لە قەزای چەمچەماڵ سەر بە پارێزگای سلێمانی و گۆڕستانی مۆنۆمێنتی ئەنفال لە قەزای چەمچەماڵ سەر بە پارێزگای سلێمانی و گۆڕستانی گوندی سۆریا لە قەزای زاخۆ سەر بە پارێزگای دهۆک و گۆڕستانی مۆنۆمێنتی ئەنفال لە قەزای دوکان سەر بە پارێزگای سلێمانی).
٥. دووەم/ زانیاری لەسەر دۆزینەوە و هەڵدانەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان:
٦. لە هەرێمی کوردستان یاسایەکی تایبەت بە هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان نییە و کار بە یاسای کاروباری گۆڕە بە کۆمەڵەکان عێراق ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٠٦ دەکرێت لەو یاسایەدا ئێمە وەک وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان نوێنەرێکمان ئەندامە لەلیژنەی هەڵدانەوە و پاراستنی گۆڕە بە کۆمەڵەکان.
٧. هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان لەلایەن تیمی نیشتیمانی بەڕێوەدەچێت کە ئەم تیمە پێك دێت بە سەرۆکایەتی (دادەورێک) و ئەندامیەتی ئەندامێکی (وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراق و داواکاری گشتی و وەزارەتی ناوخۆی عێراق و دەزگای شەهیدانی عێراق و پەیمانگەی پزیشکی دادوەری سەر بە وەزارەتی تەندورستی عێراق و وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان و چەند لایەنێکی پەیوەندیداری تر بە هاوکاری و هەماهەنگی رێکخراوی نێودەوڵەتی (ICMP).
٨. هەندێک لە کەل و پەل و بەڵگەنامەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان (مقتنیات) لە لایەن وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان لە بەغدا هاتۆتەوە کوردستان لە مۆنۆمێنتی ئەنفال لە قەزای چەمچەماڵ و مۆنۆمێنتی بارزان و مۆنۆمێنتی ئەمنە سوورەکە لە پارێزگای سلێمانی داندراون بەشێکی کەل و

پەل و بەڵگەنامەکان لە بەغدان لە سەنتەری لێکۆڵینەوە و بە بەڵگەکردنی سەر بە دەزگای شەهیدانی عێراقن .

سێیەم/ زانیاری لەسەر سامپڵی ئێسکی رووفاتەکان و خوێنی کەس و کاریان:

١. سامپڵی ئێسك لە (٢,٩١٥) رووفات وەرگیراوە و سەرجەمیان لە پەیمانگەی پزیشکی دادوەری بەغدا پارێزراون.
٢. سامپڵی ئێسك لە (٦٥٠) رووفات وەرنەگیراوە کە (١٨٧) رووفات لە گۆرستانی مۆنۆمێنتی ئەنفال لەقەزای دوکان نێژراون هەروەها (٥٠٣) ڕووفات لە گۆڕستانی بارزان نێژراون.

چوارەم / گەڕاندنەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان:

١. شێوازی هێنانەوەی رووفاتەکان بە دوو شێوەیە: شێوەیەکیان لە بەغدا خراونەتە ناو تابوت و بە مەراسیم هێنراونەتەوە بۆ هەرێمی کوردستان و بە خاك سپێردراون، شێوەیەکی تریان لە بەغدا خراونەتە ناو کارتۆنی تایبەت بەرووفات و هێنراوەنەتەوە هەرێمی کوردستان و لە شوێنێکی شیاو خراونەتە نێو تابووت و بە مەراسیم بە خاك سپێردراون.
٢. هەر رووفاتیك کۆدی تایبەتی خۆی لە سەرەو زانیاری لەسەر رووفاتەکە لە شوشەیەکدا دەخرێتە ناو گۆر و لە سەر کێڵی گۆڕەکە هەمان کۆد دەنوسرێت.

پێنجەم/ گۆڕی بەکۆمەڵی ئێزدییەکان:

١. لە ڕێککەوتی ٢٠١٩/٣/١٤ تاوەکو ئێستا لە (٢١) گۆڕی بە کۆمەڵ (٣٤٨) روفات دۆزراونەتەوە و لە گۆڕستانی (کۆجۆ) لە قەزای شەنگال بەخاک سپێردراون .
٢. سەبارەت بە پرسی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی شەنگال و بە جینۆساید ناساندنی ئەو تاوانانەی دەرهەق بە ئێزدییەکان کراوە لیژنەیەکی باڵا پێکهاتووە کە لە ئێستادا بە ڕێز وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان سەرۆکی لیژنەکەیە.

شەشەم / داواکارییەکان:

١. کردنەوەی مۆنۆمێنتێکی نیشتیمانی لە شاری (هەولێر) بۆ هەڵگرتن و پاراستنی کەل و پەلی گۆڕە بەکۆمەڵەکان بە شێوازێکی زانستی تاوەکو ئەو شاند و نوێنەرانەی وولاتان دێنە پایتەختی هەرێمی کوردستان سەردانیان بۆ ڕێکبخرێت بۆ ئەوەی مەرگەساتەکانی گەلی کوردستان لە نزیکەوە ببینن و تالەو ڕێگایەوە جینۆسایدی کوردستان بە وڵاتانی جیهان بناسرێت.

٢. تەرخانکردنی بودجەیەك بۆ نۆژەنکردنەوەی ساڵانەی کێلی گۆڕەکان و پاراستنی گۆڕستانەکان و ژمارەی سەر کێلەکان.

٣. بە بەردەوامی کەس و کاری جینۆسایدکراوان داوای وەرگرتنی سامپلی خوێن دەکەن بۆ ئەوەی کەس و کاریان لە گۆڕە بەکۆمەڵەکان بناسرێتەوە کە گرفتێکی گەورەیە لە پرسی گۆڕە بە کۆمەڵەکان، ئەمەش پێویستی بە بودجەیەکی تایبەتی و هەماهەنگی چەند وەزارەتێك هەیە. بۆ ئەم مەبەستە نوسراومان ئاراستەی سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران کردووە بە ژمارە (٣٢) لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٢/٧ بە نوسراویان ژمارە (٤٥٥٣) لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٤/٢٦ ڕەزامەندی نەدراوە لەسەر وەرگرتنی سامپلی خوێن.

<u>دۆسیەی ونبووان:</u>

- وەزارەت هاوکارو پاڵپشتە بۆ دامەزراندنی تۆمارێکی گشتی ناوەندی (سجل مرکزی) بۆ کەسانی بزربوو.
- لەئێستادا وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بە هەماهەنگی ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە لیستێکی ئامادە کردووە بە ناوی (لیستی منداڵە وونبوەکانی هەڵەبجە کە زیاترن لە ١٠٠ منداڵی وونبوو) کە بریتیە لەو منداڵانەی کە لە ئاکامی جینۆسایدی کیمیابارانی هەڵەبجەدا وون بوون لە وولاتی ئێران، بەدەر لەو لیستە هیچ ئامارێکی تری ووردو دروست لە وەزارەتی شەهیدان نیە دەربارەی وونبوانی کوردستان چونکە وەزارەت تەنها کار لەسەر وونبووانی جینۆساید دەکات.

لەلایەکی ترەوە بەپێی ماددەی (٣٣) (یاسای ڕاژەی خانەنشینی پێشمەرگە) بڕگەی دووەم کە هاتووە:

أ- لە ڕۆژی ساغ بوونەوەی مردنی وونبوو.

ب- دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر بێ سەرو شوێن بوون یان دەست بەسەر کردنی، ئەگەر مردنەکەی ساغ بووەوە.
ج- ئەوانەی بڕگەکانی (أ، ب) ی ئەم مادەیە دەیانگرێتەوە بە شەهید دادەنرێن و دەخرێتە سەر وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان.

لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە ڕەشنووسی پرۆژە یاسایەک بە ناوی (یاسای وونبووان) ئاڕاستەی وەزارەت کراوە بە مەبەستی وەرگرتنی ڕاو سەرنج لەسەر ڕەشنووسەکە، لە ئێستادا وەزارەت سەرقاڵی ئامادەکردنی دوا ڕاو سەرنجەکانیەتی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران. بەگشتی شوێن بزربووانی تاوانەکانی کۆمەڵکوژی بەعس دژ بە گەلی کوردستان و خەڵکی کوردستان جێی بایەخ و ئامانجی کاری وەزارەتە.

<u>خزمەتگوزارییەکان</u>

وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بەپێی یاسای ژمارە (٩) ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوان وە ڕێنمایی دارایی ژمارە (٢٣) ی ساڵی ٢٠٢٠، ئەم خزمەتگوزاریانە پێشکەش بە کەس و کاری قوربانیان دەکات:

١- مووچەی مانگانە بۆ وارسی شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیانی سیاسی و بەرکەوتوانی چەکی کیمیاوی بە بڕی جیاواز، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:
أ. مووچەی شەهیدی سەنگەر لە (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینارەوە دەست پێدەکات و پلەو دەرماڵەی خێزان و منداڵ دەچێتە سەری.
ب. مووچەی شەهیدی جینۆساید لە (٤٥٠,٠٠٠) چوار سەدو پەنجا هەزار دینارە هەتا (٣) شەهید، لە سەرووی (٣) شەهیدەوە دەبێتە (٩٠٠,٠٠٠) نۆ سەد هەزار دینار.
ت. مووچەی شەهیدی هاوڵاتی تەنها (٢٥٠,٠٠٠) دوو سەدو پەنجا هەزار دینارە.
ث. تاقانەکانی جینۆساید دەتوانن وەک کوڕی شەهیدی سەنگەر سوودمەند بن لە خوێندنی خۆڕایی لە زانکۆو پەیمانگاکانی حکومی و ئەهلی ئەگەر تاقانە کۆچی دواییش بکات ئەوا دەکرێتە شەهیدی جینۆسایدو مووچەی شەهیدی جینۆساید بۆ وارسەکانی خەرج دەکرێت.

٢- خزمەتگوزاری خوێندن بۆ کوڕو کچی شەهیدان و هاوسەری شەهیدو زیندانیانی سیاسی (خۆی یان یەکێک لە منداڵەکانی).

٣- خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ کەس و کاری شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید، بۆ بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی بەپێی ڕێنمایی ژمارە (٢٣) ی ساڵی ٢٠٢٠ دەفتەرێکی تەندروستی لەنێوان وەزارەتی شەهیدان و وەزارەتی تەندروستی دروست دەکرێت و لەو ڕێگەیەوە بەرکەوتوانی چەکی کیمیاوی دەتوانن بێ بەرامبەر چارەسەری پێویست وەربگرن.

٤- زەوی یان یەکەیەکی نیشتەجێ بوون بۆ شەهیدان و زیندانیانی سیاسی.

٥- پێشینەی خانووبەرە (سلفه عقار) بۆ وارسی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی.

٦- دەرماڵەی منداڵ و هاوسەر بۆ خانەوادەی شەهیدان.

٧- هەژمارکردنی ماوەی زیندانی سیاسی بۆ سەر خزمەتی شارستانی ئەو فەرمانبەرانەی کە زیندانی سیاسی بوون.

هەروەها، وەزارەتی کاروباری شەهیدان ئاشکرایکرد، لەمەودوا هەر نەخۆشێکی کەسوکاری شەهیدان، سەردانی بنکە و نەخۆشخانە حکومییەکان بکات، بێ بەرامبەر خزمەتگوزاریی تەندروستی پێشکەشدەکرێت، لە نەخۆشخانە ئەهلییەکانیش بەرێژەی ٥٠٪ داشکاندنیان بۆ دەکرێت.

گوتەبێژ و بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، ڕاگەیاند:''بڕیارەکە پاش ڕەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران بووە و بۆ ئەو مەبەستە، کۆنووسێکی هاوبەش لەنێوان وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان و وەزیری تەندروستی واژۆکراوە، بەپێی کۆنووسەکە، بۆ کەسوکاری شەهیدان لەتەواوی بنکە و نەخۆشخانە حکوومییەکان داشکاندنی ١٠٠٪ لە سەرجەم خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان دەکرێت.''

<u>جینۆساید</u>

بۆ گرنگی دان بە کەیسەکانی جینۆسایدی گەلی کوردستان کە ئامانجێکی گرنگی وەزارەتەکەمانە لەو پێناوەش دا وەزارەت بە فەرمانی وەزاری (١٧١٨) لە ٢٠٢١/٧/٢، دەستەی جینۆسایدی بە فەرمانی وەزیر دامەزراند. پێشتریش بە فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بە ژمارە (٢٠) لە ٢٠١٤/٨/١٧، وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراون کرا بە سەرۆکی لیژنەی باڵای ناساندنی

جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی و پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکانی تر ئەو کارو چالاکیانەی لەو بوارەدا ئەنجام دراون بریتین لە:

١- سەردانی وولاتەکانی هۆڵەندا و بەلجیکا و فەڕەنسا و سویسرا.
٢- کۆبوونەوە لەگەڵ ڕەوەندی کوردی لە هۆڵەندا.
٣- سەردانی کردنی دادگای باڵای تاوانی نێودەوڵەتی (ICC).
٤- سەردانی کردنی ڕێکخراوی قەدەغە کردنی چەکی کیمیاوی لە هۆڵەندا.
٥- سەردانی کردنی ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی.
٦- سەردانی کردنی ئۆفیسی ڕێکخەری سیاسەتی یەکێتی ئەوروپا لە برۆکسل.
٧- سەردانی کردنی وەزارەتی دەرەوەی بەلجیکا و کۆبوونەوە لەگەڵ دەستەیەک لە وەزارەتی ناوبراو.
٨- سەردانی کردنی کۆمسیۆنی مافی مرۆڤ لە جنێف.

پێشنیار

١- بەمەبەستی دادگایی کردنی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش و بە جینۆساید ناساندنی تاوانی دژ بە کوردانی ئێزیدی و پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی تر هەروەکو لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی باسی لێوەکراوە، چوار ڕێگای یاسایی خراوەتە بەردەمی لیژنەکە بۆ پێشکەش کردنی داوایەک لە دادگای تاوانەکان ئەوانیش بریتیە لە:

یەکەم: دەبێت عیراق ببێتە ئەندام لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی.
دووەم: دەکرێت عیراق ڕازی بکرێت کە تەنها بۆ ئەم کەیسە ڕەزامەندی بداتە دادگا بۆ ئەوەی لەم کەیسە بکۆڵێتەوەو بە مەرجی ئەوەی کەیسی تری تێکەڵ نەکرێت.
سێیەم: بەرزکردنەوەی سکاڵا دژی هەندێک لەو تاوانبارانەی داعش کە هەڵگری ڕەگەزنامەی وولاتانی ئەندامانی دادگای تاوانی نێودەوڵەتین.
چوارەم: دەرکردنی بڕیارێکی تایبەت لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بۆ دەست بەکاربوونی دادگا یاخود دامەزراندنی دادگایەکی تایبەت بەو کەیسە.

٢- بە پێویست دەزانرێت حکومەتی هەرێمی کوردستان داوا لە نێوەندە نێودەوڵەتیەکان بە تایبەتی ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بکرێت بۆ جوڵاندنی کەیسی تاوانەکانی داعش.
٣- سوود وەرگرتن لە سەردانی لیژنەی بەدیار خستنی ڕاستیەکان (لجنة تقصی الحقائق).
٤- گرێبەست کردن لەگەڵ ژمارەیەک لە پارێزەری شارەزای هۆڵەندی بۆ کارکردن لەسەر ئـەم کەیسە.

ڕاسپاردەکان


بۆ ئەوەی بتوانرێ باشتر کار لەسەر جینۆسایدی گەلی کوردستان بکرێت لەوێشەوە کار بکرێت بۆ قەرەبوو کردنەوە و زامن کردنی دووبارە نەبوونەوەی ئەو کارەساتانە، وەزارەت بە پێویستی دەزانێت کار لەسەر ئەم پێشنیارانە بکرێت:

١- هەماهەنگی کردنی سەرجەم دام و دەزگا حکومیەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەستەی جینۆسایدی وەزارەت بۆ کۆکردنەوەی سەرجەم بەڵگەو دۆکیومێنتەکانی پەیوەندیدار بە جینۆسایدەکانی گەلی کوردستان بە درێژایی مێژووی هاوچەرخی عیراق و پێشکەش کردنی بە دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکان لە لاهای.
٢- لە ڕێگای ئەنجوومەنی نوێنەران و لایەنە پەیوەندیدارەکان فشار بخرێتە سەر عیراق بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامی دادگای باڵای تاوانە نێودەوڵەتیەکان وە ئیمزا لەسەر یاسای بنەڕەتی ڕۆما بکات.
٣- بەهێزکردنی توانای دام و دەزگا تەندروستیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بتوانرێت پشکنینی (DNA) بەهەماهەنگی لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ قوربانیانی جینۆساید ئەنجام بدات.
٤- کارکردنی بەردەوام لەگەڵ حکومەتی عیراقی فیدراڵ بۆ ڕەخساندنی زەمینەی جێبەجێ کردنی ماددەی (١٤٠) ی دەستووری عیراق کە تیایدا قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتوانی دەستی ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عیراقی دەق نووس کردووە.
٥- ئەنجامدانی کۆڕو کۆنفڕانس و سیمینار لە ناوەخۆ و دەرەوەی عیراق بەمەبەستی زیاتر ناساندن و ئاشناکردنی ووڵاتانی دەرەوە بە تاوانەکانی جینۆساید بەرامبەر بە گەلی کوردستان.

وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان:

**لە کۆی (٨) راسپاردە کە ئاڕاستەی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان کراوە، (٥) راسپاردە جێبەجێکراوە و (٣) راسپاردەش لە پرۆسەی جێبەجێکردندایە.**

**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**




| | |
|---|---|
| کۆی راسپاردەکان | 8 |
| جێبەجێکراو | 5 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 3 |

کاراکردن و زیادکردنی رۆڵ و رێژەی بەشداری ژنان و خانمان

یەکەم / وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو خاتوو بێگەرد تاڵەبانی یەکەمین ژنە لەئاستی هەموو کابینەکانی پێشووی وەزارەت وەکو ژنێک سەرپەرشتی وەزارەت دەکات، ئەمەش رۆل و دوونیابینی فراوانکردووە بۆ بەهێزکردنی ژنان و هەروەها راوێژکارێکی وەزارەت و( سێ) بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەت ژنن لە پۆستی گرنگی بەرپرسیارێتیدان.

دووەم / کۆی گشتی ژمارەی فەرمانبەرانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بە شێوەی گرێبەست و هەمیشەیی (١٠٠٢١) کەسە , کە لەو ژمارەیە (٧٣٨٢) فەرمانبەر لە رەگەزی نێرن و (٢٦٩٣) یان لە رەگەزی مێن، کە دەکاتە رێژەی (٣٦%) کۆیی ژمارەی فەرمانبەرانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.

سێیەم / لە میانی پرۆسەی جێبەجێکردنی یاسایی ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠٢١ و رێنمایی ژمارە (٤) ی تایبەت بە دامەزراندنی سەرپەرشتیارانی پرۆژە کشتوکاڵیەکان لە کەرتی تایبەت لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان بۆ دەرچووانی بەشەکانی کشتوکاڵی، کە ماوەیەی سالانێکی زۆرە بێکارن (١١٢٣ )فۆرم پرکراوەتەوە کە (٧٨٥٧) کەسیان لە رەگەزی مێن دەکاتە رێژەی نزیکەی (٧٦%) ی کۆیی پرۆسەکە، هەروەها (٣١٦٦) کەس لە رەگەزی نێر فۆرمی پرکردۆتەوە، ئەمەش هەولێکی ترە بۆ پاڵپشتی و سوود وەرگرتن لە توانای خاوەن بروانامەکانی دەرچووانی رەگەزی مێ.

چوارەم / لەلایەکی تردا وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە رێکەوتی ٢٧/١١/٢٠٢٢ یاداشتێکی( لێک تێگەیشتنی) واژۆکرد لەگەڵ بانکی القورتاسی ئیسلامی بەدابینکردنی قەرزی بانکی و کشتوکاڵی بە پێدانی (١٥ ملیۆن تا ١٠٠ ملیۆن) دینار بە قیستی ماوەی (٥)ساڵ ,لە ناویدا ژمارەیەکی بەرچاو لە خانمانی خاوەن بیرۆکە و پرۆژەی کشتوکاڵی سوودمەندن.

پێنجەم/ هەروەها بەشی یەکسانی جێندەری ڕاستەوخۆ لە نوسینگەی جەنابی وەزیر لە وەزارەت کراوەتەوە بۆ مەبەستی گرنگیدان بە پڕۆژەکانی ژنان و چەندین چالاکی گرنگی ئەنجامداوە و پڕۆژە و پرۆپۆزەلی دەربارەی بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووری ژنانی خاوەن کاری کشتوکاڵی پێشکەشی دامودەزگاکانی نێودەولەتی و رێکخراوەکان کراوە.

سەبارەت بەم سێ راسپاردە و داواکاریەی کە لەخوارەوە لە خالەکانی (١٧ و ١٨ و ١٩) ئاراستەمان کراوە هەرسێکیان یەک چوارچێوەیان هەیە، کە بریتیە لە گرنگیدان بە رۆلی ژنان و پاڵپشتی و کار ئاسانی بۆ ژنانی لادێ لە کشتوکاڵکردندا. بۆ ئەم مەبەستە لەو کۆبوونەوەیە سەرنجی وەزارەت پێشکەشکراوە، لە هەمانکاتدا بەشی کاروباری یاسایی وەزارەت ئاگادارکراوەتەوە بۆ مەبەستی ئامادەکاری و خوێندنەوەیەک بۆ ئەم بابەتە، لە کاتی گونجاو بەڵکو هەماهەنگی بکەن لەگەڵ لێژنەی کاروباری یاسایی لە ئامادەکردنی ئەم پرۆژە یاسایە. هەروەک لە خالەکانی سەرەوەدا بەووردی ئاماژە بە هەوڵەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ دراوە بۆ برەودان بە رۆلی خانمان لەسەر ئاستی وەزارەت:

١ / خالی ( ١٧) بریتیە لە ئامادەکردنی پڕۆژە یاسایەک بۆ پاڵپشتی پێدانی قەرزی دارایی بە سوودێکی کەم بۆ خانمانی گوندەکان وەک پاڵپشتیەک بۆ کەرتی کشتوکاڵی.

٢ /خالی( ١٩ ) ئامادەکردنی پڕۆژە یاسایەک کە کۆتا لە خۆ بگرێت بۆ ژنان لەو پڕۆژە کشتوکاڵیانەی حکومەت لە ناوچە کشتوکاڵیەکاندا جێبەجێیان دەکات.

٣ /خالی( ٢٠ ) ئامادەکردنی پڕۆژە یاسایەکی تایبەت بە قەرزی بانکی کشتوکاڵ و ناچارکردنی بانکەکە بۆ پێدانی پشکێکی تەفزیلی بە ژنانی گوند.

<u>ستراتیژییەکانی پەیوەست بە بوژانەوە و ئاسایشی خۆراک ٢٠١٨ - ٢٠٢٢</u>

وەزارەتی کشتوکاڵ کاری کردووە لەسەر ئەم بابەتە لە چوارچێوەی رێکخستەوەی مواصەفاتی پشکنین و کوالێتی خۆراک لە مەرزەکان و هەروەها دامەزراندنی تاقیگەی پێشکەوتوو بۆ پشکنینی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان لە پێناو سەلامەتی خۆراک، و لەم ڕووەوە بەردەوامە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

وەزارەت هەستاوە بە دامەزراندنی کەرەنتینەی سنورەکان بۆ پشکنینی ئاژەڵ و کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییەکان، دامەزراندنی تاقیگەی پێشکەوتووی بەرهەمی کشتوکاڵی لە عەلوەکانی کوردستان کە ڕێژەی ٢٠٪ی داهاتەکەی بۆ وەزارەت دەگەڕێتەوە، کردنەوەی پڕۆژەی تاقیگەی شانەزانی لە بەرێوەبەرایەتی بەرهەمهێنان و پەسندکردنی بنەتۆ کە رۆلێکی باشی هەیە لە بواری زیادکردنی بەرهەم هێنانی رووەک و تەرزی کشتوکاڵی، کردنەوەی تاقیگەی ناوەندی فێتێرنەری، دامەزراندنی سەنتەری بەبازاڕکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی بە هەماهەنگی لەگەڵ وڵاتی هۆڵەندا، کە لە ناو سەنتەرەکاندا پەرەپێدانی خانووی شووشە بۆ بەرهەمی سەوەزە و میوەی چوار وەرزی ساڵ و تاقیگەی پێشکەوتووی پشکنینی سەوزە و میوە لەخۆ دەگرێت، هتد.

هەروەها وەزارەتی کشتوکاڵ بە بەردەوامی هەوڵ دەدات بۆ دابینکردنی پێویستیەکانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی کە پێویستە حکومەتی فیدراڵی لە چوارچێوەی پلانی ستراتێژی هاوشێوەی جوتیارانی شارەکانی تری ناوەراست و خوارووی عێراق پەینی کیمیاوی و دەرمان و فاکسین دابین بکات بۆ پاڵپشتی بەرهەمی کشتوکاڵی جوتیاران لە چوارچێوەی ئاسایشی خۆراک.

## پڕۆژەکانی سامانی ئاژەڵ و پەلەوەری و بەرهەمهێنانی گۆشت

ساڵانە ٩٣ هەزار تۆن بەرهەمی زیادەی گۆشتی مریشک دەنێردرێتە دەرەوە. هەرێمی کوردستان، لە بەرهەمی گۆشتی مریشک، گەیشتووەتە ئاستی خۆبژێوی و ساڵانە بڕی بەرهەمی زیادەی پڕۆژەکان، دەنێرێتە بازاڕەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق .

لە کابینەی نۆیەم، پڕۆژەکانی پەلەوەر بەرێژەی( ٢٠٪ ) بەراورد بە ساڵانی پێشوو بەرزبووەتەوە بۆ ١٨٤٠ پڕۆژەی پەلەوەری، لەکاتێکدا توانای بەرهەمهێنانیشیان بەرزبووەتەوە بۆ(٣٠٢٨٦٢٢٩) سی ملیۆن و دووسەت هەشتاو شەش هەزار دوسەت و بیست و نۆ جوجکە. بەراورد بە ساڵانی پێشوو، ئاستی بەرهەم هێنان بەرێژەی ٤٢٪ بەرزبووەتەوە .

پێوستیی ناوەخۆی هەرێمی کوردستان بە گۆشتی مریشک،( ١٤٧ )هەزار تۆنە لە ساڵێکدا. پێشتر بەهۆی نەبوونی بڕیاری پاراستنی بەرهەمی ناوخۆ و پاڵپشتی پڕۆژەکان و قەدەغەی بەرهەمی هاوردە نەدەتوانرا پێویستیی ناوەخۆیی پڕبکرێتەوە، بەڵام ئێستا پڕۆژەکانی پەلەوەر زیادیان کردووە و رێژەی بەرهەمیشیان بووەتە ٢٤٠ هەزار تۆن لە ساڵێکدا، لەو ژمارەیەش ساڵانە( ٩٣ )هەزار تۆن بڕی زیادەی بەرهەم ڕەوانەی ناوەڕاست و خوارووی عێراق دەکرێت و لەوێ بەبازار دەکرێت .

لە هەرێمی کوردستان، پڕۆژەکانی تایبەت بە قەڵەوکردن و بەخێوکردنی مانگا، لە بەرزبوونەوەدان و گرنگییەکی زۆریان پێ دەدرێت، بەجۆرێک لە کابینەی نۆیەمدا،( ٣٩) پڕۆژەی قەڵەوکردنی گۆلک دامەزراون و لەئێستادا ٩٨ پڕۆژەی تایبەت بە قەڵەوکردنی گۆلک هەن،جگەلە پەرەسەندن و زیادبوونی پڕۆژەی مانگای شیر کە ژمارەیان بۆ (٨٤) پڕۆژە بەرزبوەتەوە لە کاتێکدا پێشتر (٧٦) پڕۆژە بوون، بەمەش پڕۆژەکانی گاوداری بەراورد بە ساڵانی پێشوو بەرێژەی٧٦ ٪ زیادیان کردووە .

بەشێوەیەکی گشتی، پێشتر( ١٨٦٤) پڕۆژەی پەلەوەری و ئاژەڵی لە هەرێمی کوردستان هەبوون، بەڵام لەگەڵ دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەم، گرنگییەکی زۆر بەو کەرتە دراوە و تواندراوە تا ئاستی خۆبژێوی پەرەی پێ بدرێت، بەجۆرێک ژمارەی پڕۆژەکان بەرزکراونەتەوە بۆ (٢٢٦١) پڕۆژە، هەروەها ئاستی بەرهەمهێنانیشیان زیاد بووە و بەمەش دەتواندرێت پێداویستیی ناوخۆیی پڕبکەنەوە.

بەپێی پلانێکی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە کابینەی نۆیەمدا، لە بەرهەمی هێلکە قۆناغی خۆبژێویمان تێپەڕاندووە , کە ئەمەش بناغەیەکی گرنگی دابین کردنی ئاسایشی خۆراک و

دەستە بەرکردنی خۆراکێکی تەندروستە بۆ هاونیشتمانیان و هۆکارە بۆ ڕەخساندنی هەلی کار و بوژانەوەی بازنەکانی تری پیشەسازی پەلەوەر ، بەو پێیەش هەرێمی کوردستان ساڵانە (٩١٩,٨٠٠,٠٠٠) نۆ سەت و نۆزدە ملیۆن و هەشت سەت هەزار هێلکە هەناردەی دەرەوە دەکات،کە لەئێستادا گرنگی زۆر دەدرێ بۆ هەماهەنگی و دۆزینەوەی بازاڕ بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمی هێلکەی پڕۆژە و کێلگەکانی بەرهەمهێنانی هێلکە ،هەروەها بریاری قەدەغەکردنی هاوردنی هێلکە بۆ ناو هەرێمی کوردستان بەردەوامە .بەرهەمی ڕۆژانەی هێلکە ٥٠٪ زیاترە لە پێویستی ناوخۆیی.

پێش دەست بەکاربوونی کابینەی نۆیەم لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو کۆی پڕۆژەکانی هێلکەی خواردن  لە هەرێمی کوردستان : (١١)پڕۆژە بوون بەوزەی بەرهەم هێنانی ١،٣٤٥،١٨٠،٠٠٠هێلکە لە ساڵێکدا بەم شێوەیەی خوارەوە :

- هەولێر (٨) پڕۆژە
- دهۆک (٢) پڕۆژە
- گەرمیان (١) پڕۆژە
- سلێمانی( ٠) پڕۆژە

لە ئێستادا ژمارەی پڕۆژەکان زیادی کردووە بۆ (٣٣) پڕۆژە واتا ژمارەی پڕۆژەکان لە( %٢٠٠)زیادی کردووە وە وزەی   ٢،٩١٨،٥٧٧،١٠٠ بەرهەمهێنانی بەرز بوەتەوە بۆ :

- هەولێر (١٥) پڕۆژە
- سلێمانی(١١)پڕۆژە
- دهۆک(٥) پڕۆژە
- گەرمیان(٢)پڕۆژە

بڕی بەرهەم لە ڕۆژێکدا (١٠٨٠٠٠٠) بوو پێش دەست بەکاربوونی کابینەی نۆیەم لە کاتێکدا بڕی پێویستی هەرێم  بری ( ٢٥٢٠٠٠٠) هێلکەیە لە ڕۆژێکدا. بڕی کورتهێنان ١٤٤٠٠٠٠ بووە لە ڕۆژێکدا لە

ئێستادا بڕی بەرهەم هێنان بۆ (١٤) هەزار, دەکاتە بڕی ٥٠٤٠٠٠ هێلکە بەرز بوەتەوە. ڕۆژانە ٢٥٢٠٠٠٠ هێلکە واتە( ٧)هەزار کارتۆن لە پێویستی ناوەخۆیی زیادە.

پرۆسەی بەبازاڕکردنی گەنمی جوتیارانی هەرێمی کوردستان

ژمارەی جوتیارانی سوودمەند بەگشتی ٣٨،٩٤٨ لەسەر ئاستی هەرێم بۆ پلانی /٢٠٢١/٢٠٢٢
رووبەری چێنراو :٢،٥٩٩،٥٨٠ دۆنم.
بەبازاڕکردنی گەنم لە کابینەی نۆیەم لە سایلۆکان بەگشتی ١،١٨٩،١٠٢
لەگەڵ پرۆژەی بەبازاڕکردنی گەنم لە کەرتی تایبەت کە ٨٥٠٠٠
سەرجەمی گەنمی بەبازاڕکراو لەکۆیی کابینەی نۆیەمدا دەکاتە ١،٢٧٢،١٠٢

**پڕۆژەکانی سامانی ماسی**

| پارێزگا | هەولێر | | سلێمانی | | دهۆك | | گەرمیان | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جۆری پرۆژە | ژمارە | ووزە تەن/ساڵ | ژمارە | ووزە تەن/ساڵ | ژمارە | ووزە تەن/ساڵ | ژمارە | ووزە تەن/ساڵ | ژمارە | ووزە تەن/ساڵ |
| حەوزی خۆلی | ١٧٧ | ٣٢٩,٦٣ | ٧٦ | ٢٧٠,٧٩ | ٤٣ | ١٠٩,٠٢ | ٦٨ | ٢٩٢,٢٢ | ٣٦٤ | ١٠٠١,٦٦ |
| حەوزی کۆنکریتی | ٤ | ١٣٨,١٦ | ٩ | ٧٦٦,٥٨ | ٤ | ٤١٣,١٧ | ٠ | ٠ | ١٧ | ١،٣١٧,٩١ |
| بەخێوکردنی قەفەس | ١ | ١٨ | ١٢ | ٦٠٦,٨٢ | ١١ | ١٢٩,٧٤ | ٢ | ٢٨,٤ | ٢٦ | ٧٨٢,٩٢ |
| حەوزی داخراو | ٣ | ١٩٢,٠١ | ١ | ١٠,٨ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٤ | ٢٠٢,٨١ |
| کۆی پرۆژەکان | ١٨٥ | ٦٧٧,٨ | ٩٨ | ١٦٤٣,٠٧ | ٥٨ | ٦٥١,٩٣ | ٧٠ | ٣٢٠,٦٢ | ٤١١ | ٣٣٠٥,٣٤ |
| هەڵهێنەری پەنجەماسی | ٠ | ٠ | ١ | ١،٠٠٠،٠٠٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ١،٠٠٠،٠٠٠ |

**خشتەی مۆڵەت و ڕەزامەندی سەرەتایی پڕۆژەکانی سامانی ماسی**

| ڕەزامەندی سەرەتایی | | |
|---|---|---|
| پارێزگا | ژمارە | جۆر پرۆژە |
| هەولێر | ٢ | خۆڵی |

| مۆڵەت | | |
|---|---|---|
| پارێزگا | ژمارە | جۆر پرۆژە |
| هەولێر | ١ | خۆڵی |

| | | |
|---|---|---|
| دهۆك | ١ | خۆڵی |
| سلێمانی | ٣ | ١ کۆنكریت + قەفەس + ١ داخراو |
| گەرمیان | ١ | خۆڵی |
| کۆی گشتی | ٧ | ٤ خۆڵی + ١ کۆنكریت + ١ قەفەس + ١ داخراو |

| | | |
|---|---|---|
| دهۆك | ١ | قەفەس |
| سلێمانی | ٤ | ٢ خۆڵی + ١ کۆنكریت + ١ قەفەس |
| گەرمیان | ١ | خۆڵی |
| کۆی گشتی | ٧ | ٤ خۆڵی + ١ کۆنكریت + ٢ قەفەس |

**خشتەی کۆی پرۆژەکانی سامانی ماسی**

| پرۆژە | ژمارە پرۆژە کۆنەکان | پرۆژەی نوێ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| سامانی ماسی | ٣٩١ | ٢٠ | ٤١١ |

**بڕی بەرهەمهێنانی میوە و سەوزە لە ڕێگەی عەلوەکانی کوردستان**

| پارێزگا / ساڵ | هەولێر / تەن | دهۆك / تەن | سلێمانی / تەن | گەرمیان / تەن | کۆی گشتی / تەن |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠١٩ | ٨٦،٧٩٥ | ١٣٥،٣٠٧ | ١٥٧،٤٠٥ | ١٧،٣٦٣ | ٣٩٦،٨٧٠ |
| ٢٠٢٠ | ٢٣٤،٤٨٣ | ٥٠،٩٨٦ | ١٤٩،٣٣٢ | ٤١،٤٦٤ | ٤٧٦،٢٦٤ |
| ٢٠٢١ | ١٣٥،٧١١ | ٤٠،٠٣٠ | ١٥٤،٣٩٩ | ١٥،١٨٥ | ٣٤٥،٣٢٥ |
| ٢٠٢٢ | ١١٤،٢٤٧ | ٥٦،٥٨١ | ١١٥،٢٨٤ | ١٨،٥٠٣ | ٣٠٤،٦١٥ |

- تاوەکو ٢٠٢٢/٩/٣٠

**سەوزەی داپۆشراو و کراوە**

| پارێزگا / ساڵ | هەولێر / تەن | دهۆك / تەن | سلێمانی / تەن | گەرمیان / تەن | کۆی گشتی / تەن |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠١٩ | ٢٧١،٣٠٤ | ٣٦٨،٤٠٤ | ٣٦٤،٩٧٠ | ٤٥،٧٣٤ | ١،٠٥٠،٤١٢ |
| ٢٠٢٠ | ٥٩٧،٧٠٧ | ١٦١،٠٤٣ | ٣٧٨،٧٨٣ | ٦٢،٩٦٢ | ١،٢٠٠،٤٩٥ |
| ٢٠٢١ | ٢٣٨،٣٢٣ | ١١٥،٩٠٤ | ٣٤٣،٥٥٦ | ٢٠،٨٣٤ | ٧١٨،٦١٧ |

| ٢٠٢٢ | ٢٧٦،٨٣٤ | ١٦١،٣٣٨ | ٢٧١،٨٢٧ | ٣٢،٣٨٢ | ٧٤٢،٣٨١ |
|---|---|---|---|---|---|

- تاوەکو ٢٠٢٢/٩/٣٠

**شەشەم / ژمارەی خانووی پلاستیکی لە هەرێمی کوردستان ساڵی تا ٢٠٢٢**

| ز | پاریزگا | ژ. جووتیار | تێکرای ژ.خانوو | رووبەر/م٢ | رووبەر/ دۆنم | رێژەی % | هەلی کار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | هەولێر | ٦٦٥ | ٣،٢٤٨ | ١،٤٧٥،٤٩٣ | ٥٩٠ | ١٠,٨ % | ١،٦٢٤ |
| ٢ | سلێمانی | ١،٩٤٠ | ٢٢،١٠٣ | ١٠،٢٤٤،٧٤٠ | ٤،٠٩٨ | ٧٤ % | ١١،٠٥٠ |
| ٣ | دهۆک | ٩٧٦ | ٣،٢٥٩ | ١،٤٦٦،٥٥٥ | ٥٨٧ | ١١ % | ١،٦٣٠ |
| ٤ | هەلەبجە | ٣٠ | ٤٦٧ | ٢١٠،٢٥٠ | ٨٤ | ١,٦ % | ٢٣٤ |
| ٥ | گەرمیان | ٢٠٢ | ٧٨٤ | ٣٦٣،٣٨٤ | ١٤٥ | ٢,٦ % | ٣٩٢ |
| کۆی گشتی | | ٣،٨١٣ | ٢٩،٨٦١ | ١٣،٧٦٠،٤٢٢ | ٥،٥٠٤ | ١٠٠ % | ١٤،٩٣٠ |

## بەرهەمهێنانی پەتاتە

گەیشتۆتە ئاستی خودبژێوی کە ئەمساڵ نزیکەی ٥٠٠٠٠٠ هەزار تەن پەتاتە هەیە، هەروەها وەزارەت گرێبەستی وەرگرتنەوەی بەرهەمی پەتاتەی پیشەسازی و پەتاتەی خواردنی خۆمالی جوتیارانی هەیە لەگەڵ (١٠) کارگە و کۆمپانیای بەرهەمهێنانی چپس و فینگەر .

## بەرهەمهێنانی گەنمەشامی

بۆ یەکەم جار لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان لوتکەی بەرهەم هێنانی تۆمار کردووە، کە بە بەراورد بە ماوەی ٢٠ ساڵی رابردوو کە پێشبینی زیاتر لە ٤٠٠ هەزارتەن دەکرێت لەسەر ڕووبەری نزیکەی ١٠٠ هەزار دۆنم زەوی، وەزارەتی کشتوکاڵ بەرنامەی هەیە بۆ بەرهەمهێنانی تەرزێکی نایابی بنەتۆی گەنمەشامی ناوخۆی و گرێبەستی هەیە لەگەڵ( ٨) کارگەی ووشکردنەوەی گەنمەشامی کە

راستەوخۆ بەنرخی پاڵپشتی بەرهەمەکانی جوتیاران وەردەگرێتەوە هەروەها( ٣٨) کارگەی بەرهەمهێنانی عەلەف سوود لە بەرهەمی ناوخۆی گەنمەشامی جوتیاران وەردەگرن کە پێداویستی نزیکەی (٥٠) پێکهاتەکانی عەلەفی بۆ پرۆژەکانی پەلەوەری و سێکتەری دەواجن دابین دەکات.

وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ئێستا ئەندامی لێژنەی بالای ئاسایشی خۆراکە لە عێراقدا، بۆ هەمان مەبەست لەگەڵ رێکخراوی فاو زنجیرەیەک بەرنامەی لەبەردەستدایە بۆ ستراتیژی ئاسایشی خۆراک و هەلسەنگاندن و پێداچوونەوە به پلانی ستراتیژی ئاسایشی خۆراک لە عێراق بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی هەرێمی کوردستان.

ڕێککارەکانی پاراستنی ژینگە

وەزارەتی کشتوکاڵ ئەندامێکی سەرەکیە لە لێژنەی باڵای ئەنجومەنی چاککردن و پاراستنی ژینگە، کە ڕۆلێکی باڵای گێڕاوە لە بەرهەمهێنانی نەمام و زیادکردنی سەوزایی و کەمکردنەوەی کاریگەری گەرمی و کەمئاوی و وشکەساڵی، و بەردەوامە لەسەر پەرەپێدانی بەرهەمهێنانی نەمامگەکان و دابەشکردنی نەمام بەسەر جووتیاران و خاوەن پڕۆژەکان و پارێزگاری لە دارستانە سروشتی و دەستکردەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

بۆ هەمان مەبەست بە دروشمی 'پەرژینی بکە بە درەخت' ئەمساڵ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو کەمپینێکی سەرتاسەری ڕاگەیاند بە دابینکردنی بری (یەک ملیۆن ) دار و نەمام کە (٣٥) جۆری لەخۆگرتبوو، بۆ جووتیاران و خاوەن نەمامگە و پرۆژەکان و فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە یەک کاتدا ئەم هەڵمەتە لەسەر ئاستی سەرجەم کشتوکالی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان و فەرمانگە کشتوکالیەکان ئەنجامدرا و سەرجەم نەمامەکان بەخۆرایی و بێ بەرامبەر دابینکرابوون بە ئامانجی زیادکردنی رێژەی سەوزایی و پەرژینکردنی زەویەکانی جوتیاران.

هەروەها وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ئەمساڵ لە ٢٠/١١/٢٠٢٢ بەشداریی کرد لەکۆنگرەیی شەرم الشیخ و پلانی خۆی پێشکەشکرد لە لوتکەیی کۆنگرەکە دەربارەی گۆرانی کەش و هەوای جیهانی و بارودۆخی جیهان و پیسپوونی ژینگە و کاریگەریەکانی کەمئاوی و وشکەساڵی.

وەزارەت کار دەکات بە ڕێنمایی ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠٢١ تایبەت بە هەموارکردنەوەی ڕێنمایی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١٣ تایبەت بە جێبەجێکردنی حوکمەکانی یاسای دارستان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢١.

ئاو و ئاودێری

وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە کابینەی نۆیەم هەنگاوی زۆر گرنگی ناوە بۆ ستراتیژی بەرێوەبردن و مامەلەکردن لەگەڵ دۆخی ئاو بەگشتی لەسەر ئاستی ئاوی سەر زەوی  و ژێر زەوی بەم شێوەیەی خوارەوە :

١ /بۆ یەکەم جار یاسایی  پاراستن و  ستراتیژی بەرێزوەبردنی ئاو بە ژمارە (٤) ساڵی ٢٠٢٢ لەپەرلەمانی کوردستان دەرچوو.

٢ /بۆیەکەم جار رێنمایی تایبەت بە دروستکردنی (پۆند و پرۆژەکانی ئاودێری) بە ژمارە (٥) ی ساڵی ٢٠٢٢ لەپەرلەمانی کوردستان دەرچوو.

٣ /جگە لە (٣) بەنداوە ستراتیژیەکانی (دوکان و دەربەندیخان و دهۆک )لەسەر ئاستی عێراقدا، لەماوەی رابردوو بریاردرا لەسەر دروستکردنی (١٣) بەنداو کە زۆربەیان لە قۆناغی تەواو بووندان و توانایەکی بەرزیان هەیە لە گلدانەوە و خەز کردنی سەرچاوەکانی ئاو.

٤ /لەم کابینەیە رەزامەندی دراوە بۆ دیزاینکردن و دروستکردنی (٤١) پۆند و پرۆژەی ئاودێری لە سالانی ٢٠١٩ – ٢٠٢٢، بەڵام بە گشتی لەماوەی هەموو کابینەکانی پێشوو (١١٨) پۆند دروستکراوە ,کەواتە بەگشتی لە ئاستی هەرێمی کوردستان (١٥٥) پۆند و پرۆژەی ئاودێری هەیە لەسەر رووبەری (٤٧٩٣٦٤) دۆنم زەوی , کە توانای گلدانەوەی (٢٢,٦١٣,٢١٥) مەتر سێجا ئاویان هەیە.

٥ /جگەلەمانە ئێستا بۆتە نەریتێک کە لەچەندین شوێندا جوتیاران و خاوەن پرۆژەکانی کشتوکاڵی خۆیان لەسەر ئاستی گوند یان چەند جوتیارێک خۆیان هەڵساون بۆ دروستکردنی (پۆند) بۆ گلدانەوەی ئاو لەو شوێنانەی کە گونجاوە بۆ خەزنکردنی ئاو، بۆ ئەم مەبەستە بەرێوەبەرایەتی گشتی سەرچاوەکانی ئاو ئاسانکاری و رێنمایی پێویست پێشکەشی جوتیاران دەکات.

٦ / وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لێژنەیەکی باڵا و ژوورێکی عەمەلیاتی پێکهێناوە بۆ دارشتنی پلان و بەرنامە و پێشنیار بۆ دۆخی ووشکەساڵی و رووبەروبونەوەی دیاردەی کەمئاوی بۆ هەمان مەبەست (سێ) راپۆرتی زۆر وورد و گرنگی ئامادە و پێشکش کراوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندی دارەکان لەلایەن بەرێوبەرایەتیە گشتیەکانی ( پلاندانان و بەدواداچوون – بەنداو و کۆگاکانی ئاو – سەرچاوەکانی ئاو ).

٧ /بۆ یەکەم جار وەزارەتی کشتوکاڵ هەولی داوە کە کار بە سیستەمی (پی پی پی) بەشداری کردنی کەرتی تایبەت و دامەزراوەکان و وەبەرهێنەرە نێودەولەتیەکانی بواری دروستکردنی بەنداوەکان و پرۆژەکانی ئاودێری کە بۆ دیزاین و دروستکردنی (٩) بەنداوی گرنگ و ستراتیژی زیاتر لە (٦٠) کۆمپانیای جۆراو جۆری وولاتان پرۆپۆزەلیان پێشکشکردووە، لە ئێستادا لەلایەن لێژنەیەکی بالای ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی کشتوکاڵ کار بۆ پۆلێنبەندی دەرکرێت.

٨ /وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان یاداشتێکی لێک تێگەیشتنی ئەنجامداوە لەگەڵ گروپی کۆمپانیاکانی جیهانی (پاوەر چاینا) بۆ دروستکردنی (٤) بەنداوی گرنگ و ستراتیژی لە هەرێمی کوردستان.

٩/ هەروەها وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم لەگەڵ سەرچاوەکانی ئاوی عێراق یاداشتی لێک تێگەیشتنی هەیە بۆ تێگەیشتن و هەماهەنگی کردن دەربارەی سترتیژی بەرێوەبردنی ئاسایشی ئاو و دۆخی ئاو لە ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان .

<u>پاککردنەوەی زەویوزار لە مین</u>

وەزارەتی کشتوکاڵ پەیوەندی باشی هەیە لەگەل دەستەی مین بەتایبەتی بۆ بابەتی پاککردنەوەی باخە دێمیەکان لە ناوچە شاخاوییەکان و رادەستکردنی زەوی مین رێژکراوەکان و لەناوبردنی تەقەمەنیەکان و پاکردنەوەی زەوی زەوییەکان و کارکرد بۆ بوژانەوەی زەویەکان و کەمکردنەوەی هەرەشە و مەترسیەکانی سەر ژیانی و بژێوی جوتیارانی هەرێمی کوردستان.

| | | |
|---|---|---|
| ١ | رووبەری زەوی پاککراوە بەمەتر دووجا بەش | ١,٦٩٨,٣٩٢ |
| ٢ | رووبەری پاککراوە لە بۆمبی (ئێل ئی دی ) | ٦١٨,٤٠٤ |
| تێکرای رووبەری زەوی پاکراوە | | ٢,٣٢٦,٤٠٤ |

<u>گەڕاندەوەی ئەو کالایانەی بەسەرچوونە بۆ ئەو ولاتەی لێی هاوردە کراون</u>

بەپێی یاسای ژمارە (٦٨)ی ساڵی ١٩٣٧ تایبەت بە نەخۆشیە ئاژەڵیەکان و فێتێرنەریەکان وە یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی ١٩٦٦ ی کەرەنتینەی کشتوکالی و هەموارکردنەوەی یاسای ژمارە (٧٦)ی ساڵی ٢٠١٢ و دانانی میکانیزمەکانی تایبەت بە پشکنینی مەرزەکان و کوالێتی ئەو بەرهەمانەی لەدەرەوە هاوردە دەکرێن بەردەوامە لە چاودێریکردن و گەراندنەوەی ئەو بەرهەم و کالایانەی کە بەسەرچوونە وە دەگەرێندرێنەوە بۆ وولاتی سەرچاوەی هاوردەکراو . لە ئێستادا لەسەرجەم مەرزەکانی هەرێمی کوردستان کەرنتیەنەکانی کشتوکاڵی و فێتێرنەری و سەوزە و میوەکان بەردەستن و هەموو جۆرە یەکەیەکی هاوردەرکراو پشکنینی بۆ دەکرێت.

<u>هەموارکردنەوەی یاسا و ڕێنمایی تایبەت بە کەرتی کشتوکاڵ</u>

بەپێی یاسای ژمارە ٨ ی ژینگە لە ساڵی ٢٠٠٨ وە بەپێی یاسای ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠١٢ تایبەت بە دارستانەکان و پاراستنی دارستان، وەزارەتی ناوبراو ئەندامە لە دارشتنی لێژنەی تایبەت بە پارێزبەندیەکانی ئاژەڵی کێوی و پەلەوەرە کێویەکان وە بە بەردەوامی کاری لەسەر دەکرێت.

هەروەها وەزارەتی ناوبراو لە ساڵی ٢٠٢١ و نیوەی ساڵی ٢٠٢٢، توانیویەتی ٣ یاسا و ١١ ڕێنمایی دەربکات، هاوکات ٨ پڕۆژە یاسا و پڕۆژە ڕێنمایی ئامادە بکات و هەموارکردنەوەیەکی یاسایی ئەنجام بدات.

<u>ساڵی ٢٠٢١</u>

- ڕێنمایی ژمارە ١ ی ساڵی ٢٠٢١ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو هە موارکردنی ڕێنمایی دامەزراندن و مۆ ڵەت پێدانی پرۆژەکانی سامانی ماسی ژمارە١ ی ٢٠١٣.

- ڕێنمایی ژمارە ٤ ی ساڵی ٢٠٢١ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوهە موار کردنی ڕێنمایی ژمارە ٨ ساڵی ٢٠١٣.
- ڕێنمایی ژمارە ٥ ی ساڵی٢٠٢١ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو تایبەت بەپێدانی مۆڵەت بۆ دامەزراندنی باخی میوە.
- ڕێنمایی ژمارە٦ ی ٢٠٢١ وەزارەتی کستوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو هە موار کردنی ڕێنمایی ژمارە١ ساڵی ٢٠١٩.
- ڕێنمایی ژمارە٦ ی ٢٠٢١ وەزارەتی کستوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو هە موار کردنی ڕێنمایی ژمارە١ ساڵی ٢٠١٩.
- ڕێنمایی ژمارە ٧ ی ساڵی ٢٠٢١ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو تایبرت بەپێدانی مۆڵەت بۆدروستکردنی ڕەژوو.
- بڕیاری ژمارە ١ ی ساڵی ٢٠٢١ وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو ڕیکخستنی هاوردنی ئاژەڵی زیندوو بە مەبستی قەڵەوکردن وسەربڕین.
- ڕێنمایی ژمارە ٩ ی ساڵی٢٠٢١ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو تایبەت بە دامەزراندن و مۆڵەت پێدانی پرۆأەکانی سامانی ماسی.
- ڕێنمایی ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠٢١ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو تایبەت بە دامەزراندن و مۆڵەت دان بەیرۆژەکانی سامانی ئاژەل پەلەوەر وئاژەڵی.
- بڕیاری ژمارە ٣ یساڵی ٢٠٢١ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاودرێژکردنەوەی بڕیاری ژمارە ٦١١ ی ساڵی ١٩٧٧.

<u>ساڵی ٢٠٢٢</u>

- ڕێنمایی ژمارە ١ ساڵی ٢٠٢٢وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو تایبەت بە رێکخستنی هاوردەکردن و بە دەرمان وڤاکسین و پیداویستی ڤێتێرنە ری.
- ڕێنمایی ژمارە ٢ ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو تایبەت بەمۆلەتی ڤێتنێرنەری بۆ کارگەکانی دروست کردنی قیمەی گوشت و بەرووبوومەکانی.
- ڕێنمایی ژمارە ٣ ی ساڵی ٢٠٢٢وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو تایبەت بە پێدانی مۆلەتی دامەزراندنی پڕۆژەی خانووی پلاستیکی.

- ڕێنمایی ژمارە ٤ ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو تایبەت بە جێبەجێ کردنی یاسای سەرپەرشتیارانی پڕۆژەکانی کشتوکاڵی لە کەرتی تایبەت.
- بڕیاری ژمارە ٣ ی ساڵی ٢٠٢٢وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو درێژکردنەوەی بڕیاری ٦١١ تایبەت بە ڕاست کردنەوەی هە ڵەکانی تسویە.

ئەم یاسایانەی پێویستە کاری لەسەر بکرێت

- ئامادەکردنی پڕۆژە یاسایەک بۆ پاڵپشتی پێدانی قەرزی دارایی بە سوودێکی کەم بۆ خانمانی گوندەکان وەک پاڵپشتیەک بۆ کەرتی کشتوکاڵی.
- ئامادەکردنی پڕۆژە یاسایەک کە کۆتا لە خۆ بگرێت بۆ ژنان لەو پڕۆژە کشتوکاڵیانەی حکومەت لە ناوچە کشتوکاڵیەکاندا جێبەجێیان دەکات.
- ئامادەکردنی پڕۆژە یاسایەکی تایبەت بە قەرزی بانکی کشتوکاڵ و ناچارکردنی بانکەکە بۆ پێدانی پشکێکی
- تەفزیلی بە ژنانی گوند.

سەرچاوەکانی ئاو

وەزارەرتی کشتوکاڵ بە بەردەوامی هەوڵی داوە بۆ زامنکردنی گەشەیەکی بەردەوام و کارای سەرچاوەکانی ئاو، و برەودان بە تەکنەلۆژیای نوێی ئاودێری بۆ ئەم مەبەستە یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە پاراستن و ستراتیژی بەرێوەبردنی ئاو لە هەرێمی کوردستان دەرچوو، هەروەها وەزارەت بەردەوام کاردەکات بۆ رێنمایی کردنی جوتیاران و ئاشناکردنیان بە بەکارهێنانی سیستەمی نوێی ئاودێری کە بەکەمترین رێژەی ئاوی تێدا بەکاردێت. هەروەها بۆ مەبەستتی سوود وەرگرتن لە گلدانەوەی سەرچاوەکانی ئاو چەندین پۆند و پڕۆژەی ئاودێری و کەنالی ئاودێری دروستکراوە و چەندین بەنداوی گرنگ و ستتراتیژی ئەولەویاتی دراوەتێ و دیزاین و بودجەی بۆ دابینکراوە و بەشێکشی لە قۆناغی کۆتایدا نزیک بونەتەوە.

بۆ هەمان مەبەست بە هەماهەنگی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی ناوبراو بۆ یەکەم جار دەستکرا بە پەیرەوکردنی سیستەمی (پی پی پی ) بە بەشداری و هاندانی کۆمپانیا پێشکەوتووەکان و

وەبەرهێنەرانی بیانی بۆ بونیادنانی بەنداوەکان. هەروەها ژورێکی عەمەلیاتی تایبەتی بە بەرەنگاربوونەوەی ووشکە ساڵی و کەمبارانی پێکهێناوە و چەند راپۆرتێکیان ئامادەکردووە بەمەبەستی خستنەرووی کاریگەری و زیانەکان و پلانی جێبەجێکردن و شێوازی بەڕێوەبردنی دۆخی ئاو، و بەردەوام لەپەیوەندی دایە لەگەڵ وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاوی عێراق بۆ پلانرێژی وداخلکردنی هەرێمی کوردستان لەم بەرنامە و پلانانەی کە بۆ دروستکردنی بەنداوەکان و پرۆژەکانی ئاودێری دادەرێژرێت.


لە پێناو بەرژەوەندی جوتیاران و برەودانی زیاتر بە کەرتی کشتوکاڵ و ئاودێری لە هەرێمی کوردستان پێویستە بە:

- دابینکردنی مافی جوتیاران لە ناوچە کوردستانیەکان بەتایبەتی لە ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان کە جوتیاران ودانیشتوانەکەی کوردن و مافەکانیان پێشل دەکرێت لەسەر زەویەکانیاندا.
- زۆربەی کات رێگری دەکرێ لە هەناردن و ساغکردنەوەی بەرهەمەکانی جوتیارانی هەرێمی کوردستان بۆ شارەکانی ناوەراست و خوارووی عێراق بەم شێوەیە جوتیارانی هەرێمی کوردستان ئێمە زیانێکی زۆریان پێدەگات.
- پابەندنەبوونی وولاتانی دەوروبەر/ دراوسێ بە تایبەتی ئیران و تورکیا لە هاوسەنگی مافی هاوسێیەتی و بەردانەوەی ئاوی زێی بچووک و زێی سیروان کە ئەمەش پێشێلی مافی جوتیارانی هەرێمی کوردستانە.

بێ بەشبوونی جوتیارانی هەرێمی کوردستان لەهەموو ئەو پاڵپشیە کشتوکاڵیانەی بۆ جوتیارانی شارەکانی تری ناوەراست و خوارووی عێراق دابیندەکرێت.

**وەزارەتی بازرگانی و پێشەسازی:**

**لە کۆی (٦) ڕاسپاردە کە ئاڕاستەی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی کراوە، (٤) ڕاسپاردە جێبەجێکراوە و (١) ڕاسپاردە جێبەجێ نەکراوە و (١) ڕاسپاردەش لە پرۆسەی جێبەجێکردندایە.**




| | |
|---|---|
| کۆی ڕاسپاردەکان | 6 |
| جێبەجێکراو | 4 |
| جێبەجێنەکراو | 1 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 1 |

وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی وەک یەکێک لە وەزارەتە خزمەتگوزاریەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆلێکی سەرەکی هەیە بۆ بەرپاکردنی خۆش گوزەرانی و بووژاەوەی ئابووری، هاوکات ڕاگرتنی سەقامگیری بازار و لە کاتێکدا سالانە وەزارەتی ناوبراو ئەرکی گرنگی وەرگرتنی بەرهەمی دانەوێلەی جوتیاران کە ئەم ساڵ وەک نمونە زیاتر لە ٣٥٠ هەزار تۆن بەرهەم هێنراوە .

له کەرتی پیشەسازی ئامارەکانی ( ٢٠١٨ و ٢٠١٩ و ٢٠٢٠ و ٢٠٢١ ) ئەو راستیە دەردەکات کە لە عێراق ژێرخانێکی بە هێزی نیە بۆ دابین کردنی پێداویستی هاووڵاتیان بەڵام ڕەوشی هەرێمی کوردستان لەم کەرتەدا زۆر باشترە بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی تری عێراق لە نێو بڕگەکانی سیاسەتی ئابووری حکومەتی هەرێم کار لەسەر گواستنەوەی کۆمەڵگای کوردستان لە بەکاربەرەوە بۆ کۆمەڵگای بەرهەم هێنان دەکرێت.

- ژمارەی کارگەکانی دامەزراو لە هەرێمی کوردستان تاکو ئێستا ٤١٣٨ کارگەیە بە بڕی ٢ ملیارد و ٢٠٠ ملیۆن دۆلار وەبەرهێنانی تێیداکراوە.
- ژمارەی کارگە و کارمەند و کرێکار لەم کارگانە دەگاتە ٤٣٣٩٨ هەلی کار.
- ژمارەی کۆمپانیاکان تۆمارکراو تاکو ئێستا ٣١٣٧٥ کۆمپانیایە، ٩٠% کۆمپانیای خۆمالین و ١٠% بیانین.

وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەر وەک ئاماژە پێکراوە کە ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە دابین کردنی خۆراکی سەرەکی بۆ هاووڵاتیان، ئەوەش لە چوار چێوەی سیاسەتی زامن کردنی ئاسایشی خۆراک لەرێگای دروستکردنی زۆرترین ژمارە لە سایلۆ و کۆگای تایبەت بە خۆراک. تاکو ئێستا هەرێمی کوردستان توانای عەمبارکردنی ٥٨٥ هەزار تۆن دانەوێلە هەروەها پەنکەرەکان توانای ٤١١ هەزار تۆنیان هەیە ، وە لە ماوەی سێ ساڵی داهاتوو لایەنی کەم سێ سایلۆی تر لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان دروست دەکرێت.

بۆ مەودای کورت خایەن و درێژخایەن وەزارەتی ناوبراو لە بەرنامەکانی هەوڵ دەدات بۆ پەرەپێدانی ئابووری هەرێمی کوردستان کە لە دەرئەنجامدا گشت هاوڵاتیان لە رووی ئابووری سودمەند دەبن، ئەو هەوڵەش لەرێگای گەشەپێدانی چالاکی کەرتی پیشەسازی و رێکخستنی چالاکیە بازرگانیەکان کە کاریگەری راستەوخۆیان هەیە لە بەرزکردنەوەی ئاستی سەرجەمی داهاتی نیشتمانی، بەرزکردنەوەی دەرفەتی کار بۆ هاووڵاتیان، هەروەها بەرزکردنەوەی داهاتی تاکە کەسی. ئەو هەنگاوانە لە دەرئەنجامدا وا دەکات کە هەناردەی کەل و پەلی دروستکراو زیاتر بێت و جۆرێک لە هاوسەنگی دروست بێ لە نێوان هاوردن و هەناردە بۆ ئەوەی ئاماژەکانی ئابووری هەرێمی کوردستان دووچاری سستی یاخود هەڵاوسان نەبێت .

وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە کاتی ئێستادا ١٤ پرۆژەی بەردەوامی هەیە لە دروست کردنی سایلۆ و ناوچە پیشەسازی و نۆژەن کردنەوە و دروستکردنی تاقیگەی هەمە جۆر. هاوکات لە بەرنامەی وەزارتدا بۆ ساڵانی ٢٠٢٢ – ٢٠٢٤، ١٩ پرۆژەی مام ناوەند و گەورە ئەنجام بدرێت وەک دروستکردنی پێنچ سایلۆ لە کفری و هەلەبجە و هەریر و زاخۆ و دهۆک، سەرەڕای دروست کردنی چوار ناوچەی پیشەسازی لە سلێمانی و دهۆک و چەندین کۆگای تایبەت و سەنتەری راهێنان و تاقیگە.

<u>هەموارکردنەوەی یاسا و رێنمایی تایبەت بە کەرتی بازرگانی و پیشەسازی</u>

<u>ئەو یاسایانەی کە هەموار کراوەتەوە</u>

- هەموارکردنەوەی یاسایی پاراستنی بەرهەمی ناوخۆ ژمارە ٢ ی ساڵی ٢٠٢١ .
- هەموارکردنەوەی یاسایی گەشەپێدانی پیشەسازی ژمارە ١٤ ی سالی ١٩٩٣ بە یاسایی ژمارە ١٣ ی ساڵی ٢٠٢١.
- هەموارکردنەوەی یاسایی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ژمارە ١٠ ی ساڵی ٢٠١٠ بە یاسایی ژمارە ١٤ ی سالی ٢٠٢١.
- هەموارکردنەوەی یاسایی بازرگانی عێراق و پەسەندکردنی ژمارە ٣٠ ی ساڵی ١٩٨٤ بە یاسایی ژمارە ١٥ ی ساڵی ٢٠٢١.


**<u>ئەم یاسایەی پێویستە کاری لەسەر بکرێت</u>**

- پرۆژە یاسایی شارو ناوچەی پیشەسازی رێکخراو.
- پرۆژە یاسایی ناوچەی پیشەسازی و بازرگانی خزمەت گوزاری ئازاد ( المناطق الاقتصادیة الحرة).
- پرۆژە یاسایی کۆنترۆڵی جۆری.
- پرۆژە یاسایی دامەزراوەی خۆراک و دەرمان.
- پرۆژە یاسایی هەموارکردنەوەی بریکارنامەی بازرگانی.
- پرۆژە یاسایی ئینفازکردنی پەیرەوی لقی کۆمپانیاکانی بیانی.
- پرۆژە یاسایی هاوردن و هەناردن لە هەرێمی کوردستان.

- پرۆژە یاسایی پشتگیری کردنی دارایی پرۆژە پیشەسازییەکان و پرۆژە بازرگانیەکان.
- دامەزراندنی سەنتەرێکی زانیاری کارو بیزنس کە مەبەستی لەو پرۆژەیە  دابین کردنی هەلی کار بۆ گەنجان لە کاتێک رێژەی بێ کاری کەم دەبێتەوە ڕاستەوخۆ ئامارەکانی توند و تیژی و تاوان و پێشێل کردنی یاسا کەم دەبێتەوە.

## وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن:

**لە کۆی (٦) ڕاسپاردە کە ئاڕاستەی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن کراوە، (٢) ڕاسپاردە جێبەجێکراوە و (٤) ڕاسپاردە جێبەجێ نەکراوە.**




| | |
|---|---|
| کۆی ڕاسپاردەکان | 6 |
| جێبەجێکراو | 2 |
| جێبەجێنەکراو | 4 |

پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی تایبەت بۆ منداڵانی کەمئەندام

سەبارەت بە بایەخدان بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی تایبەت بۆ منداڵانی کەمئەندام بە مەبەستی کارئاسانیکردنی دەستڕاگەیشتنی مندالانی کەمئەندام بە باڵەخانەکانی قوتابخانەکان لە بواری گواستنەوە، دەکرێ پێشنیار بکرێ بۆ کۆمپانیا و نووسینگەکانی گواستنەوەی قوتابیان کەوا مۆڵەتیان پێدراوە لەلایەن وەزارتی گواستنەوەوە، شوێنی تایبەت لە پاسەکانیان تەرخان بکەن بۆ

کەمئەندامان بە شێوەیەکی گشتی و منداڵانی کەمئەندام بە تایبەت، و هاوکاریکردنیان لە تێچووی گواستنەوە لە ڕووی نرخەوە. سەرەرای ئەمەش وەزارتی ناوبراو پرۆژەی (سیتی پاس)ی دیزایین کردووە کە لە داهاتوودا لە جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە گرنگیەکی تەواو بە دابینکردنی کورسی و ئاسانکارییەکان بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت و کەمئەندامان دەدرێت.

سەبارەت بە داڕشتنی ستراتیژیەتێک بۆ دەستەبەرکردنی تەکنیک و ئامرازی یارمەتیدەری راستەوخۆ و ئەپلیکەیشنەکانی مۆبایل و وەرگێرە پیشەییەکانی زمانی ئاماژە و بەدەستهێنانی خزمەتگوزاری تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی پەیوەستە بەم بابەتە بەپێی پەیوەندی خۆیان و پێویستیان لە رووی چۆنییەتی دروستکردن و ئامادەکردنی ئەو ئامرازانە کە پەیوەندیان بە، یاخود لەلایەن خاوەن پێداویستی تایبەت بەکاردەهێنرێن.

سەبارەت بە دابینکردن و دەستەبەرکردنی هێڵی پەیوەندی ڕاستەوخۆ بۆ ڕاگەیاندنی حاڵەتەکانی توندوتیژی خێزانی بۆ سەرجەم کەسانی کەمئەندام، لەکاتی داواکردنی هەر داواکارییەک لەلایەن وەزارەتێکی دیاریکراو یاخود هەر دەستەیەک بە مەبەستی دابینکردنی ژمارەی کورتکراوە ( Short Code)، ئەوا وەزارتی گواستنەوە داواکارییەکە ئاڕاستەی کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندن و گەیاندنی عێراقی (CMC)ی دەکات بە مەبەستی دابینکردنی ئەو ژمارە کورتکراوە، بۆیە ئەگەر وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بە پێویستی دەزانن بۆ دابینکردنی ژمارەی کورتکراوە تایبەت بە کەسانی کەمئەندام، دەبێت نووسراوێک ئاڕاستەی وەزارتی گواستنەوە بکات بۆ دەستەبەرکردنی ئەم ژمارە کورتکراوەیە.

سەبارەت بە خاوەن پێداویستی تایبەت بۆ نەخۆشانی ئۆتیزم، بە فەرمانی وەزاری ژمارە (١٢) لە (٢٠٢٢/٢/٣) لە ئێستادا هەموو ئاسانکارییەک دەکرێت بۆ ڕاییکردنی مامەڵەکانی نەخۆشانی ئۆتیزم و خانەوادەکانیان لە فرۆکەخانەکان بە مەبەستی گەشت کردنیان، و لە ماوەیەکی کورتدا شوێنی تایبەت بە خاوەن پێداویستی تایبەت بۆ نەخۆشانی ئۆتیزم تەرخان دەکرێت لە فرۆکەخانەکاندا.

خراپ بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان

گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی بەرامبەر بەو کەسانەی کە ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان خراپ بەکاردەهێنن، بۆ ئەم مەبەستە یاسای ژمارە (٦) ی ساڵی (٢٠٠٨) تایبەت بە قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێری پەیوەندی لە هەرێمی کوردستان دەرکرا، کە تیادا گشت سەرپێچییەکان و سزاکان دیاریکراون. ئەرکی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن هاوکاری و هەماهەنگی کردنە لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار بۆ پێدانی زانیاری تەواو لەسەر (IP) ی لایەنی گومانلێکراو، لە ڕێگەی کۆمپانیاکانی گەیاندن لەکاتی بوونی هەر هەڕەشەیەکی ئەلیکترۆنی وەک هەڕەشەکردن یان تۆمەت هەڵبەستن، جنێودان هتد، هەروەک لە ماددەی دووەم لە یاسای ناوبراو ئاماژەی پێکراوە.

بەمەبەستی بنبڕکردنی دیاردەی فرۆشتنی سیم کارت لە بازاڕەکان بەدەر لە ڕێکارە یاساییەکانی فرۆشتن و تۆمارکردن، کە بوونەتە هۆکاری دروستبوونی چەندین کێشەی هەڕەشەکردن لەسەر هاوڵاتیان و دروستبوونی مەترسی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی نیشتیمانی، وەزارەتی ناوخۆ بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن و نوێنەرایەتی ئاسایش و پۆلیس، ڕێنمایی ژمارە ٨ ی ساڵی ٢٠٢١ دەرکرا بۆ مەبەستی بەدواداچوونی بەردەوام بۆ جێبەجێکردنی ئەم ڕێنماییە بە فەرمانی وەزاری ژمارە (٢٢١٣٥) لە ٢٠٢١\١١\٢ لە لایەن وەزارەتی ناوەخۆ، و لێژنەی تایبەت پێکهێنرا کە نوێنەرانی هەریەکە لە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، ئاسایش، پۆلیس لە گشت پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان تیایدا ئەندامن. ئەرکی ئەم لێژنەیە بەدواداچوونی بەردەوام دەبێت بۆ جێبەجێکردنی ئەم ڕێنماییە. لە ماوەی رابردوودا توانراوە دەستبەسەر (٩٩٥) سیم کارت بگیرێت کە بەدەر لە ڕێنماییەکان دەفرۆشران لەشاری هەولێر, و کاری ئەم لێژنەیە بەردەوامە بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردەیە.

سەبارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار بۆ پێدانی زانیاری لەسەر ( IP)ی لایەنی گومانلێکراو، هەروەها بوونی هەر هەڕەشەیەکی ئەلیکترۆنی، وەزارەتی گواستنەوە هەستاوە بە زیادکردن و دامەزراندنی بەرێوەبەرایەتی سۆشیاڵ میدیا و سایبەر سیکیوریتی لە یەیکەری تازەی خۆیدا. بۆ ئەم مەبەستە وەزارەت هەماهەنگی دەکات لەگەڵ وەزارەتی ناوەخۆ و لایەنی پەیوەندیدار بە مەبەستی لێکۆلینەوە و پێدانی زانیاری لەسەر ئەم بابەتە.

هەروەها لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و پاراستنی داب ونەریت و ئەخلافی کۆمەڵگای کوردستان و ژیانی خێزانەکان و کەمکردنەوەی خراپ بەکارهێنانی ئنتەرنێت، وەزارەتی گواستنەوە هەستاوە بە پابەندکردنی کۆمپانیاکانی مۆڵەتپێدراوی بوارەکانی گەیاندن بۆ دروستکردنی پاکێچی ئینتەرنێتی خێزانی (Family Package) بە جۆرێک لەم پاکێچە چەندین جۆر و سایتی خراپ فلتەر وبلۆککراون کە بریتین لە:

1 - سوکایەتی بە ئاین و پێغەمبەرەکان و کتێبە ئاسمانیە پیرۆزەکان و گشت ئاین و ئاینزاکانی کوردستان.
2 - تێکدانی ئاسایشی پێکەوەژیان و کۆمەڵگا و بڵاوکردنەوەی ڕق و دووبەرەکی و توند وتیژی (ئاینی, نەتەوەیی, هتد...)
3 - پۆرنۆگرافی (سایتە سێکسیەکان)
4 - فرۆشتن و کڕینی چەک و تەقەمەنی
5 - قومار بەهەموو جۆرەکانی (ئەلیکترۆنی و هەر بابەتێکی تری قومار)
6 - دراوی ئەلیکترۆنی (هەموو جۆرەکانی)
7 - هاندان و رێکلام بۆ جگەرەو خواردنەوە کحولییەکان
8 - سەرجەم بابەتی مادده هۆشبەرەکان
9 - هاندانی توند و تیژی خێزانی, توند و تیژی لەگەڵ ئافرەت و منداڵ بە هەموو جۆرەکانیەوە (Child Abuse )
10 - توند وتیژی دژی ئاژەڵ.

تێبینی: ئەو کۆمپانیایانەی کە (ئنتەرنێتی پاکێچی خێزانی)یان پێشکەشکردووە بۆ هاووڵاتیان ئەمانەن:

1 - تارین نێت
2 - فاست لینک
3 - نورتێل
4 - تیشک نێت

5 - سەڤن نێت لەیەرز


<u>ئەم یاسایەی پێویستە کاری لەسەر بکرێت</u>

- نەهێشتنی تاوانە تیرۆریستییە ئەلیکترۆنییەکان و بەرەنگاربوونەوەیان لە ڕێگەی دانانی شێوازی خۆپارێزی لەم تاوانە.

## <u>وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی:</u>

**لە کۆی (١٩) ڕاسپاردە کە ئاڕاستەی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی کراوە، (١٤) ڕاسپاردە جێبەجێکراوە و (٢) ڕاسپاردە جێبەجێ نەکراوە و (٣) ڕاسپاردەش لە پرۆسەی جێبەجێکردندایە.**

**وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی**




| | |
|---|---|
| کۆی ڕاسپاردەکان | 19 |
| جێبەجێکراو | 14 |
| جێبەجێنەکراو | 2 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 3 |

<u>ڕۆشنبیری بۆ نەتەوە جیاوازەکان</u>

سەبارەت بە ئازادی لە پابەندبوون بە باری کەسێتییەکان بە پێی ئاین و ئاینزا و بیروباوەڕ و هەڵبژاردنی تاکەکەسی، وەزارەتی ئەوقاف یاسای ژمارە ٥ ساڵی ٢٠١٥ پەیڕەو دەکات کە ڕەهەندێکی یاسایی دەستوورییە و لە ئێستادا ڕەشنووسێك ئامادەیە بۆ باری کەسێتی ئێزیدییەکان و لە پرۆسەدایە.

لەبارەی ئیدارە مەحەلییەکانەوە، بە قەزاکردنی عەنکاوە و بە ناحیەکردنی خانکێ لە سنووری قەزای سمێل لە پارێزگای دهۆك ئەنجامدراون، هەروەها بەرێوەبەرایەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە شاری کەرکوك و قەزای مەخمور کرایەوە.

لە ئێستادا وەزارەت ڕەشنووسێکی یاسایی نوێی ئامادەکردووە و ڕەوانەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران کراوە تاوەکو بەرزبکرێتەوە بۆ سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان. ئەم ڕەشنووسە یاسایە زیاتر برەودانە بە ڕەوشی پێکەوەژیان و زامنکردنی مافی زیاتر بۆ پێکهاتە ئایینیەکان و خزمەتکردنیان لە هەموو کاییەکانی ژیان.

<u>پرسی ئاینی منداڵانی داعش</u>

سەبارەت بە دۆزینەوەی چارەسەرێکی ڕیشەیی بۆ پرسی ئایینی ئەو منداڵانەی لە باوکێکی داعشی و دایکێکی ئێزیدی لەدایکبوونە، وەزارەتی ئەوقاف ناتوانی کاری لە سەر بکات و لە لایەن حکومەتی فیدراڵی عێراق  دەبێت چارەسەر بکرێت و ئاسانکاری بکرێت بۆ تۆمارکردنی منداڵەکان لە ژێر ئەو ئایینەی کە بەخێوکار خوازیارە کە ئەمەش لە یاسای عێراقی ڕێگەپێدراو نیە و تەنیا بە موسڵمان تۆماردەکرێن.

<u>بڵاوکردنەوەی کەلتووری جیاکارینەکردن و ڕێزگرتن و لێبوردەیی</u>

وەزارەتی ئەوقاف کار دەکات لەسەر بڵاوکردنەوەی کەلتووری جیاکارینەکردن و ڕێزگرتن لەوانی دیکە و لێبووردەیی لەڕێی پەرەپێدانی پرۆگرامە پەروەردەییەکانەوە،

وەزارەت بەردەوام گرنگی دەدات بە یەکخستنەوەی گوتاری ئایینی مزگەوتەکانی کوردستان لەلایەن بۆردی ئامادەکردنی وتاری هەینی لەسەرەتای کابینەی نۆیەم، کە ڕۆڵێکی زۆر کاریگەری هەبووە لە پێشکەش کردن و دانانی وتاری میانڕەوی و قوڵکردنەوەی گیانی لێبوردەیی و یەکتر قبوڵکردن . هەروەها لە ڕێگەی مامۆستایانی ئایینی کە لە میمبەرەکانیانەوە وتاری میانڕەو و دژ بە جیاکاری

پێشکەش دەکەن لەژێر چاودێری بۆردی ووتاری هەینی و یەکێکە لە تەوەرەکانی پلانی ستراتیژی وەزارەت.

بۆنەیەکی تایبەتی ئەنجام دراوە لە ٢٠٢٢\٥\٢٢ بۆ یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانی کەلتووری فرەچەشن بۆ گفتوگۆ و گەشەپێدان بە بەشداری گشت پێکهاتە ئایینی و ئیتنیەکان لە هەرێمی کوردستان. هەڵبەتە لە ٢٧ ی ئۆکتۆبەر یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانی ئازادی ئایینیە، بە بەشداری نوێنەر و کەسایەتییە ئایینیەکانی هەرێمی کوردستان. وەزارەتی ئەوقاف ئەم یادە بەرزڕادەگرێت.

هەروەها، بە چاپگەیاندنی پەرتووکێکی فەرهەنگی لەسەر پێکەوە ژیانی ئایینی لە هەرێمی کوردستان بە هەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و خستنەڕووی چەندین بەڵگەی زیندووی پێکەوە ژیان لە هەرێمی کوردستان لەکاتی گەیشتنی پاپای فاتیکان بەردهست بوو و پێشکەشی پاپا کرا.

بەدەر لەمانەش، وەزارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ بە فەرمی ئاگاداری ئەو کەسانە دەکاتەوە کە هەڵدەستن بە دیاردەی قێزەوەن و ناشەرعییانە لە پەنای ئایین و دەرهەق بە کۆمەڵگا و ئەنجامدانی بەدواداچوونیش بۆ سەرجەم بابەتەکانیش دەکرێت.

<u>ئاین و کەلەپوور و ماددی پێکهاتەی ئێزیدی</u>

سەبارەت بە زامنکردنی پاراستنی کەلتووری ئێزیدی، وەزارەتی ئەوقاف کاری کردووە لەسەر بە فەرمیکردنی چوار جەژنی ئێزیدی بۆ ئێزیدییەکان و پشووی جەژنی سەری ساڵ لە سەرتاسەری هەرێم، و بە فەرمیکردنی خوێندنی بابەتی ئایینی ئێزیدی لە قوتابخانەکانی ناوچە نیشینەکان. هەروەها بۆ ئاسانکاری پێویست لە کاری دەرهێنانی دۆکیومێنتی فەرمی، دوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مەسیحیەکان و ئێزیدییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف کار دەکات لەگەڵ وەزارەتی ناوەخۆ و ئەنجومەنی دادوەری بۆ ئەم پرسە. لە ڕێگای نوێنەرایەتی گشت ئایینەکانی تر لە وەزارەتی ناوبراو بە هەماهەنگی کارەکانی ئایینەکانی تر جێبەجێ دەکرێن.

بە بەردەوامی پشتیوانیکردنی مەعنەوی بنکەی لالشی ڕۆشەنبیری و کۆمەڵایەتی دەکرێت، و کار لەسەر نۆژەنکردنەوەی مەزارگەی لالش و قوب لە شێخان و دروستکردنی ڕێگای جووت ساید بۆ


مەزارگەی لالش و دروستکردنی عەمباری ئاو و کارگەی بەرهەمهێنانی رۆنی زەیتون لەسەر شێوازی کۆن بۆ ئەنجامدانی رێورەسمی تایبەت بە ئێزیدییەکان.

هەروەها، ئەنجامدانی کۆنفرانسێك لە ژێر ناونیشانی (کەمینە لە مێنتالێتی زۆرینە: ئێزیدیی وەك نمونە) لە لایەن بەرێوەبەرایەتی گشتی ئێزیدییەکان لە وەزارەت ئەنجامدرا و تیایدا ئێزیدییەکان بە راشکاوانە باسیان لە ئایینەکەی خۆیان کردو تیشکیان خستە سەر ئەو هەموو لایەن و ئاراستانەی کە سەبارەت بە ئایینەکەیان بەدی دەکەن لەنێو زۆرینەدا و گەیشتن بە چەند راسپاردەیێکی گرنگ بۆ کاری داهاتوو. کۆنفرانسەکە لە ٢٠٢٢/١٢/١٢ لە هەولێر ئەنجامدرا .

پلان هەیە بۆ ١٣ پرۆژەی تر بۆ نۆژەنکردنەوەی شوێنی پیرۆزی ئێزیدییەکان لە ناوچەکانی دێرەبون، شێخان، شێخکا، خانکین،باعەدرێ. و بە هاوکاری کەسانی خێرخواز چوار شوێنی پیرۆز نۆژەنکرانەوە لە ناحیەی فایدە. هەروەها دانانی کەسێك لە ئایینی ئێزیدی وەك بەرێوەبەری ناحیە لە سنوری پارێزگای دهۆك. لە هەمان کاتدا، حکومەتی هەرێم هاوکاری ٣٢١ پیاوی ئایینی کردووە وەك ووتاربێژ و هەروەها بەرێوەبەری رێورەسمی ئایینی و خزمەتکردن و پاراستنی شوێنە ئایینە پیرۆزەکان. هەروەها وەزارەتی ناوبراو دەستیکردووە بە دانانی بەردی بناغەی کەنیسە و بارەگای سەرەکی پاتریارکی رۆژهەڵاتی ئاشووری لە جیهان.

**وەزارەتی کارەبا:**

**لە کۆی (٢) ڕاسپاردە کە ئاڕاستەی وەزارەتی کارەبا کراوە، (١) ڕاسپاردە جێبەجێکراوە و (١) ڕاسپاردە جێبەجێ نەکراوە.**




<u>لایەنی خزمەت گوزاری</u>

وەزارەتی کارەبا بە دیاریکراوی لە کابینەی نۆی حکومەتی هەرێم، لەسەر بنەمای ئەوەی کە خزمەتگوزاری کارەبا وەکو پێداویستییەکی گرنگ کە ئەچێتە هەموو کایەکانی کار و ژیانی تاک بە تاکی کۆمەڵگا کاری کردووە لەسەر زیادکردنی بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا لە پێناوی پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی هاونیشتمانیان بە وزەی کارەبا لە لایەک و کۆنترۆڵ کردنی خواست بە هەردوو لایەنی تەکنیکی و نا تەکنیکی ( سەرپێچی لە تۆڕەکانی کارەبا ) لە لایەکی ترەوە، کە دەرئانجامی ئەمە بەراورد با ساڵی ٢٠١٨ بڕی ٧٠٩ میگاوات تێکڕا لە ساڵی ٢٠٢١ بەرهەم زیادی کردووە و کاتەکانی

هەبوونی کارەبا ٣:٢٣ زیادی کردووە، و پلانەکانی وەزارەت بەردەوامە بۆ گەیاندنی ئەم خزمەت گوزاریە بە ٢٤ کاتژمێر. هەروەها، تا ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٢١، وەزارەتی کارەبا ٤٦٩ پرۆژەی بە گوژمەی نزیکەی ٥٦ ملیار ئەنجامداوە، زیاتر لە ٥٤٧،٠٠٠ پێوەری زیرەکی بەستووە، بە بڕی زیاتر لە ملیارێک دینار سزای سەرپێچیکارانی داوە، و لەڕێی پێداچوونەوە بە گرێبەستەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا توانیویەتی نزیکەی ٣٠٠ ملیۆن دۆلاری ساڵانە بۆ حکومەت بگەڕێنێتەوە.

<u>لایەنی تەکنیکی و ژینگەیی</u>

وەزارەت لە چوارچێوەی هەماهەنگی و کاری هاوبەشی لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، پرۆسەی زیادکردنی بەرهەمی غازی سروشتی، جگە لەوەی بڕی بەرهەم هێنانی وزەی کارەبای زیادکردووە، بەکارهێنانی (گازوایل)ی کەم کردۆتەوە بە جۆرێک لە هەرێمی کوردستان تەنها تێکڕای (٥٠ – ٦٠) بە گازوایل کارەبا بەرهەم دەهنێرێ کە لە ڕووی ژینگەیی گۆڕانکاری (نوعی)یەوە لە ڕووی ئابووریشەوە کەم کردنەوەی جەرجیەکانی سەر حکومەتە.

هەروەها لە ڕێگەی دەمەزراندنی وێستگەی بەرهەمهێنان لە ناوچەی گەرمیان سوود وەرگیراوە لەو غازەی کە ساڵانکە بە بێ سوود بە فیڕۆ چووە و هاوکات ژینگەی ناوچەکەشی پیس کردووە.

<u>لایەنی مرۆیی</u>

وەزارەتی کارەبا سەرباری دۆخی سەختی دارایی و قەیرانەکان لە کاتی شەری تیرۆرستانی داعش، زیاتر لە یەم ملیۆن ئاوارە ڕووی لە هەرێمی کوردستان کرد، کە بەشێکی زۆریان لە کەمپەکانی دهۆک، سلێمانی و هەولێر نیشتەجێ بوون، کە بەبەردەوامی کارەبایان بۆ دابین کراوە.

<u>پێشکەشکرنی خزمەتگوزاری بە ناوچەکانی ماددەی ١٤٠</u>

لە سۆنگەی بەرپرسیارەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرامبەر ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، وەزارەتی کارەبا بە بەردەوامی خزمەتگوزاری پێشکەش کردووە، دابین کردنی وزەی کارەبا، دانانی وێستگەی مۆبایل، ئیشوکاری چاکسازی، تایبەتی بۆ ناوچەکانی (ئەلقۆش، شێخان، تل عدس، مخمور، قەرەهەنجیر).

ئاستەنگی کەمی سووتەمەنی


لە ماوەکانی ڕابردوو بەچەند قۆناغێک بڕی بەرهەمی غازی سروشتی زیادی کردووە، ئەگەرچی تا ئێستاش پێداویستیەکانی وەزارەتی کارەبا بۆ غازی سروشتی زیاترە لە ١٠٠٠ پێ سێجا. بەڵام لە ئێستادا تەنها نزیک لە ٦٠٠ پێ سێجا بەردەستە. لەبەر ئەوەی سووتەمەنی جێگرەوە (گازوایل) گرانە و بارگرانی دارایی لەسەر حکومەت دروست دەکات، بە بەردەوامی گرفتی بەرهەم هێنانی وزە هەبووە.

مافی کرێکاران

وەزارەتی کار لە قۆناغی کۆتایی داڕشتنی ڕەشنووس یاسای دەستەبەری کرێکارانە بە مەبەستی ناردنی بۆ ئەنجوومەنی شورا. هەروەها، بەردەوامە لە چالاک هێشتنەوەی هێڵی هۆشیارکردنەوەی کرێکاران (٥٥٠٠)، کە کرێکاران دەتوانن لەڕێیەوە زانیاری وەرگرن لەسەر مافەکانیان یان سکاڵا تۆماربکەن. لە هەمان کاتدا، وەزارەتی کار مۆڵەتی کاری بە ٣،٦٨٨ کرێکاری بیانی داوە کە بە ڕێگەی وەزارەت هاتوون بۆ کوردستان.

## <u>دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە:</u>

**لە کۆی (٢) راسپاردە کە ئاڕاستەی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە کراوە، (١) راسپاردە جێبەجێکراوە و (١) راسپاردە جێبەجێ نەکراوە.**




| | |
|---|---|
| 2 | کۆی راسپاردەکان |
| 1 | جێبەجێکراو |
| 1 | جێبەجێنەکراو |

<u>پاککردنەوەی دارستان و ناوچە شاخاوییەکان لە مین</u>

ئێستا یاسای ژمارە ١٠ ی ساڵی ٢٠١٢ یاسای پاراستنی دارستانە لەهەرێمی کوردستان. هەر لەم یاسایەدا پەیوەندی نێوان دەزگای مین و پاراستنی دارستان و ژینگە بەمجۆرە گوزارشتی لێوە کراوە: هەوڵدان بۆ پاککردنەوەی ناوچە دارستانییەکان لە مین، لەبەرئەوەی مانەوەی ئەم مینانە بەردەوام مەترسین بەهۆی تەقینەوەیان و مەترسی ئاگرکەوتنەوە لەناو دارستانەکان، هاوکات دەبێت پرۆسەی پاککردنەوە بەجۆرێک بێت کە کەمترین زیان بەر دارستانەکان بکەوێت. هەرچۆنێک

بێت، هەماهەنگی پێویست نییە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە قوربانییەکان، بەڵام ئەم بابەتە کەمتر پەیوەندیدارە بە دەستەی ژینگەوە.

هەلی کار بۆ دەرچووانی بەشی ژینگە

گەرچی هیچ پلانێک لەم بارەیەوە پێشکەش بە ئەنجوومەنی وەزیران نەکراوە، بەڵام دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە، لە کابینەی نۆیەمدا، هەلی کاری بۆ تەواوی دەرچوانی بەشی ژینگە رەخساندووە. کەرتێکی زۆری دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکانی بواری ژینگە بێکار بوون. ئێستا بەهۆی دەرکردنی بڕیاری دەستەی ژینگە هەموویان دەبنە خاوەنی کار و وەك چاودێر لەسەر کۆمپانیا و کارگە و شوێنە پیشەسازییەکان دەبنە چاودێری ژینگەیی.

پێدانی مۆڵەت بۆ پڕۆژە و مەرجە ژینگەییەکان

دەستەکە لە ساڵی ٢٠٢٠ مۆڵەتی بە ١،٣٢٩ پڕۆژە داوە لە ساڵی ٢٠٢١یش ٢،٨٧٦ پڕۆژە و ١٩ پڕۆژەشی ڕەتکردۆتەوە بەهۆی بەرجەستەنەبوونی مەرجە ژینگەییەکان. هەروەها، چاودێری بۆ ٥،٢٤٩ پڕۆژە کراوە و بڕی ٧٦،٦٤٦،٠٠٠ دینار لە خاوەن پڕۆژەکان وەرگیراوە وەک سزایەک بۆ پابەندنەبوونیان بە ڕێکارەکانی پاراستنی ژینگە.

پلانی ستراتیژی


پلانێکی ستراتیژی داندراوە لە ٢٠٢٢ەوە بۆ ٢٠٣٠ کە تایبەتە بە پاراستنی دارستانەکان.

ڕێگریکردن لە پیسوونی هەوا

گەرچی لە ساڵی ٢٠٢١ ڕێنمایی کوالێتی هەوا هەموارکراوەتەوە، بەڵام هیچ هەنگاوێکی بەرچاو نەندراوە بۆ پاککردنەوەی هەوا.

## دەزگای گشتی کاروباری مین:

**لە کۆی (٤) ڕاسپاردە کە ئاڕاستەی دەزگای گشتی کاروباری مین کراوە، (٣) ڕاسپاردە جێبەجێکراوە و (١) ڕاسپاردە لە پرۆسەی جێبەجێ کردندایە.**




| | |
|---|---|
| کۆی ڕاسپاردەکان | 4 |
| جێبەجێکراو | 3 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 1 |

پاککردنەوەی زەویوزارەکان لە مین

دەزگای مین هەنووکە ٢٩ پرۆژەی لە ناوچە جیاجیاکانی هەرێم بەگەڕخستووە بۆ پاککردنەوەی زەویوزارەکان لە مین و گەڕاندنەوەی ئاوەدانی بۆیان. تا ساڵی ٢٠٢٢، تیمەکانی دەزگای ناوبراو بە هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکان زیاتر لە ٢،٣١٦،٧٥٦ مەتر دووجا ڕووبەری پیسبوو بە مین و تەقەمەنی لە ٥٤ کێڵگە و شەڕگەی مینیان پاککردۆتەوە و لەناو ئەو ڕووبەرە ٤،٢٣٦ مینی دژە

کەسی و ١١ مینی دژە تانک پووچەڵکراونەتەوە . هەروەها، ٣٤،١٩٠ پارچە تەقەمەنی دۆزراونەتەوە و لەناوبردراون. لە هەمانکاتدا، ١١٨ بۆمبی چێندراو پووچەڵکراونەتەوە.

هەماهەنگیکردن لەگەڵ دەسەڵاتە نیشتیمانییە پەیوەندیدارەکان

دەزگای گشتی کاروباری مین بە هاوبەشی لەگەڵ بەڕێوبەرایەتی کاروباری مین لە وەزارەتی تەندروستی و ژینگە، لە شەش مانگی سەرەتای ساڵی ٢٠٢٢ یازدە کۆبوونەوە و خول و وۆرکشۆپی لە ناوەخۆ و دەرەوەی عێراق بۆ ١٤٢ بەشداربوو ئەنجامداوە سەبارەت بە ڕووپێوی، دانانی میکانیزمی پلانی ستراتیژی، یارمەتیدانی قوربانییان، و هتد.

هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوە


تیمەکانی هۆشیارکردنەوە لە مەترسیەکانی مین و تەقەمەنی لە ساڵی ٢٠٢٢دا ٨٨،٦٨٦ کەس لە شار و شارۆچکە و گوند و کەمپی ئاوارەکان لە مەترسییەکانی مین ئاگاداربکەنەوە. هەروەها تیمەکان هەڵساون بە دابەشکردنی ١٩٥،٨٦٩ لە هۆیەکانی هوشیارکردنەوە وەک پۆستەر، نامیاکەی ڕێبەری هۆشیارکردنەوە، لیفایت و کارتی زانیاری پەیوەندیکردن، بە تایبەتی بەسەر خەڵکی گوندەکان لە ناوچە مەترسیدارەکان.

قەرەبووکردنەوە و خزمەتگوزاری

سەبارەت بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و قەرەبووکردنەوە، دەزگای مین پەیوەندیدار نییە لەم بارەیەوە و ئەم پرسە تایبەتە بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی. هەرچۆنێک بێت، ٣٦ کەس بەهۆی هەڵگرتنەوەی مینەوە گیانیان لەدەستاوە کە شەهیدی سەنگەر هەژمارکراون و ٧٨ پیشەگەری پەککەوتە هەیە کە مووچەیان بۆ بڕاوەتەوە.

**<u>ئەنجوومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان:</u>**

**لە کۆی (٤٢) ڕاسپاردە کە ئاراستەی ئەنجوومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان، (٣٠) ڕاسپاردە جێبەجێکراوە و (١٢) ڕاسپاردە جێبەجێ نەکراوە.**




| | |
|---|---|
| 42 | کۆی ڕاسپاردەکان |
| 30 | جێبەجێکراو |
| 12 | جێبەجێنەکراو |

<u>چوونە نێو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان</u>

عێراق لە ساڵی ١٩٨٦ەوە لە ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکارییەك دژ بە ئافرەتان ئەندامە، هاوکات پرۆتۆکۆڵی ئارەزوومەندانەی ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکارییەك دژی ئافرەتانی پەسەندکردووە. هەرچۆنێک بێت، پێویستە پارێزبەندی لەسەر بڕگەیەکی ڕێککەوتننامەکە هەڵبگیرێت کە پەیوەستە بە دارشتنی یاساکان بە گوێرەی شەریعەی ئیسلامی. ئەم پارێزبەندییەی عێراق تا ئێستا لانەبراوە. ئەم بابەتە پەیوەستە بە حکومەتی فیدراڵی بۆیە لەسەر شانی ئەنجوومەنی باڵای خانمان نییە.

## گونجاندنی یاسا ناوەخۆییەکان لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکان

سەبارەت بە گونجاندنی یاسای سزادانی عێراقی لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکان، ماددەکانی ١٥٦، ١٥٧، ١٨٩، ١٩٠، ١٩٥، ١٩٨، ٢١٩، ٢٢٣، ٢٢٤، ٢٢٥، ٢٢٧، ٢٢٨، ٢٠٤، ٤١، ٤٠٩، ١٢٨، ١٣٠، ١٣١، ٣٧٧، لە یاسایەکە هەڵپەسێردراون یان هەموارکراونەتەوە. ماددەکانی ١٢٨، ١٣٠، و ١٣١ لە یاسایەکە کە پەیوەندیدارن بە کوشتن بە بیانووی شەرەفەوە، هەڵپەسێردراون و کاریان پێناکرێت. سەبارەت بە هەمواکردنەوەی یاسای سزادانی عێراقی بە جۆرێک کە سزای دەستدرێژیکردن و پەلاماردانی جنسی و لێپرسینەوە لە تاوانکار لەخۆبگرێت، لەمبارەیەوە، لە هەرێم یاسای توندوتیژی خێزانی بەرکارە و ئەم بابەتە دەگرێتەوە، بەڵام تا ئێستا ئەم بڕگانە لە یاسای سزادانی عێراقی هەموارنەکراونەتەوە.

هەرچۆنێک بێت، سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی ماددەی ٣٩٨ی یاسایەکە کە پەیوەستە بە هاوسەرگیری لاقەکار لەگەڵ قوربانییەکەیدا، هێشتا جێبەجێنەکراوە. لەگەڵ ئەمەشدا، ماددەکانی پەیوەست بە ڕێپێدان بە هاوسەرگیری زۆرەملێ، لێدانی ڕێگەپێدراوی ژن و منداڵ، و نەهێشتنی جیاکاری دژی ژنان لەسەر بنەمای دینی و ئیتنیکی، هەموارکراونەتەوە یان هەڵوەشێندراونەتەوە.

ڕاسپاردەکان جەخت لە هەمووارکردنەوەی یاسای بنەماکانی دادگەریش دەکەنەوە، بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەستن بە جیاکاری دژی ژنان. بڕگە پەیوەندیدارەکانی یاسای بنەماکانی دادگەری تا ئێستا هەموارنەکراونەتەوە. هەروەها، ڕاسپاردەکان جەخت لە هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسی ژمارە ١٨٨ (١٩٥٩) دەکەنەوە، بە جۆرێک کە بگونجێت لەگەڵ ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەندیدار بە ژنان و منداڵان. لە ساڵی ٢٠٠٨، ٢٥ بڕگە لە یاسایەکە هەموارکرانەوە، بەڵام لەوکاتەوە هیچ پرۆژەیەک نەدراوە بە پەرلەمان بۆ هەموارکردنەوەی بڕگەی تر. لەمەش زیاتر، ڕاسپاردەکان دەڵێن پێویستە هەڵوەشاندنەوەی هەڵاوێردە یاساییە جیاکارییەکانی پەیوەست بە لایەنی کەمی تەمەنی هاوسەرگیریکردنی کچان بکرێت، کە لە یاسای باری کەسیدا هاتوون.

بەگوێرەی یاسای ناوبراو، دادوەر لە هەندێک حاڵەتدا ڕێ بە هاوسەرگیری بۆ تەمەنی ١٦ ساڵی دەدات؛ بەڵام تا ئێستا جێبەجێنەکراوە. هاوکات، ڕاسپاردەیەکی تر جەخت لە هەموارکردنەوەی ماددەی ٧ی یاسای باری کەسی دەکات، کە پەیوەندیدارە بە کامڵبوونی عەقڵ وەک پێشمەرجێک بۆ هاوسەرگیری. پێوەرە نێودەوڵەتییەکان ئاماژە بە بوونی جیاکاری دژی کەمئەندامان دەکەن لەم ماددەیەدا. تا ئێستا ئەم ماددەیە هەموارنەکراوەتەوە.

هاوسەرگیری پێشوەختە و خەتەنەکردنی مێینە

ئەنجوومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان هەڵمەتی ڕاگەیاندنی بەرفراوان و دیالۆگ لەسەر ڕێگرتن، خزمەتگوزارییەکان و کۆتاییهێنان بە نەریتە زیانبەخشەکانی لە مانگی ٣ی ساڵی ٢٠٢١ ڕاگەیاند کە هەر یەکە لە کوشتن بە پاساوی شەرەف، هاوسەرگیری منداڵ، و خەتەنە دەگرێتەوە. هەنووکە کار لەسەر هەڵمەتەکە دەکرێت. خەتەنەکردنی مێینە لە یاسای ژمارە ٨ (٢٠١١) وەک تاوان ناسێندراوە، بەڵام بە بەرفراوانی بە نهێنی ئەنجام دەدرێت، بۆیە دەبێت مەترسییەکانی بۆ هەموو چینەکانی کۆمەڵگە ڕوونبکرێتەوە و چەند بکەرێک لەسەر ئەم پرسە بە کردەیی سزابدرێن. نەهێشتنی هاوسەرگیری پێشوەختە، دانانی یاسایەکی تایبەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەستدرێژی سێکسی، و دانانی یاسایەک بۆ ژنانی ڕزگاربووی ئێزیدی، تەریب لەگەڵ یاسای ژمارە ٨ی (٢٠٢١)ی پەرلەمانی عێراق، چەند ڕێگەچارەیەکن بۆ نەهێشتنی هەردوو دیاردەکە. هەروەها، جگە لە یاسای توندوتیژی خێزانی، هەوڵدراوە دادگایەکی تایبەت بە کەیسەکانی توندوتیژی دابمەزرێنێت.

کۆکردنەوەی داتا

کۆکردنەوەی داتاکان لەبارەی سەرجەم شێوەکانی توندوتیژی جنسی دژی ئافرەتان، کە پۆلێنکرابێت بە گوێرەی تەمەنی و ناوچە و کەمئەندامێتی و پەیوەندی نێوان قوربانی و تاوانکار، ئەنجوومەنی باڵای گەشەپێدانی خانمان داتاکانی بەردەستکردووە و ڕۆژانە نوێیان دەکاتەوە.

ڕێگەدان بە لەباربردنی منداڵ لە کاتی هەبوونی مەترسی لەسەر دایکەکە یان دووگیانبوون بەهۆی لاقەکردنەوە

ئەم بابەتە لە یاسا بەرکارەکان باسنەکراوە.

دواخستنی سزای لەسێدارەدان بۆ ئافرەتی دووگیان

دەبێت ماددەی ٢٨٧ لە یاسای بنەماکانی دادگەری هەمواربکرێتەوە، بەڵام تا ئێستا نەکراوە.

## ژنانی ئێزیدی قوربانی دەستی داعش

پێویستە یاسایەک دابندرێت بۆ ژنانی ڕزگاربووی ئێزیدی، هاوشێوەی یاسای ژمارە ٨ (٢٠٢١)ی پەرلەمانی عێراق، یان یاسای ناوبراو بەرکاربکرێت. ڕاسپاردەکان جەخت لە دانانی پرۆگرامێک دەکەنەوە بۆ ئافرەت و منداڵە ڕزگاربووەکانی دەستی داعش، ئەنجوومەنی خانمان لە هەوڵدایە و بەشێوەی ماددی و مەعنەوی قەرەبووی ئەم قوربانیانە دەکاتەوە.

هەروەها، ڕاسپاردەکان جەخت دەکەنەوە لە پاڵپشتیکردنی ئافرەتانی ڕزگاربوو لە توندوتیژی سێکسی و لێپرسینەوە لە تاوانکاران، لە نێویاندا بە نایاساییکردنی بەکۆیلەکردن و بازرگانی سێکسی. ئەنجوومەنی خانمان ئەم بابەتانەی لە ڕەشنووسی هەمووارکردنەوەی یاسای توندوتیژی خێزانی جێکردۆتەوە و ئێستا ڕەشنووسەکە لەبەردەم پەرلەماندایە. هەروەها، خزمەتگوزاری دەروونی و تەندروستی و کۆمەڵایەتی بۆ ئەو ئافرەتانە دەستەبەرکراوە و بەردەوام کار لەسەر ئەم ئامانجە دەکرێت.

## جێبەجێکردنی بڕیاری ژمارە ١٣٢٥ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی

ئەنجوومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان پلانی دە ساڵەی (٢٠١٧-٢٠٢٧)ی داڕشتووە و لەئێستادا لەگەڵ پەرلەمان هەماهەنگی دەکەن بۆ هەموارکردنەوەی یاسا بەرکارەکان. حکومەتی هەرێم پلانی کارکردنی بۆ جێبەجێکردنی بڕیارنامەی ١٣٢٥ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی سەبارەت بە ژنان و ئاشتی و ئاسایش ئامادەکردووە، کە لەسەر سێ کۆڵەگە ڕاوەستاوە: پاراستن، بەشداریکردن و پێشگرتن.

حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆڵەگەی پاراستنی پێشخستووە وەک کۆمەکییەک بۆ جێبەجێکردنی پرۆژە پەیوەندیدارەکان بە ڕزگاربووان. بۆ ئەم مەبەستە، بۆردێک پێکهاتووە بۆ جێبەجێکردنی بڕیارنامەی ١٣٢٥ بە سەرۆکایەتیی وەزیری ناوخۆ و نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێم، کۆمەڵگەی مەدەنی، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئاژانسی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنان. هەروەها، لیژنەیەکی هەماهەنگیکار لە نێوان ئەنجوومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان لە حکوومەتی هەرێم و فەرمانگەی تواناسازیی ئافرەتان لە ئەمینداریەتیی گشتیی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکوومەتی فیدراڵی و سەرۆکی ئاژانسی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنان لە عێراق و یەمەن.

بڵاوکردنەوەی کەلتووری جیاکارینەکردن بە ژنان و ژنانی کەمئەندام

ئەنجوومەنی خانمان لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە لە هەماهەنگیدایە لەمبارەیەوە. ئەنجوومەنی باڵای خانمان ساڵانە چالاکی ١٦ ڕۆژە و ٨ی مارس ئەنجامدەدات، هەروەها توێژینەوە و کۆڕی ڕێکخستووە سەبارەت بە نەهێشتنی ئەو نەریتانەی زیان بە مافەکانی ژنان دەگەیەنێت. ئەنجوومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان کاری لەسەر بەشدارپێکردنی ئافرەتان و منداڵان و کەمئەندامان لە پڕۆگرامەکانی پەیوەست بە ژینگە کردووە، هاوکات هەوڵیداوە ژنە ڕزگاربووەکانی داعش پەراوێز نەخرێن، ژنان پۆستی سیاسی لە ئاستی باڵا وەرگرن، ئافرەتانی پێکهاتەکان بەشداری سیاسی و ئابووری کارایان هەبێت، هاوسەرگیری منداڵان و هاوسەرگیری کاتی یاساغ بکرێن، و بە بەرنامە کار بۆ یەکسانی نێوان ژن و پیاو بکرێت.


فەراهەمکردنی ژینگەیەکی لەبار بۆ تواناداركردنی ئافرەتان لە بوارە جیاجیاکانەوە گرنگە، ئەم پرسە بەردەوام کاری لەسەر دەکرێت بەڵام تا هەنووکە ئەم ژینگەیە نەڕەخساوە. ئەنجوومەنی خانمان پەیوەندی بەردەوامی لەگەڵ ئاژانسەکانی یو ئێن هەیە لەمبارەیەوە.

برەودان بە تواناکانی ژنان لە گوندەکان

گەرچی ئەنجوومەنی خانمان لە هەوڵدایە لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ، بەڵام هیچ دەستکەوتێک لەمبارەیەوە لەبەردەست نییە.

<u>دەستەی دەستپاکی:</u>

**لە کۆی (٤) ڕاسپاردە کە ئاڕاستەی دەستەی دەستپاکی کراوە، (٢) ڕاسپاردە جێبەجێکراوە و (١) ڕاسپاردە جێبەجێ نەکراوە و (١) ڕاسپاردەش لە پرۆسەی جێبەجێکردندایە.**




| | |
|---|---|
| کۆی ڕاسپاردەکان | 4 |
| جێبەجێکراو | 2 |
| جێبەجێنەکراو | 1 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 1 |

<u>هەوڵەکانی نەهێشتنی گەندەڵی دارایی و کارگێڕی</u>

دەستەی دەستپاکی بەردەوامبووە لە لێکۆڵینەوە لە کەیسەکانی گەندەڵی. لە ساڵی ٢٠٢١، ٤٩٣ بڕیاری دادوەری (ئامادەبوون و دەستگیرکردن) دەرچووە کە ٣٣٧یان جێبەجێکراوە، هاوکات ٤٠٤ بە

گەندەڵی تۆمەتبارکراون کە بەڕێوبەری گشتی و خاوەن کۆمپانیا و بازرگان لەخۆدەگرن. هەروەها، لە ساڵی ٢٠٢١دا بڕی ٢٦،٤٠٠،٨٧٤،٨٧٢ دینار خەملێندراوە وەک بەهای گەندەڵی کە ٢٥،٩٠٩،٦٢٩،٤٠٠ دیناری گەڕێندراوەتەوە. بەدەر لەمانەش، ١٠٢ کەیسی دادگا یەکلایکراونەتەوە و ٤٦ کەس حوکمکراون.

<u>پۆلێنکردنی ئاستەکانی گەندەڵی</u>


تا ئێستا کەیسەکان بە گوێرەی جۆر و ئاستی گەندەڵی پۆلێننەکراون.

<u>ستراتیژیەتی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی</u>

ستراتیژیەتی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی (٢٠٢١-٢٠٢٥) داندراوە و ڕەهەندەکانی شەفافیەت و لێپرسینەوە و چاکسازی و سەروەری یاسا لەخۆدەگرێت. یەک لە ئامانجەکانی ئەم ستراتیژیە بریتییە لە هاوتاکردنی هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بە پێوەرە نێودەوڵەتییەکان.

## دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان:

**لە کۆی (١٥) راسپاردە کە ئاراستەی دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان کراوە، (٧) راسپاردە جێبەجێکراوە و (٦) راسپاردە جێبەجێ نەکراوە و (٢) راسپاردەش لە پرۆسەی جێبەجێکردندایە.**




| | |
|---|---|
| کۆی ڕاسپاردەکان | 15 |
| جێبەجێکراو | 7 |
| جێبەجێنەکراو | 6 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 2 |

دەزگای ئاسایشی هەولێر

لە بەندیخانەکانی ئاسایش بنکەی تەندروستی هەیە بۆ چارەسەرکردنی هەر حاڵەتێکی نەخۆشی بەندکراوان، ئوتومبێلی فریاکەوتن ئامادەیە ئەگەر پێویست بکات بەندکراوی نەخۆش ببردرێتە

نەخۆشخانەکانی دەرەوە، لە حاڵەتی پێویست بوون بە نەشتەرگەری کەس و کاری بەندکراو ئاگادار دەکرێنەوە تاکو بێنە لای.

- لە گرتوخانەکانی ئاسایش پێداویستییەکان دابینکراوە، بەڵام گەورەترین کێشە بۆ بەندیەکان تەنها قەڵەباڵغی ناو بەندیخانەیە ئەویش پێویستی بە چارەسەر هەیە لەلایەن حکومەتی هەرێم.
- بە هەموو شیوەیەک قەدەغەکردنی بەندکردنی تاکە کەسی لە بەندیخانەکانی ئاسایش لەسەر فرمانی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی ئاسایش.
- قەدەغەکردنی هەموو جۆرە مامەڵەی خراپ و ئەشکەنجەدان لەگەڵ بەندکراوان لەسەر بڕیاری بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی ئاسایش هەر کارمەندێکی ئاسایش بەندکراو ئەشکەنجە بدات تووشی لێپێچینەوەی یاسایی دەبێتەوە.
- ئازادکردنی ژمارەیەک بەندکراو لە رێگای لیژنەیەک کە لەلایەن سەرۆکی حکومەتی کوردستان پێکهاتبوو، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی تا رادەیەک قەڵەباڵغی لە بەندیخانەکان کەم بێتەوە لە هەمان کاتدا مایەی دڵ خۆشی بۆ کەس و کاری بەندکراوان.
- هەماهەنگی بەردەوامی دەزگای ئاسایش لەگەڵ گشت رێکخراو و دەستەکان و مافی مرۆڤ لە کوردستان چ بیانی یان ناوخۆیی و بە هەموو شێوەیەک هاوکارن بۆ چاوپێکەوتن و لێپرسینەوە لە کەیسی بەندکراوان و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان.
- بە بەردەوامی حەفتانە سەردانی کردنی کەس و کاری بەندکراوان بۆ لای بەندکراوان بەردەوامە بە هەمان شێوە لە رێگای تۆرە کۆمەڵایەتییەکانیش پەیوەندی بە کەس و کاریانەوە دەکەن.
- بەردەوام لەلایەن بەرێوەبەری گشتی جەخت دەکرێتەوە لەوەی کە پێویستە لێکۆلینەوەکان پەلەی لێ بکریت بە زووترین کات بخرێتە بەردەست دادوەری لێکۆڵینەوە بۆ بریاردان لە سەری .
- لە ساڵی (٢٠٢٢)دا زیاتر لە (٧٩٨٥) حەوت هەزارو نۆسەد و هەشتا و پێنج کەس گیراون و (٤٩٩٢ ) چوارهەزارو نۆسەد و نەوەد و دوو کەس ئازادکراون، کەیسەکانی تریش لە رێگای دادگاوە یەکلایی دەکرێنەوە.
- لە هەموو بەرێوەبەرایەتییەکانی ئاسایش چەندین لێکۆڵەری دادی هەیە بەردەوام دەوامی دەکەن ژوری تایبەتییان هەیە کارەکانی دادگا رایی دەکەن .

- له ساڵی (٢٠٢٢) دا نزیکەی (١٦٠) سەد و شەست سزا دراو کە لە لایەن حکومەتی عیراق داواکرا بون بریاری گرتنیان بۆ دەزگای ئاسایش ڕەوانە کراون بە هەماهەنگی لەگەڵ پۆلیسی موسڵ تەسلیمی کرانەوە، لەم بوارەدا هاوکاری باش هەیە لە نێوانماندا .
- کامیرای تایبەت لە هەموو مەمەرەکانی بەندیخانەکان هەیە بۆ چاودێری کردنیان و لەکاتی ڕوودانی هەر شتیکی نەخوازراو یان لە کاتی پێویست دەست بە لێکۆڵینەوە دەکرێت.
- تاکو ئیستا بە دەگمەن کەیس لە دادگا دەگەڕێتەوە کە باس لە ئەشکەنجەدان بکرێت یان بە زۆر گوفتار وەرگیرا بیت .
- ڕۆژانە پارێزەرەکان سەردانیان دەکەن بۆ وەرگرتنی بریکارنامە بۆ بەدواداچوون لەسەر کەیسی بەندکراوان، بەردەوام لەسەر بڕیاری بەرێز دادوەری لێکۆڵینەوە خوێندنەوە بۆ کەیسەکان دەکەن بە سەرپەرشتی ئەفسەرێکی لێکۆلینەوە، زۆر جار وا پێویست دەکات نەتوانرێت هەموو کەیسەکە بدرێتە دەست پارێزەر لەبەر پاراستنی هەندێک نهێنی لە ناو کەیسەکان.

<u>رزگارکردنی ئافرە ت و کچان و منداڵە ئێزیدیەکان</u>

دەزگای ئاسایش لە هەوڵدایە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ئەو کەسانەی تاکو ئێستا لە دەست تیرۆریستانی داعش رزگار نەکراون، لەم رووەوە زانیاری پێویست بە لیژنەی رزگارکردنی رفێندراوان دەدرێت بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست.

نووسینگەی ڕزگارکردنی ڕفێندراوانی ئێزیدی کە سەر بە نووسینگەی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە بە بەردەوامی کار دەکات  لەسەر ڕزگارکردنی ڕفێندراوانی ئێزیدی لەلایەن داعشەوە کە تا ئیستا زیاتر لە ٧ ملیار دینار خەرج کراوە، زۆرینەیان لە کەمپی ئەلهۆڵن لە سوریا و لەو ناوچانەی عێراقن کە لەژێر کۆنترۆڵی ئەو تیرۆریستەدا بوون لە ساڵی ٢٠١٤ ەوە، هەروەها  داوایان لە هێزە عێراقییەکان کردووە هاوکاری و پاڵپشتی پێشکەش بکەن بۆ ڕزگارکردنی ڕفێنراوانی ئەو ناوچانە.

تا مانگی تشرینی دووەم ٢٠٢٢ لە کۆی ٦ هەزار و ٤١٧ کچ و ژن و منداڵ و پیاوی ئێزیدی کە لەدەست دران توانراوە تا ئیستا ٣ هەزار و ٥٦٢ ڕفێندراو ئازاد بکرێت، بەڵام تاکو ئیستا ٢٦٠٠ ڕفێنراو نادیارە لە هەردوو ڕەگەز. هەروەها زیاتر لە ٥ هەزار ئێزیدی گیانیان لەدەست داوە، ٢٧٤٥ منداڵ بێ دایک و باوکن، ١٢٠ هەزار کۆچیانکرد بۆ دەرەوەی وڵات.

## پێشنیارەکان

- چارەسەرکردنی قەڵەباڵغی لەناو گرتووخانەو چاکسازییەکان، چونکە ئەمەش جۆرێکە لە ئەشکەنجەدان و پێویستە چارەسەر بکرێت لەلایەن حکومەتەوە .
- کەمی پێداویستی داو دەرمان بۆ بنکە تەندروستیەکان بە دابینکردنی لە رێگای وەزارەتی تەندروستی، دابینکردنی ئوتومبێلی فریاکەوتن بۆ بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر، چونکە تاکو ئیستا ئەمبۆڵانس نییە بۆ گواستنەوەی بەندکراوی نەخۆش بۆ نەخۆشخانەکانی دەرەوە و دانانی کارمەندی تەندروستی ئێشکگر لە گرتووخانە و چاکسازییەکان.
- دابینکردنی ئامێری پشکنینی مادە هۆشبەرەکان بۆ ئەوەی کەیسی ئەو بەندکراوانە دوا نەکەوێت لە کاتی خۆی بڕواتە پێش دادوەر، ئێستا ئامێری (بی-سی-ماس) لە کوالیتی کۆنترول هەیە ماوەی یەک سالە ئیشی پێ ناکەن ئەمە پیویستی بە چارەسەریکی جدی هەیە بۆ پەلە کردن لە کەیسەکان.
- جیاکردنەوەی بەکارهێنەرانی مادەی هۆشبەرەکان لە خەڵکی تر بە هەر ریگایەک بێت پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بتوانێت چارەسەری بکات، تاکو بتوانریت خەڵک لەم ماددەیە دورکەنەوە هەرچەندە ئێستا (ب.نەهێشتنی مادەهۆشبەرەکان) هەیە بۆ بنبڕ کردنی، بەڵام وەکو دەبینین رۆژانە لە زیادبووندایە.
- وەرگرتنی هەموو ئەو سزادراوانە کە بڕیاری سزاییان بۆ دەرچووە لە چاکسازییەکان، چونکە هەر کەسێک بڕیاری سزای بۆ دەرچوو دەکەوێتە ئەستۆی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی و پێویستە رەوانەی چاکسازی بکریت، بەڵام لە ئیستادا ژمارەیەکی زۆر سزادراو لە گرتووخانەکانی ئاسایش ماوە لە چاکسازییەکان وەرناگیرێن، هەرچەند بە پیی ئەو زانیاریەی هەمانە بەهۆی دابین نەکردنی کەل و پەلی پێویستە لە چاکسازی هەولێر تاکو ئیستا بەشی (C) نەکردۆتەوە، ئەمەش دەکریت چارەسەر بکرێت.
- پێویستە  داو و دەرمانی زیاتر بۆ چاکسازییەکان دابین بکرێت و پزیشکش پسپۆر لە گشت بوارەکان رۆژانە سەردانیان بکات .
- نەبونی ئامێری پیویست و درەنگ هاتنی پەنجەمۆر لە بەڵگە و تاوان دەبێتە هۆی دواکەوتنی کەیسی راگیراوان لە رووی یاساییەوە، بەڵام زۆرجار لە دادگاش زۆر دوادەکەویت بەهۆی ئەوەی لە دادگای تاوان لەبەر زۆری کەیسەکان نۆرەی بۆ دادەنریت جاری وا هەیە (٢-٣) مانگ دوادەکەوێت  پاشان ڕەوانەی دادگای پێداچوونەوە دەکرێت، لەوێش (٢-٣) مانگ دوادەکەوێت و

پێویستە ئەوە لە ڕێگای ئەنجومەنی دادوەری چارەسەر بکرێت بە زیادکردنی دادوەری لێکۆڵینەوە و دادگای تاوان بۆ ئەوەی پەلە بکرێت لە کەیسەکان .

**دەزگای ئاسایشی سلێمانی:**

هەنگاوی کرداری:

**یەکەم:** کردنەوەی زیندانیەکی گەورە لە پارێزگای سلێمانی تایبەت بە زیندانیانی ڕاگیراو کە بەگوێرەی ستانداردی جیهانی دروستکراوەو هەموو پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە پاراستنی مافی مرۆڤی تیدا ڕەچاوکراوە کە بەم شێوەی لای خوارەوە:

ا – لە ١٥ هۆڵ پێکدێت هەر هۆڵێک ٣٠ کەس دەتوانێت لە خۆ بگرێت.
ب – دروستکردنی بینایەکی تایبەت بۆ زیندانی تاکە کەسی (بە هەموو پێداویستییەکانییەوە)، لە (٦٥) ژوور پێکدێت (کەواتە (١٣٠) ژوری تاکە کەسی تیدایە).
ج – دروستکردنی بینایەک بۆ لێکۆڵینەوە کە کامێرای چاودێری تێدایە.
د – شوێنی تایبەت بۆ سەردانیکەران و چاوپێکەوتنی بەندکراوان دروستکراوە بەپێی ستانداردی جیهانی.

**دووەم:** مافی مرۆڤی دەزگای ئاسایش دەسەڵاتی تەواوی پێدراوە کە سەردانی سەرجەم زیندانیەکانی ئاسایش بکات و لە کاتی بونی هەر کەموکوڕییەک بەڕێز سەرۆکی دەزگای ئاسایشی لێ ئاگادار بکات بە مەبەستی چارەسەرکردنی و لێپێچینەوە لەوانەی کە کەمتەرخەم بون.

**سێیەم:** ئەفسەرێک و چەند کارمەندێک لەبەر پێشێلکردنی یاسا، لە ئیستادا ڕووبەڕووی دادگا کراونەتەوە و چارەنوسیان پابەندە بە بڕیاری دادگا).

ئەم ڕێوشوێنانە بە فرمانی بەڕێز سەرۆکی دەزگای ئاسایش و ڕەچاوکردنی یاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە(١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨ و یاسای بنەما دادگاییە سزاکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٧)ی سالی ٢٠٠٨ ئەنجام دراون).

## پلانی کارکردن

١- له ئێستادا دوو بینای نۆی له بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی له دروستکردندایه به مەبەستی باشترکردنی جێگاو ڕێگای لێکۆڵینەوە و زیندانیان.

٢- دوو خۆل له ئەکادیمیای ئاسایش، له ئێستادا بۆ ئەفسەرانی ئاسایش کراوەتەوە، وانەی مافی مرۆڤ کراوەته بابەتێکی سەرەکی به مەبەستی هۆشیارکردنەوەی زیاتر ئەفسەرانمان به جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ و کارکردن بەو میکانیزمانەی که پەسەندکراون له ڕێککەوتننامه نێودەوڵەتییەکانی تایبەت به پاراستنی مافەکانی مرۆڤ.

٣- جێبەجێکرکردنی مادەی (٥١) لەیاسای بنەمای دادبینیه سزاییەکان ژمارە(٢٣)ی ساڵی١٩٧١ ی هەموارکراو بۆ سەرجەم لێکۆڵەرانی ئاسایش.

٤- دانانی سندوقی سکاڵا له ناو زیندانیانی ئاسایش به مەبەستی وەرگرتنی سکاڵا، و کلیلەکەی لای بەڕێوەبەر و بەرپرسی مافی مرۆڤ دەبێت.

٥- خەڵکی شیاو (کەسی متامنەپیکراو، ڕەفتارو هەلسوکەتی باش، پێشینەی باش ...هتد ) بۆ ئەرکی لێکۆڵینەوە دابنرێت.

٦- تایبەتمەندکردنی دۆسیەکانی ئاسایش بۆ ئەو کێشانەی که له یاسای ژمارە (٥) ی ساڵی ٢٠١١، یاسای دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان-عیراق ئاماژەیان پێدراوە.

٧- داوا بکرێت دادوەر و داواکاری گشتی له ناو دەزگای ئاسایش و بەرپۆبەرایەتیەکان دەوام بکەن له پیناو سەلامەتی ڕێڕەوی لێکۆڵینەوە و پاراستنی دۆسیەکان و تۆمەتباران.

٨- هەماهەنگی کردن لەگەڵ ریکخراوە نێوخۆی (حکومی و ناحکومی) و ڕیکخراوە نێودەوڵەتییەکان به مەبەستی کردنەوەی خولی هۆشیاری بۆ بەشی لیکۆڵینەوە، به ڕەچاوکردنی پاراستنی نهێنی لێکۆڵەر و لێکۆڵینەوە.

٩- دانانی پۆستەر بۆ هوشیارکردنەوە بۆ کارمەندانی ئاسایش.

ئالنگارییەکان (تحديات) : تایبەت به مادە هۆشبەرەکان:

١- نەبوونی ئامێری پشکنینی پێشکەوتوو، هەروەها نەبوونی هۆبەی (k٩) له زۆرێک له مەرزه فەرمییەکان، تەنانەت له هەندێ له بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاسایش.


٢- نەبوونی هەماهەنگی لە نێوان هێزە ئەمنیەکان بەتایبەتی لەگەڵ پاسەوانی سنور.
٣- نەبوونی پشتگیری مادی و مەعنوی لەلایەنی نێودەوڵەتی بۆ ئاسایش لە ڕووبەرووبونەوە و ڕێگریکردن لە بڵاوبونەوەی مادە هۆشبەرەکان.
٤- نەبوونی مەشق و ڕاهێنانی پێویست بۆ دادوەر و لێکۆڵەرەکان بەپێی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان لە بابەتی ڕووبەڕووبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و چۆنیەتی جێبەجێکردنی یاسای نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان.

<u>ئالنگاری دیکە:</u>

١- نەبونی پێداویستی تەکنیکی وەک ئامێری دیاریکردنی لۆکەیشن بۆ کەسانی بزربوو و کەسانی تاوانکار.
٢- ڕووبەڕووبوونەوەی مادەی هوشبەر بابەتێکی پەروەردەی و هۆشیارییە بۆیە پێویستە بەرنامەو پلان هەبێت کە هەریەکە لە دامەزراوەکان و وەزارەتەکانی حکومەتی هەریمێ کوردستان بەشێک لە بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ بگرن (لە پەروەردەو دەست پی بکریت، ئەوقاف ڕۆڵی هەبیت لە وتارەکانی هەینیدا، وەزارەتی تەندروستی هەنگاوبنێت بە کردنەوەی سەنتەر.
٣- چارەسەری یاسایی بۆ ئەو حاڵەتانە بکرێت کە لە کاتی ڕوبەروبونەوەدا تومەتباران کە بریندار یان زەرەرمەند دەبن، سکاڵا لەسەر ئاسایش تۆمار دەکەن، ناکرێت لەم حاڵەتانە کارمەند و ئەفسەر ڕاپێچی دادگا بکرێت لە کاتێکدا بە ئەرکی فەرمی خۆی هەڵساوە.

## بەڕێوەبەرایەتی گشتی دژە تیرۆر:

**لە کۆی (٤) ڕاسپاردە کە ئاڕاستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دژە تیرۆر کراوە، (٣) ڕاسپاردە جێبەجێکراوە و (١) ڕاسپاردە جێبەجێ نەکراوە.**




| | |
|---|---|
| کۆی ڕاسپاردەکان | 4 |
| جێبەجێکراو | 3 |
| جێبەجێنەکراو | 1 |

## یاسا بەرکارەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دژە تیرۆر فەرمانگەی لێکۆڵەرەوەی دادوەری هەیە و دوو لێکۆڵەری دادی (محقق قضائی) کە سەر بە ئەنجومەنی دادوەری حکومەتی هەرێمی کوردستانن و بەپێی یاسا بەرکارەکان و بەڕێز دادوەری لێکۆڵینەوەی ئاسایش و بەڕێز داواکاری گشتی، سەرپەرشتی


دۆسێیەکان دەکەن لە دەرکردنی (یاداشتی دەستگیرکردن = القاء القبض)ەوە تا کۆتایی بە دۆسێی تۆمەتبار یان تاوانبار دەهێنرێت.

- لە ماوەی یەک ساڵدا لە (٢٠٢١/٩-٢٠٢٢/٨)کۆی گشتی (٣٩٣) سێ سەد و نەوەد و سێ بەندکراومان وەرگرتووە کە بەم شێوەیەی خوارەوە بەپێی یاسا لەلایەن دادگاوە چارەنوسیان دیاری کراوە :-
- (١٩٩) سەدوو نەوەد و نۆ ئازادکراون یاخود ڕەوانە کراون .
- لە کۆی (١٩٤) سەد و نەوەد و چوار بەندکراومان کە ماون پەڕاوی (١٤٢) سەد و چل و دوو بەندکراو لەژێر لێکۆڵینەوەیە و پەڕاوی (٣٨) سی وهەشت بەندکراو لە (دادگای تاوانی دووی هەولێر)ە و هەروەها (١٤) چواردە بەندکراو سزادروان.

لە هەرێمی کوردستان یاسای تیرۆری ئەلیکترۆنی نییە ، کە ئاستەنگێکی یاساییە، سەرەڕای ئەمەش بێوچان هەوڵدراوە کە تاوانبارانی تیرۆری ئەلەکترۆنی بدرێنە دادگا بەپێی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو.

## پەرلەمانی کوردستان:

**لە کۆی (٣٩) راسپاردە کە ئاڕاستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دژە تیرۆر کراوە، (٧) راسپاردە جێبەجێکراوە و (٣٢) راسپاردە جێبەجێ نەکراوە.**




| | |
|---|---|
| 39 | کۆی راسپاردەکان |
| 7 | جێبەجێکراو |
| 32 | جێبەجێنەکراو |

بازرگانیکردن بە مرۆڤ

پەرلەمانی کوردستان بە یاسای ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠١٨ یاسای نەهێشتنی بازرگانیکردن بە مرۆڤی عێراقی ژمارە ٢٨ی ساڵی ٢٠١٢ بەرکارکردووە و ئێستا کاری پێدەکرێت، هەرچۆنێک بێت، پێشنیارکراوە کە هەرێمی کوردستان یاسایەکی تایبەت دەربکات.

ئەشکەنجە

تا ئێستا یاسایەکی تایبەت بۆ ئەشکەنجەدان نییە. پێشنیارە یاسایەک لە ئارادایە. دە پەرلەمانتار دەبێت واژووی بکەن و خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت و بدرێت بە لیژنەی مافی مرۆڤ و دواتر خوێندنەوەی دووەمی بۆ بکرێت و بچێت بۆ حکومەت بۆ پشتگیری دارایی.

لە ماوەی نێوان ٢٠١٤ تاکو ٢٠٢١ بەشێکی زۆری راپۆرتە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ لە هەرێم ئاماژە بە بوونی ئەشکەنجەدان دەکەن. سەقفێکی زەمەنی دانەنراوە بۆ کۆتایی هێنان بە لێکۆڵینەوە و دادگایی کردنی بۆ دەرکردنی حوکم بەسەر تۆمەتبار و گومانلێکراواندا، تۆمەتبار هەبووە (١١) ساڵ راگیراوە، دواتر بە یەک ساڵ سزادراوە. لێکۆڵینەوەکان بێ لایەن نین. نزیکەی (٨٠%)ی لێکۆڵینەوەکان لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ و ئاسایشەوە ئەنجام دەدرێن، لە بنکەکانی پۆلیسیش کارمەندان لێکۆڵینەوە ئەنجام دەدەن. زۆر لە گومانلێکراو و تۆمەتباران لە کاتی لێکۆڵینەوە رووبەڕووی ئەشکەنجەدان بوونەتەوە.

نەبوونی شوێنی گونجاو لە چاکسازییەکان، بۆ نموونە لە هەندێک چاکسازی شوێنی (٥٠٠) کەس دەبێتەوە کەچی (٨٠٠) کەسی تێدایە، بەپێی پرەنسیپەکان مافی مرۆڤ ئەمەش جۆرێکە لە ئەشکەنجەدان. حاڵەتەکانی ئیدیعای ئەشکەنجەدان درەنگ دەگەنە پزیشکی دادی بۆ جۆرێک ئاسەواری ئەشکەنجەدان بەسەر جەستیانەوە نەماوە، بەتایبەتی ئەشکەنجەدانی سێکسی. هاوکات، ژمارەی سکاڵاکان جێگای گومانن. ناکرێ لە (٦٠٠٠) کەس تەنیا (٦) سکاڵا هەبێت. وەک پێویست دەعواکان دژی ئەنجامدانی ئەشکەنجەدان ناجوڵێنرێن، بۆ نموونە دەعوا هەیە لە ساڵی ٢٠٠٧ هەیە تا ئێستا یەکلا نەبۆتەوە.

وەک چارەسەر، پێداچوونەوەی بەو یاسایانەی ئێستا بەرکارن بەتایبەتی یاسای (قانون اصول المحاكمات الجزائية)، چونکە وادەی کۆتایی هاتنی لێکۆڵینەوەکان دیاری ناکات، بەڵکو بە کراوەیی دەهێڵێتەوە؛ پەلەکردن لە کۆتایی هێنان بەو پرۆژە یاسایانەی پێشکەش بە پەرلەمان کراون بەتایبەتی پرۆژە یاسای نەهێشتنی ئەشکەنجەدان کە رێککەوتننامەی نەهێشتنی ئەشکەنجەدان بە تەواوی لەو پرۆژە یاسایەدا رەنگی داوەتەوە؛ هەموار کردنەوەی یاسای دژە تیرۆر بەتایبەتی ماددەی (١٣)ی یاساکە،بە جۆرێک ئەو دان پێدانانەی لەژێر ئەشکەنجەدان بەدەست دەهێنرێن بە (باطل) دابنرێن؛ درەکردنی یاسای ( بەڕێوەبردنی چاکسازییەکان- ادارة السجون) لە پەرلەمانی هەرێم، لەبەر

پێویستیی بۆ ڕێکخستنی چاکسازییەکان و پاراستنی مافەکانی راگیراو و سزادراوان؛ ئیدارەدانی چاکسازییەکان بدرێتە وەزارەتی داد، پێش دە ساڵ ئەنجومەنی وەزیران کاری لەسەر ئەم بابەتە کردبوو، بەڵام تا ئێستا بە ئەنجام نەگەیشتووە؛ لە چاکسازییەکان پزیشکی پسپۆر دابنرێت کە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک ئەرکەکانی ئەنجام بدات و دەوام بکات؛ و ە جیاتی بنکە پێویستە نەخۆشخانەی فریاکەوتن و لە دایکبوون لە چاکسازییەکاندا هەبێت.

یاسای تیرۆر گۆڕانکاری بەسەرنەهاتووە. یاساکە دەبێت بگونجێندرێت لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکان، لەوانەش دەبێت بەکارهێنانی ئەشکەنجە لە کەیسی تیرۆردا یاساغ بکرێت.

<u>شوێنبزرکردنی زۆرەملێ</u>

گەرچی بابەتی شوێنبزربووان ڕەهەندە یاساییەکانی لە یاسای لەناوبردنی بە کۆمەڵی گەلی کوردستان ژمارە ٣ی ١٩٩٩ هەموارکراو ڕەنگیداوەتەوە، بەڵام یاسای تایبەت و میکانیزمێکی ڕوون نییە بۆ بابەتی شوێنبزربووان و قەرەبووکردنەوەیان. هەرچۆنێک بێت، ئەم بابەتە بە گوێرەی ماددەی ١٣٢ی دەستوور لە ئەستۆی حکومەتی فیدراڵییە و پەرلەمان بە بڕیاری ژمارە ١١ لە ساڵی ٢٠١٩ ئەمەی دووپاتکردۆتەوە. ئەوەی پەیوەست بێت بە یاسای قەرەوبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی کرداره جەنگییەکان و هەڵە سەربازییە و کردەوە تیرۆریستییەکان ژمارە بۆ ساڵی ٢٠١٥ ئەوا ئەم یاسایە لەلایەن حکومەتی ئیتیحادییەوە دەرکرا و و لە هەرێمی کوردستاندا کاری پێناکرێت لەبەر ئەوەی لە پەرلەمانی کوردستان تنەپەڕێنراوە و بودجەی پێویستی بۆ تەرخان نەکراوە لەالیەن حکومەتی ئیتیحادییەوە. زیانلێکەوتووانی کرداره جەنگییەکانیش لە سەرجەم پارێزگا عێراقییەکان قەرەبوو دەکرێنەوە - جگە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و بە گوێرەی ڕێژەی کەم ئەندامێتییان مووچەیان بۆ تەرخانکراوە.

<u>تیرۆری ئەلیکترۆنی</u>

لە ڕاستیدا، تیرۆری ئەلیکترۆنی لە ڕێی یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، کە یاسایەکی جینائیە و بەرکارە.

## داعش و قوربانییەکانی تیرۆر

هیچ پڕۆژە یاسایەک نییە بۆ قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی داعش، هاوکات یاسای ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠٢١ی حکومەتی فیدراڵی پەسەند نەکراوە، هاوکات هیچ پڕۆژەیەک نییە بۆ تۆمارکردنی منداڵانی داعش لەسەر ناوی دایکیان.

.لە پڕۆژەیاسای حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە دادگا سوود لەشارەزایی نێودەوڵەتی وەرئەگرێت لەگەڵ هەموو ئەو ڕێنماییانەی یونیتاد کە پێشنیارکراون، حکومەتی هەرێمی کوردستان کار دەکات بۆ جێکردنەوەی هەر سێ تاوانی جینۆساید، تاوانەکانی جەنگ، و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی لەناو ڕەشنووسی یاسایەکە و هەوڵی بەردەوام دەدات بۆ لابردنی سزای لەسێدارەدان. لەبەرچاوگرتنی ئەم سێ تاوانە و لابردنی سزای لەسێدارەدان، پێشمەرجی یونیتادە بۆ بەردەوامیدان بە هاوکارییەکان و حوکمەتی هەرێمیش تا ئێستا پێی پابەندبووە. هەرچۆنێک بێت، دادگای فیدراڵی دەڵێت عێراق ئەندام نیە لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، بۆیە ناچار نیە کار بەم ڕێنماییانە بکات، ئەمەش کێشە دروستدەکات ئەگەر تاوانەکان بە نێودەوڵەتی نەناسرێن.

ئەگەر عێراق ئەندامیش نەبێت لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی ، حوکمەتی فیدراڵی خۆی داوای لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کردووە یارمەتی بۆ دادگایی کردنی داعش پێشکەش بکات. هەروەها یونتاد بە چاودێری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان پێکهێنراوە، بۆیە شەرعەیتی هەیە بۆ پێدانی هاوکاری بە ڕەزامەندی عێراق.

هاوکات، لە سۆنگەی ئەرکی نێودەوڵەتیی یونیتاد و بەڕێز کەریم خان-ی سەرۆکی پێشووی تیمەکە، چەندین جار ئەم و ئەویان پشتیوانی خۆیان بۆ هەوڵەکانی حوکمەتی هەرێم دووپاتکردۆتەوە لە داڕشتنی یاسا و دادگای تایبەت، لە لایەکی کەشەوە بەردەوام دەستخۆشییان دەربڕیوە بۆ حوکمەتی هەرێم لەهەبمەر هەماهەنگی بەردەوام.

## بیمەی تەندروستی

پەرلەمان پڕۆژە یاسای بیمەی تەندروستی ئامادەکردبوو، بەڵام لەلایەن حکومەتەوە ڕەتکرایەوە بەهۆی نەبوونی بودجە.

تەندروستی خۆراک

یاسای تەندروستی خۆراک بوونی نییە، هاوکات ئەنجوومەنی پاراستنی تەندروستی خۆراک پێکنەهاتووە.

توندوتیژی خێزانی

هەمواری نوێی یاسای توندوتیژی خێزانی خراوەتەڕوو و لە پڕۆسەدایە، بەڵام لەلایەن یەکێتی زانایانەوە ئێستا هەڵپەسێردراوە.

ئافرەت و کەرتی کشتوکاڵ

قەرزی بچووک بۆ ئافرەتانی گوندنشین دەستەبەرنەکراوە، هاوکات هیچ پرۆژە یاسایەك کە کۆتا لەخۆبگرێت بۆ ئافرەتان لەو پرۆژە کشتوکاڵییانەی حکومەت لە ناوچە کشتوکاڵییەکاندا جێبەجێیان دەکات ئامادە نەکراوە. هەروەها، هیچ پڕۆژە یاسایەک بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەژاری ئامادە نەکراوە.

هەلی کار

سەرۆک وەزیران، جەختی لەوە کردەوە، کە پێویستە حکوومەت هەموو ئاسانکارییەک و هەماهەنگییەک بکات بۆ یارمەتیدانی گەنجانی کوردستان بۆ دۆزینەوەی هەلی کار بەتایبەتی لە کەرتی تایبەت، هەروەک لە بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەمدا جێگیرکراوە، لەم ڕووەوە، حکوومەت هانی خاوەنکارانی کوردستان دەدات کە گەنجانی کوردستان لە پێشینەی وەرگرتنی دەستی کاری کۆمپانیاکان بن و پابەندبن بە بڕیاری حکومەت سەبارەت بەوەی کە دەبێ بە لایەنی کەم ڕێژەی ٧٠% دەستی کاریان ، خەڵکی هەرێمی کوردستان بن، بە پێچەوانەوە، دەبێ ڕێکاری یاساییان بەرامبەر بگیرێتەبەر. هەروەها پێویستە میکانیزمی پێویستیش هەبێت بۆ ڕاهێنان و پەرەپێدانی تواناکانی گەنجانی کوردستان و دامەزراندنی ناوەندی کار لە سەرجەم پارێزگا و قەزا و ناحیەکان کە ببێتە ناوەندی بەیەکگەیاندنی داواکارانی کار و خاوەنکارەکان.

لەهەمانکاتدا جێگری سەرۆک وەزیران، وێڕای پشتگیریکردنی گوتەکانی سەرۆک وەزیران، ئاماژەی بە گرنگی ئامار و زانیارییەکان و هەبوونی داتا سەنتەر و ناوەندی دۆزینەوەی کار کرد تا ئاسانکاریی بکرێت بۆ دابینکردنی هەلی کار، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە، داواکرا پەرلەمانی کوردستان، پەلە بکات

لە پەسەندکردنی پڕۆژە یاسای نوێی کار، کە ستراتیجێکی نوێی داڕشتوە بۆ پەیوەندی نێوان کرێکار و خاوەنکار . هەروەها پەلە بکرێت لە گەڵاڵەکردنی پڕۆژە یاسای خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتی کە قۆناغی باشی بڕیوە و بە جێبەجێکردنی ئەم دوو یاسایە، چوارچێوەیەکی یاسایی نوێ و هاوچەرخ دێتە ئارا بە ئاراستەی پاراستنی بەرژەوەندیی کرێکاران و پاراستنی و دابینکردنی ئیمتیازات و مافەکانیان، بە تایبەتی بۆ خانەنشینان، لەهەمانکاتدا برەودان بە کەرتی تایبەت و گەشەپێدانی ئابووریی.

<u>یاسای داواکاری گشتی</u>

پڕۆژە پێشنیازێک لەلایەن ڕێکخراوی ئەمەریکی بۆ هەموارکردنەوەی یاسای داواکاری گشتی ئامادە کراوە و بۆچوونی دادوەرانی داواکاری گشتییش لە هەموو هەرێمی کوردستان وەرگیراوە، بەڵام هێشتا پڕۆژەکە نەبووەتە پڕۆژەیەکی فەرمی، لەگەڵ ئەوەشدا خاڵی زۆر بەهێزی تێدایە بۆ ئەوەی دەسەڵات و ڕۆڵی زیاتر بە دەزگای داواکاری گشتی بدرێت، تا داواکاری گشتی وەک پێویست ڕۆڵی هەبێت.

<u>یاسای ڕەگەزنامە</u>

ئەم پرسە تایبەتە بە حکومەتی فیدڕاڵی.

<u>بازرگانیکردن بە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ</u>

یاسای ژمارە ٦ی ساڵ ٢٠١٨ یاسای چاندن و بەخشینی ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤە .

ئەم هەنگاوانەی خوارەوە گرنگن بۆ هەموارکردنەوەی یاساکە:

- مەرجەعە ئاینییەکان دەبێت ڕەزامەندی بدەن بە وەرگرتنی بەشێک لە ئەندامانی جەستەی مردوو

- ماددەی ١١ی یاسایەکە کاری پێناکرێت، کە دەڵێت دەبێت لیستێک لە ناوی بەخشەران و وەرگران ئامادە بکرێت، بەڵکو هەر کەسێک توانای دارایی باش بێت دەتوانێت نەشتەرگەری چاندنەوە ئەنجام بدات

• ماددەی ٢٦ کە تایبەتە بە دامەزراندنی سەنتەرێکی هەڵگرتنی ئەندامەکانی جەستە و بەستنەوەی بە بانکە نێودەوڵەتییەکان جێبەجێ ناکرێت، کە ئەمە گرنگە بۆ نەهێشتنی دیاردەی بازرگانی

• ژمارەی ئەو کەیسانەی دەگەنە دادگا کەمن، بە نمونە لە ماوەی ڕابردوو دا تەنها ٣ کەیس لە دهۆک و ٢ کەیس لە هەولێر گەیشتنە دادگا، و ئێستاش ١٧ کەیس لە هەولێر و ٣ لە دهۆک یەکلایی نەکراونەتەوە

• یاساکە قەدەغەیکردووە بەخشەرسوودمەند بێت لە بەخشین. پزیشکانی ئامادەبوو پێیان وابوو ئەمە هەڵەیە و پێویستە بەخشەر سوودمەندبێت و ئەمەش بە یاسا ڕێکبخرێت، بۆ ئەمەش پێشنیاریانکرد یاساکە هەموار بکرێتەوە. لە ئێران حکومەت خۆی هەڵدەستێت بە نێوەندگیری کردن

• ئێستا لە هەولێر یەک نەخۆشخانەی حکومی و ٤ نەخۆشخانەی تایبەت هەیە بۆ ئەم مەبەستە، هاوکات لە دهۆک و سلێمانی یەک نەخۆشخانەی حکومی و یەک نەخۆشخانەی تایبەت هەن

• هیچ ڕێوشوێنێک نییە ئەگەر کەسێک بیەوێت پاش مردنی ئەندام ببەخشێت بۆی جێبەجێ بکرێت

• لە ساڵی ٢٠٢١، ٤٣٩ مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی ئەندامی جەستە ئەنجامدراوە: ٣٩٩ کەیسیان لاریان نەبووە، ٤٠ کەیس لاری هەبووە و چوونەتە ئاسایش، ٢٨یان ساختەکاری تێدا ئەنجامدراوە، و ١٤یان کێشەی تێکەوتووە و ئەنجام نەدراون

• بەخشەر و وەرگر زۆرجار خەڵکی بەشەکانی تری عێراقن، بەڵام حکومەتی عێراقی هیچ ڕێنماییەکی لەمبارەیەوە دەرنەکردووە

کەسانی کەمئەندام و خاوەن نەخۆشی دەروونی


هەردوو ماددەی ١٠٥ و ٤٩٥ هەموارنەکراونەتەوە. زۆرجار باوک یان دایک منداڵەکەی خۆیان ڕادەستی پۆلیس دەکەن لە حاڵەتێکدا کە باری دەروونی تا ڕادەیەکی زۆر ناجێگیر بێت. پۆلیس دەکرێت بۆ

ماوەیەکی کەم ڕاییگرن بەڵام لەبەر نەبوونی تۆمەت ناچارن ڕادەستی دایک و باوکی بکەنەوە بە پڕکردنەوەی تەعاهود.

هیچ گۆڕانکارییەک لە یاسای مەدەنی عێراقی ڕووینەداوە، بەڵام لە یاسادا هیچ جیاکارییەک بەرامبەر کەمئەندامان ناکرێت لەڕووی پێدانی میراتەوە. گەرچی لە هەمووارکردنەوەی ساڵی پاردا سزایی دارایی زەوتکردنی مافی کەمئەندامان زیادکراوە بۆ ١٠-١٥ ملیۆن دینار، بەڵام هیچ سزای تر ئاماژەی پێنەکراوە. هەروەها، مادده جیکارییەکانی بەرامبەر بە کەمئەندامان لە یاسای باری کەسیدا هەڵنەپسێردراون، بەڵام لە یاسای مافی کەمئەندامان مافەکانیان دەستەبەرکراوە.

## ئەنجوومەنی دادوەری:

**لە کۆی (٦٨) راسپاردە کە ئاڕاستەی ئەنجومەنی دادوەری کراوە، (٢٨) راسپاردە جێبەجێکراوە و (٢٦) راسپاردە جێبەجێ نەکراوە و (١٤) راسپاردەش لە پرۆسەی جێبەجێکردندایە.**




| | |
|---|---|
| کۆی ڕاسپاردەکان | 68 |
| جێبەجێکراو | 28 |
| جێبەجێنەکراو | 26 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 14 |

سزای لەسێدارەدان

هەڵبەتە لە هەرێمی کوردستان ماوەیەکی زۆرە بازنەی جێبەجێکردنی ئەم سزایە بەمجۆرە تەسککراوەتەوە، و تەنانەت لە ساڵی ٢٠٢٢ دا (٤٣٩) کەس لە چاکسازییەکانی هەرێم سزای لە

سێدارەدانیان هەبووە لەوانە (١١) بیانین، تەنیا لە ساڵی ٢٠٢٢ دا (٤١) تاوانبار سزای لە سێدارەدانیان بۆ دەرچووە، (٣) یان سزاکانیان لە لەسێدارەدانەوە کەمکراوەتەوە بۆ زیندانی هەتاهەتایی.

لە پێنج ساڵی رابردوودا هیچ سزایەکی لەسێدارەدان جێبەجێ نەکراوە.

دادگاییکردنی تیرۆرستانی داعش

پرۆسەی دادگایی کردنی تیرۆرستانی داعش زۆر بە رێک و پێکی ئەنجام دەدرێت لەبەرئەوەی دادگای لێکۆلینەوەی تایبەتمەند هەڵدەستێت بە کارەکان و دادگای تاوانی تایبەتمەند هەیە بە بینینی داواکان و لە کاتی ئەنجامدانی دادبینی بە پێ ی یاسای اصول محاکمات جزائیە (حق تقاضی) بۆ تۆمەتبارەکانیش دابین کراوە و پارێزەریش بۆیان دابین دەکرێت و خەرجی پارێزەرەکانیش لە ئەستۆی حکومەتە و ئەنجومەنی دادوەری هەڵدەستێت بە پێدانی کرێ ی پارێزەران لە بودجەی تەرخانکراو بۆیان. سەبارەت بەو حوکمانەی بەسەر تیرۆرستانی داعش دەرچووە ژمارەیان ١٥٧ کەیسە بۆ ساڵی ٢٠٢١ و ١٢٢ کەیس بۆ ساڵی ٢٠٢٢.

سەبارەت بە میکانیزمی دادگا تەسلیم کردنەوەی تۆمەتبارانی بیانی لە هەرێم دوو بەشن، بەشێکیان ئەوانەن کە تاوانیان لە هەرێم ئەنجام داوە و سزادراون و هەرێم وەکو بە شێک لە عێراق لە کاتی بوونی (اتفاقیات قضائی)هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو وولاتانە دەکات کە تاوانبارەکە هاونیشتمانیەتی (مبدآ العامله بالمثل) و سەبارەت بە تاوانبارانەی کە تاوانێکیان لە دەرەوەی هەرێم و عیراق ئەنجام داوە و لە هەرێم دەستگیرکراون ئەوە دادگاکان بە پێ ی یاسای اصول محاکمات جزائیە لە ماددەکانی (٣٥٧ تا ٣٦٨)هەڵسوکەوتیان لەگەل دەکات. زانیاری زیاتر لە بەشی وەزارەتی ناوەخۆ و وەزارەتی شەهیدان سەبارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ یونیتاد خراوەتەڕوو.

بە هۆی ئەندامنەبوونی عێراق لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی و بەربەستەکانی حکومەتی فیدراڵی سێ تاوانە نێودەوڵەتییەکە (جینۆساید، تاوانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی) ناتوانن بەرکاربن بۆ دادگاییکردنی داعش، بەڵام هەوڵەکان بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک لەگەڵ یونیتاد لە ئارادایە.

سەربەخۆیی دادگاکان

سەبارەت بە سەربەخۆیی دادگاکان دوای دەرچوونی دەستووری عێراق لە ساڵی (٢٠٠٥) کە دەسەڵاتەکانی (جێبەجێکردن و یاسادانان دادوەری) تیا جیاکراوەتەوە و لەسەر هەمان بنەما دەسەڵاتی دادوەری لە ساڵی(٢٠٠٧) لە هەرێم دوای دەرچوونی یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (٢٣ ساڵی ٢٠٠٧) جیابووە و لە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن واتە (وەزارەتی داد)وە بووە دەستەڵاتیکی سەربەخۆ و هەر بە گوێرەی یاسای ئاماژەپێکراو دەسەڵاتی دادوەری دەستی بە کارەکانی کرد هاوشێوەی دەسەڵاتی (جێبەجێکردنی و یاسادانان) و تاکو ئیستاش بەردەوامە لەکارەکانی بە بێ لایەنی و بە بێ دەستێوەردان لەو دوو دەسەڵاتەی ئاماژەپێکراو بە جۆرێك کەوا هەماهەنگیان پێکەوە هەیە لە ئەنجامدانی کارەکانی، هەروەها سەبارەت بە سەرۆکایەتی دادگانی تێهەڵچوونەوە کە ژماریان چوار سەرۆکایەتیە و سەربە ئەنجومەنی دادوەرین چ لە رووی کارگێری و دارایی وە هەروەها سەربەخۆن لە و بریارانەی کە دەری کەن بەپێ یاسا بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان.

بە هیچ شێوەیەك کارەکانی ئەنجومەنی دادوەری چ لەرووی دادوەریی چ لە رووی کارگێری و دارایی هێچ جیاکاریەك نییە بە هەموو جۆرەکانیەوە.

<u>پرۆسەی یەکلاییکردنەوەی کەیسەکان</u>

لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان تاوانبار و تۆمەتباران بەپێی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان مافیان هەیە بۆ نموونە دابینکردنی پارێزەر و لەم رووەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سێ ساڵی ڕابردوودا بڕی یەک ملیار و حەوت سەد ملیۆن دیناری تەرخان کردووە بۆ پارێزەران.

سەبارەت بە بابەتی درەنگ یەکلایی کردنەوەی کەیسەکان و دواکەوتنیان بە پێ ی یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی ژمارە (٢٣ ساڵی ١٩٧١) وە هەروەها یاسای دادبینی شارستانی ژمارە (٨٣ ساڵی١٩٦٩) هەموارکراو تێدا هاتووە و تأکیدی لە بوونی سقفی زەمنی داواکان دەکات بۆ یەکلایی کردنەوەی داواکان و دیاری کردووە کە نابێت ماوەکەی زیاتر لەشەش مانگ تێپەر بێت بەڵام دواکەوتن لە داواکانی سزایی کە لێکۆلینەوە تاکو ئێستاش لە لایەن بنکەکانی پۆلیس ئەنجام دەدرێت زۆر جار هۆکاری دواکەوتنی دەگەرێتەوە بۆ زۆری کێشەکان وە دابین نەکردنی مستلزماتی پێویست بۆ راپەراندنی کارەکان و کەمی دادوەر و فەرمانبەران کە چەندین ساڵە دامەزراندن راوەستاوە وە هەندێک جار دەگەرێتەوە بۆ لایەنی داواکار کە دەبێتە هۆی دواخستن و تاجیل کردنی دادبینەکان و ئەگەر سەیرێکی ئاماری ئەنجامدرا بکەین ئەبینین کە رێژەی نێوان (٧٥ % تاکو ٨٠%)

داواکان کە تۆمار دەکرێت لەماوەی ساڵێك یەکلایی دەکرێتەوە و ئە داوایانە کە وا دوادەکەون ڕێژەیان کەمە وە ناکرێت تعمیم بکرێت بەسەر هەموو داواکان .

هەڵوەشاندنەوەی ئەو ماددانەی کە جیاکاری بەرامبەر ئافرەت دەکەن

ماددەی ٣٧٧ لە یاسای سزادانی عێراقی هەڵپەسێردراوە. کار لەسەر هەڵپەساردنی ماددەی ٣٨٠ لە یاسای سزادانی عێراقی دەکرێت ( هەردوو ماددەکە جیاکاری لە دژی ئافرەت لە خۆدەگرن). ماددەی ٣٩٨ (هاوسەرگیری لاقەکار لەگەڵ قوربانییەکەی) لە یاساکە هەرواسا.

دادگاکانی کەتن لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٢١، ٥٨٥ داوا و لە ساڵی ٢٠٢٢، ٣٧٤ داواکارییان لەسەر توندوتیژی وەرگرتووە. سەبارەت بە گشت دادگاکانیش، ٢٢٠٤ حاڵەتی توندوتیژی لە ساڵی ٢٠٢١ و ١٦٢٧ حاڵەت لە ساڵی ٢٠٢٢ تۆمارکراون، و لەو دوو ساڵەدا ١٠ حاڵەتی کوشتن تۆمارکراون.

کەمئەندامان

گەرچی لە دەستووردا هاتووە کە دەوڵەت چاودێری ڕەوشی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەکات و لە هەرێم یاسای بەرکار هەیە (یاسای ژمارە ٢٢ی ٢٠١١)، بە گوێرەی پێویست باس لە فەراهەمکردنی چاودێری تەندروستی نەکراوەتەوە، لەوانەش دەستنیشانکردنی پێشوەختە بۆ منداڵ و جەوان و پیر بە یەکسانی، جەختکردنەوە لە گرنگی جێندەر لە کاتی چارەسەکردن، و پێدانی بیمەی تەندروستی و قەرەبووکردنەوەیان بە گوێرەی پێویست. سەبارەت بە یاسای ژمارەی ٢٢ (٢٠١١) و یاسای ژمارە ٨ (٢٠١٣) کە تایبەتە بە تەندروستی دەروونی، هەماهەنگییەک پێویستە لە نێوان وەزارەتەکانی تەندروستی و کار کاروباری کۆمەڵایەتی و پەروەردە، بە هاوکاری ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ ئەوەی ڕاسپاردەکان جێبەجێ ببن. بە دیاریکراوی، دەبێت یاسای ژمارە ٢٢ (٢٠١١) لەگەڵ ڕێککەوتننامەی پاراستنی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بگونجێندرێت. هاوکات، یاسای ژمارە ٢٢ (٢٠٢٠) بۆ دڵنیایی تەندروستی بۆ تەواوی چینەکانی کۆمەڵگە، لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە دەرچووە بەڵام هێشتا لە هەرێم یاسایەکی لەم جۆرە نییە، بۆیە پێشنیار دەکەین لە پەرلەمان بە یاسا ئەم یاسایەی عێراق پەسەند بکرێت یانیش یاسایەکی جیا دەربچێت.

هیچ جیاکارییەک بەرامبەر بە کەمئەندامان لە بەردەم یاسادا نییە. دەربارەی بەهێزکردنی بەشداری سیاسی و مەدەنی کەمئەندامان بەگوێرەی ڕاسپاردەی سێیەم، وەزارەتی کار ٤٠ خولی ڕاهێنان و ۆورکشۆپی لەمبارەیەوە ئەنجامداوە، بەڵام تا ئێستا ئەم مافانە بە تەواوت دەستەبەرنەکراون.

<u>دادوەران و ڕاهێنانی دادوەری</u>

لە ساڵی ٢٠٢١، ٤٦ دادوەر و ٦٧ دادوەر لە ساڵی ٢٠٢٢ خولی ڕاهێنانیان بۆ دابینکراوە لەلایەن ئاژانسەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی ئەوروپی و ئەمریکی. خولەکان لە بواری یاسایی، تیرۆر، سپیکردنەوەی پارە، شەفافیەت، ماددەی هۆشبەر، مافەکانی مرۆڤ، و توندوتیژی ئافرەتان، و بازرگانیکردن بە مرۆڤ بوونە. ڕاسپاردەی بیستویەکەم جێبەجێکراوە. وردەکاری لە ڕاسپاردەی پێنجەمی ئەم بەشە خراوەتەڕوو .

دەربارەی دامەزراندنی دادوەر کە دوای دەرچوونی یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (٢٣ ساڵی ٢٠٠٧) کە تیایدا ئاماژە بە چونیەتی دامەزراندنی دادوەران لە دادگاکان کراوە و تیایدا باس لە چەند مەرجێك کراوە کە پێویستە لەو کەسانە بەدی بێت کە داوای دامەزراندنی (دادوەر) دەکەی و هەر بەپێ ی یاسای ژمارە (٧ ساڵی ٢٠٠٩) یاسای پەیمانگای دادوەری هەرێم تیدا هاتووە کە چون دادوەر دادەمەزرێت و ئەویش دوای وەرگرتنی لە پەیمانگای دادوەری هەڵدەسێت بە خوێندن بۆ ماوەی دوو ساڵ لەسەر ئەو بەباتەنەی کە پەیوەستن بە ئیش و کارەکانی دادوەر لە رووی ئەکادیمی و عملی و دوای دەرچوونیان لە تاقیکردنەوەکان و دواتر بە پێ ی پێویستی دادگاکان دادەمەزرێن. لە دادگاکانی تێهەڵچوونەوەی هەرێم (٢٣٢) دادوەر کار دەکەن کە (٤٨) یان ئافرەتن.

<u>پرسی دەستپاکیی دادوەری</u>

دوای دەرچوونی یاسای دەستەی دەسپاکی ژمارە ( ٢٣ی ساڵی٢٠١١)ی هەموارکراو دەسەلاتی دادوەری هەلسا بە استحداث کردنی دادگای لێکۆلینەوەی دەستپاکی کە بەردەوام بووە لە بینینی ئەو داوایانەی کە تۆمار کراون لە لایان و دوای تەواوکردنی لێکۆلینەوە بریاری لێدراوە بە رەوانە کردنی کەیسەکان بۆ دادگای کەتن و تاوان و ئەوەی بەلگەی تیدا کەم بووە داخراوە وە بریاریش دەرچووە بە ئیدانە کردن و حوکم کردن و سزادانی ئەو کەسانەی کەوا تۆمەتەکەیان بەسەردا ساغ بوویتەوە. بەڵام کەیسەکان بەپێی جۆری گەندەڵی پۆلێن ناکرێن.